

سەرنووسەر

E-mail: mariwanrasheed@yahoo.com




زانستی كۆمپیوتەر و بەرنامە كۆمپیوتەری یەكان ڕۆڵێكی گەورە دەگێڕن لەبواری زانست و تەكنۆلۆجیادا، نەك تەنها ئەوە بەڵكو خزمەت گوزاری گرنگ پێشكەش بە مرۆڤ دەكەن، بەرنامە كۆمپیوتەرییەكان لەفەرمانگەو خوێندنگا و كارگەو هەموو دامەزراوەكانی تردا كار ئاسانی زۆریان بۆ ئەنجام داوین .....كاتێكیش باس لە زانستەكانی فیزیاو گەردوون و ئەندازەو پزیشكی و هەموو ئەوانی تر دەكەین ڕۆڵی گرنگی كۆمپیوتەر لەبەر چاوە لە دۆزینەوەو پشكنینی زۆرێك لە بابەتە ئاڵۆزەكان و شاراوەكانی ئەم زانستانە .

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە باسی بكەین تەكنیكی هاوشێوەبوون (محاكاة) (Simulation)ە كە بەهۆیەوە توانراوە تا ڕادەیەكی باش نموونەو هاوشێوەی دیاردەكان ببینین و قسەی لەسەر بكەین .......... زۆر بەكورتی هاوشێوەبوون خۆی لەخۆیدا دروستكردن یان پیشاندانی نمونەیەكە لە دیاردەیەك یان بارستەیەك كە دەمانەوێت دراسەی بكەین بەهۆی كۆمپیوتەرەوە ........لە كارگەكانی دروست كردنی ئۆتۆمۆبیلدا دە توانین نمونەی گونجاوو هاوشێوەی ئەوەی مەبەستمانە بەهۆی ئەم تەكنیكەوە دروستی بكەین و بیخەینە سەر شاشەو خێرایی و ڕێ ڕۆیشتن و سیفەتەكانی لەكاتی ئیشكردندا بەتەواوی ببینین و ئینجا بڕیار بدەین لەسەر پەسەند كردنی كارەكەمان .......ئەمە بۆ هەموو بوارەكانی تریش ڕاستە .

یەك لەو بوارانەی زانست كە تەكنیكی هاوشێوە بوونی تیادا بەكاردەهێنرێ بواری گەردوونزانیە بەتایبەت لێكۆڵینەوە لەسەر شێوەو شێوازی دروستبوونی تەنە گەردوونیەكانی وەك ئەستێرەو گەلە ستێرەكان و بەهۆی ئەمانیشەوە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەگەردوون و دیاردەكانی .

لەناوەڕاستی نەوەدەكانی سەدەی پێشوو بەهۆی سوپەر كۆمپیوتەرەكانەوە توانراوە تا ڕادەیەكی باش زۆر سیفەتی ئەم تەنانە بەهۆی هاوشێوە بوونەوە ڕوونبكرێتەوە .

كاتێك بەم تەكنیكە نموونەی دروستبوونی گەلەئەستێرەیەك جێ بەجێ دەكرێت ئەستێرەكانی ئەو گەلەستێرە وەك خاڵێك مامەڵە دەكرێت كە لەڕاستیدا بارستاییان دە ملیار هێندی بارستایی خۆر زیاترە و ژمارەیان بەو بارستاییە یە وە لە هەندێك گەلەستێرەدا سەدان ملیارزیاترە و لەكردارێكی بەو جۆرە دا بۆ زانینی هەندێك لەشاراوەكانی تەنها گەلە ستێرەیەك دەیان و ملیۆن و بگرە زیاتریش خاڵ دەخرێتە بەرنامەكەوە و یاساكانی هێزی كێش كردنی گشتی و هەندێك یاسای تری بەسەردا دەسەپێنرێ و ئەم كارەش ئەمەندە ئاڵۆزە كە تەنانەت سوپەر كۆمپیوتەرەكانیش چەند هەفتەیەكیان پێ دەچێت تا جێ بەجێی دەكەن ....

ئەوەی باسكرا تەناها بۆ گەلەستێرەیەك و زانایان ژمارەی گەلەستێرە كانیش بەسەدان ملیار گەلەستێرە لە قەڵەم دەدەن و تەكنیكی هاوشێوە بوونی ژمارەیەكی زۆریش لە گەلەستێرەكان بە ئەنجام گەیەندراوە و هەندێك لەسیفەتەكانی گەردوونی لە مێژویەكی دوورەوە بۆ ڕوونكردوینەتەوە ...

یەك لەو ڕونكردنەوانە ئەوەیە كەمێژوویەك بۆ دروستبوونی گەردوون تۆمار دەكات كە لە هەندێكیاندا دەگاتە چواردە یان پانزە ملیار ساڵ لەمەوبەر و لەو كاتەشەوە گەردوون فراوان دەبێت و شێوازێكی چڕی لە گەلە ستێرەكان دروستكردووە و ڕایەڵی وەك ڕایەڵی جاڵجاڵۆكەی لێ هاتۆتە كایەوە ....

لە تەكنیكی هاوشێوە بوونەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كە گەردوون چەند ئاڵۆزو سیفاتە گەردونیەكان كە بەشێكی زۆر كەمی بەهۆی ئەم تەكنیكەوە دەتوانین دراسە بكەین زۆر لەوە مەزنترە كە پێشتر دەمانزانی . گەردونێكی فراوان و ئاڵۆزی بەم جۆرە كە بە یاسایەكی گشتگیر و ڕێك و پێك هاتۆتە بوون و بەڕێوە دەچێت تەنها لەتوانای پەروەردگاری مەزندایە كارێكی مەزنی بەم جۆرە بە ئەنجام بگەیەنێت ﴿وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الْحُبُكِ﴾ الذاريات /٧ .



# نهێنییەکانی دەریا لە قورئاندا


ئامادەکردنی : ئەندازیار خالد حسن علی

khalidbarznjy@yahoo.com







## بەشی پێنجەم:

### جۆرە جیاوازەکانی باو شه‌پۆلی سەر ڕووی دەریاکان

لێکۆڵینەوە لە جۆرە جیاوازەکانی شەپۆلی سەرڕووی دەریاکان کارێکی وا سادەو ساکار نییە، کە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) توانرابێت جۆرەکانی لێك جیابکرێتەوە، نەك لەو سەردەمەدا بەڵکو لە دوای ئەوەش بەچەندین سەدە، هەتا سەدەی نۆزدەهەم نەهات ئادەمیزاد نەیتوانی خشتەیەکی زانستی بۆ جۆرە جیاوازەکانی شەپۆلەکانی دەریا دروست بکات. هەتا زانا ( فرانسیس بیوفۆرت Francise Beaufort) لە ساڵی (١٨٠٦) ز دا، خشتەیەکی داهێنا بۆ جۆرە جیاوازەکانی باو شەپۆلی سەر ڕووی دەریاکان بەناوی ( پێوەری بیوفۆرت Beaufort scale)، پاشان زانایانی دی دوای ئەم هاتن چەندین چاککاریان لە خشتەکەی بیوفورت کرد، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی ورد هەموو زاناکانی دەریا ڕێککەوتن لەسەر دانانی (١٢) نمرە بۆ باکانی سەر ڕووی دەریاکان ، وە ئەو خشتەیەیان بە هەموو جیهاندا بلاّو کردەوە کە لەسەری بڕۆن و بەهۆی ئەو خشتەیەوە کەشتیوانەکان خۆیان لە مەترسی دەریا بپارێزن، کاتێك ئاگادار دەکرێنەوە کە نمرەی باکە ئەوەندەیە ئیتر دەزانن ئەو بایە چ کاریگەریەکی بۆیان هەیە تا خۆیانی لێ بپارێزن، لە بنەڕەتدا خشتەکە لە چەند بەشێك پێکدێت کە ئەمانەن:



١- هێزی باکان، ٢- خێرایی باکان، ٣- کاریگەری لەسەر دەریاکە.

| BEAU-FORT NO. | KNOTS | DESCRIP-TIVE TERMS | EFFECT AT SEA | APPROX EQUIVALENT SEA DISTURBANCE SCALE IN OPEN SEA | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | CODE FIG | DESCRIP-TION | MEAN HT OF WAVES IN FEET |
| 0 | Less than 1 | Calm | Sea like a mirror. Smoke rises vertically. | 0 | Calm (glassy) | 1/2 |
| 1 | 1-3 | Light air | Ripples with the appearance of scales are formed but without foam crests. Smoke drifts from stack. | 1 | Calm (rippled) | 1/2 |
| 2 | 4-6 | Light breeze | Small wavelets, still short but more pronounced; crests have a glassy appearance and do not break. Wind felt on face. | 1 | | 1 |
| 3 | 7-10 | Gentle breeze | Large wavelets. Crests begin to break. Foam of glassy appearance. Perhaps scattered whitecaps. Wind extends light flag. | 2 | Smooth (wavelets) | 2 1/2 |
| 4 | 11-16 | Moderate breeze | Small waves, becoming longer; fairly frequent whitecaps. Wind raises dust, loose paper. | 3 | Slight | 5 |
| 5 | 17-21 | Fresh breeze | Moderate waves, taking a more pronounced long form; many whitecaps are formed (chance of some spray). Flag waves and snaps briskly. | 4 | Moderate | 9 |
| 6 | 22-27 | Strong breeze | Large waves begin to form; the white foam crests are more extensive everywhere (probably some spray). Whistling in rigging. | 5 | Rough | 14 |
| 7 | 28-33 | Moderate gale | Sea heaps up and white foam from breaking waves begins to be blown in streaks along the direction of the wind. (Spray begins to be seen.) Inconvenient to walk into wind. | 6 | Very rough | 19 |
| 8 | 34-40 | Fresh gale | Moderately high waves of greater length; edges of crests break into spray. The foam is blown in well-marked streaks along the direction of the wind. Difficult to walk into wind. | 7 | High | 25 |
| 9 | 41-47 | Strong gale | High waves. Dense streaks of foam along the direction of wind. Sea begins to roll. Spray may affect visibility. | 7 | | 31 |
| 10 | 48-55 | Whole gale | Very high waves with long overhanging crests. The resulting foam in great patches is blown in dense white streaks along the direction of the wind. On the whole, the surface of the sea takes a white appearance. The rolling of the sea becomes heavy and shocklike. Visibility is affected. | 8 | Very high | 37 |
| 11 | 56-63 | Storm | Exceptionally high waves. (Small and medium-sized ships might be for a long time lost to view behind waves.) The sea is completely covered with long white patches of foam lying along the direction of the wind. Everywhere the edges of the wave crests are blown in froth. Visibility affected. | 9 | Phenomenal | 45 or more |
| 12 | Above 64 | Hurricane | The air is filled with foam and spray. Sea completely white with driving spray; visibility very seriously affected. | 9 | | |

دابەشكردنی خشتەكە لە نمرە (سفر)ەوە دەست پێدەكات، كە (نمرە) سفر حاڵەتی سكونی و وەستاوی جوڵەی دەریاكان دەگەیەنێت واتە باكە لە جووڵە كەوتووەو وەستاوە، هیچ جۆرە بایەك نەستوونی نە ئاسۆیی لەم نمرەیەدا نییە، بەگشتی خشتەكە دابەش دەكرێت بە (٤) كۆمەڵە با، وەهەریەك لەو كۆمەڵانە بەشی دییان لێدەبێتەوە، كە ئەمانەن:

١- نمرە (سفر) كە با وەستاوە لێرەدا ( Calm)

واتە: الهدوء.

٢- كۆمەڵەی شنە باكان (breeze group) واتە: مجموعة النسيم.

٣- كۆمەڵەی گەردەلوولە باكان (Gale group)

واتە: مجموعة العاصفة.

٤- بای لەناوبەر (hurricane) واتە: الاعصار.

ئەوەی كە لێرەدا گرنگە باسی بكەین ئەوەیە كە قورئانی پیرۆز لەچەند ئایەتێكدا لە شوێنی جیاوازدا باسی لەچەند جۆرە بایەكی سەر ڕووی دەریا كردووە، ئەگەر بێین ئەو ئایەتانە كۆبكەینەوە وە بیانـدەین لەیەك دەبینین سەد لەسەد ئەو خشتەیەمان دەداتێ كە زاناكانی جیهان لەسەری ڕێكەوتوون وە ئاماژە بەهەر چوار بەشە سەرەكییەكەی باكان دەكات، كە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە هەرچی (با) هەیەو تووشی دەریاكان دەبێت لە هەموو جیهاندا لەم دابەشكردنە تێپەڕناكات، جا بزانین ئەو ئایەتە قورئانیانە كامانەن كە ئەو ئاماژانەی تێدایە و بەراوردێكی بكەین بەخشتە زانستیەكەی بیوفورت كە باكانی دابەشكردووە بە چوار جۆرەوە وە ئەو حاڵەتەی كە بەسەر دەریاكەدا دێت لەهەر جۆرێكیاندا چین سەرەتا لە جۆری یەكەمدا خوای گەورە دەفەرموێت لە ئایەتی (٣٣) سورەتی الاسراء ﴿إِن يَشَأْ يُسْكِنِ الرِّيحَ فَيَظْلَلْنَ رَوَاكِدَ عَلَى ظَهْرِهِ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ﴾ واتە: گەر خوای گەورە ویستی بێت باكان ئارام دەكات، ئەو كاتەش كە بایەكە وەستابوو ئێوەش لەسەر دەریاكە بەوەستاوی دەمێننەوە، لە جۆری دووەمی باكاندا كە كۆمەڵەی شنە باكانە قورئانی پیرۆز لە ئایەتی (٢٢) سورەتی یونس دەفەرموێت: ﴿حَتَّى إِذَا كُنتُمْ فِي الْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِم بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ وَفَرِحُوا بِهَا﴾واتە: كاتێك ئێوە لە كەشتیدا دەبن وە بایەكی خۆش هەڵدەكات و دڵخۆش دەبن پێی.

كەواتە ئەو حاڵەتەی كە بەم جۆرە بایە پێشكەش دەكات دڵخۆشییە بۆ خەڵكی سەر كەشتییەكە وە هیچ زیانێك ناخاتەوە .

لە جۆری سێیەمی باكاندا كە بریتییە لە كۆمەڵەی گەردەلوولە باكانە خوای گەورە ڕاستەو خۆ لە دوای جۆری دووەم هەر لەو ئایەتەدا جۆری سێهەم دێنێت كە دەفەرموێت: ﴿جَاءَتْهَا رِيحٌ عَاصِفٌ﴾ واتە: كاتێك كە لە كەشتیەكەدان لە دوای شنە با، بایەكی دیكەتان بۆ هات بەناوی بای گەردەلوول، تایبەتمەندی ئەم جۆرە بایە ئەوەیە كە كاتێك بایەكی گەردەلوول درووست دەبێت لەسەر ڕووی دەریاكە، لەو شوێنەدا گەردەلوولەكە ئاستی ئاوەكە نزم دەكاتەوە، واتە چاڵایی‌یەكی گەورە لە ئاوەكەدا دروست دەكات، بۆیە گەر ئەو گەردەلوولە بدات لە كەشتییەك ئاستی كەشتی‌یەكە نزم دەبێتەوە بەڵام دەوروبەری كەشتی‌یەكە بەرزدەبێتەوە، دیارە ئەو چاڵاییەش كە لەشوێنی كەشتی‌یەكەدا دروست بووە پاش ماوەیەك كاریگەری گەردەلوولەكە كەم بووە، ئاوەكانی دەوروبەر هەوڵی پڕكردنەوەی چاڵاییەكە دەدەن كە كەشتیەكەی تێدایە، بۆیە ئاو لە هەموو لایەكەوە شەپۆل دەهێنێت بۆ كەشتییەكە.

ئەوەی جێگای سەرنجە لێرەدا ئەوەیە كە قورئانی پیرۆزیش دوای ئەوەی كە فەرمووی:﴿ جَاءَتْهَا رِيحٌ عَاصِفٌ﴾ پاشان دەفەرموێت: ﴿وَجَاءَهُمُ الْمَوْجُ مِن كُلِّ مَكَانٍ﴾ واتە: لە دوای ئەوەی بای گەردەلوولاوی هات شەپۆل لە هەموو لایەكەوە دێت بۆكەشتیەكە، لەڕاستیدا بەستنەوەی بای (گەردەلوول)ی سەڕووی دەریاكان بە هاتنی شەپۆل لە هەموو لایەكەوە

پێویستی بە زانستێکی وورد هەیە، چونکە ئەوەی کە هەر لە کۆنەوە خەڵکی دەربارەی ئاڕاستەی شەپۆل زانیویەتی ئەوەیە کە بینیویانە شەپۆل هەمیشە بەئاڕاستەیەکدا دەڕوات بەتایبەتی لە دەریاکانەوە بەرەو کەنارەکانی دێن. گەر تێبینی بکەین لە حاڵەتی یەکەم و دووەمدا باسی ئەم جۆرە شەپۆلە ناکات چونکە، هاتنی شەپۆل لە هەموو لایەکەوە تەنها تایبەتە بە گەردەلوولە باوە (ریح عاصف) ، لە کاتی هاتنی ئەم شەپۆلەدا خەڵکی ناو کەشتییەکە ترسێکی زۆریان لێ دەنیشێت چونکە کەشتییەکەیان ئاستی نزم بۆتەوە، وە شەپۆل هەموو لایەکەوە لە بەرزاییە ئاویەکانی دەوروبەریانەوە شەپۆلی بەهێز دێت، ئیتر گومانیان نامێنێت کە دەوریان گیراوە بۆیە بە دڵسۆزیەوە هاوار بۆ خوا دەبەن وەك ئایەتەکە دەفەرموێت: ﴿وَظَنُّواْ أَنَّهُمْ أُحِيطَ بِهِمْ دَعَوُاْ اللّهَ مُخْلِصِينَ﴾ واتە: دڵنیا دەبن کە شەپۆل دەوری گرتوون بۆیە بەدڵسۆزییەوە دەپاڕێنەوە لە خوا، دەڵێن: ﴿لَئِنْ أَنجَيْتَنَا مِنْ هَـذِهِ لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ، فَلَمَّا أَنجَاهُمْ إِذَا هُمْ يَبْغُونَ فِي الأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ﴾ واتە: ئەگەر خوایە لەم مەترسییە ڕزگارمان بکەیت دەبینە سوپاسگوزاری تۆ، بەڵام کاتێك خوای گەورە ڕزگاریان دەکات، دەکەونەوە گوناهکردن.



وە لەبەر توندی شەپۆلەکەی کەفێکی زۆر سەرانسەر ڕووی شەپۆلەکە دەگرێتەوە و لەیەك شەپۆلی گەورەدا شەپۆلی وورد وورد دروست دەبن لەبەر سپێتیان و کەفەکەیان وەك کۆمەڵە هەورێك دەردەکەون هەروەك خوای گەورە وێنەی ئەم شەپۆلەمان بۆ دەگرێت و دەفەرموێت لە ئایەتی(٣٢) سورەتی(لقمان): ﴿وَإِذَا غَشِيَهُم مَّوْجٌ كَالظُّلَلِ﴾ واتە: کاتێك شەپۆلێك دێت بۆیان لە شێوەی کۆمەڵە هەورێکدا، گەرتێبینی بکەین ( موج) (مفرد)ە واتە تاکە شەپۆلێکە، بەڵام(ظلل) کۆی هەورە واتە، تەنها شەپۆلێك شێوەی کۆمەڵە هەورێك دەدات.

خوای گەورە ئەو کەسانەی کە دەگەڕێنەوە سەر تاوان و بێ باوەڕی، هەڕەشەیان لێدەکات بەجۆرێکی توندتر و بەهێزتر لە شەپۆل، بەجۆرێك کە ئەمجارەیان ڕزگاریان نابێت ئەگەر بشپاڕێنەوە، بۆیە لەم ئایەتەوە ئەو زانستە فێر دەبین کە شەپۆلی بەهێزتر هەیە لە شەپۆلی جۆری سێیەم کە لەئەنجامی گەردەلوولە باوە دروست دەبێت ئەمەش ئەو شەپۆلەیە کە لە خشتەکەی (بیوفۆرت) دا هاتووە لە نمرەی (١١و١٢)دا کە پێی دەورترێت(بای لەناوبەر) وەلەم حاڵەدا شەپۆلەکان زۆربەرزدەبنەوە بۆ(١٥)م بۆیە هەرچەندە کەشتیەکان گەورەبن، شەپۆلەکان کەشتیەکان تێك و پێك دەشکێنن و خەڵکی ناوکەشتیەکە نوقمی ئاوەکە دەکەن، خوای گەورە ئەم جۆرە بایە لە دوای جۆری سێیەم باس دەکات لە ئایەتی (٦٩) سورەتی( الاسراء)دا وەك دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا مَسَّكُمُ الْضُّرُّ فِي الْبَحْرِ ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلاَّ إِيَّاهُ فَلَمَّا نَجَّاكُمْ إِلَى الْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ﴾ واتە: گەر لە دەریادا تووشی زەرەر هاتن و تەنیا داوا لە خوای

گەورە دەکەن کە ڕزگاریان بکات، کاتێك ڕزگاریان دەکات و ئەگەنەوە وشکانی، پشت لەبەرنامەی خوا دەکەنەوە، ئەمە جۆری سێیەم بوو پاشان دەفەرموێت: ﴿أَفَأَمِنتُمْ أَن يَخْسِفَ بِكُمْ جَانِبَ الْبَرِّ﴾ واتە: ئایا ئێوە ئەمینن لەوەی کە لەکەناری دەریاکەدا کەگەشتنەوە وشکانی ڕۆتان چێنێت بەزەویدا، ئەمە هەڕەشەیەکە بەڕۆچوونی زەوی لە کەناری دەریاکاندا، کە لەمێژوودا زۆرجار ئەم دیاردەیە ڕووی داوە، وەزۆرترین شوێن ئەگەری ڕۆچوونی هەبێت لەزەویدا کەناری دەریاکانە،




پاشان دەفەرموێت: ﴿أَوْ يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِباً﴾ واتە: ئەی ئەمینن لەوەی کە لەئاسمانەوە (بەرد) داباریێنێت بەسەرتاندا، زاناکان دەڵێن ڕۆژانە هەزارەها بەرد لە شێوەی نەیزەکدا بەرەو ڕووی زەوی دێن، بەڵام لەبەر بوونی بەرگە هەوای زەوی ئەو بەردانە ناگەنە زەوی و نامێنن، بەڵام جاری وا هەیە ئەو بەردانە خۆیان دەگەیەننە زەوی و دەکێشن بەزەویدا، ڕووداوی لەو جۆرەش لە مێژوودا زۆرە.

پاشان ئایەتەکە دەفەرموێت: ﴿أَمْ أَمِنتُمْ أَن يُعِيدَكُمْ فِيهِ تَارَةً أُخْرَى فَيُرْسِلَ عَلَيْكُمْ قَاصِفا مِّنَ الرِّيحِ﴾ واتە: ئایا ئەمینن کە جارێکی دی بتانگێڕێتەوە بۆ ناو دەریاکەو، ئەمجارە بایەکی لەناوبەرتان بۆ بنێرێت، ( فيغرقكم) وە نوقمی ئاوەکەتان بکات، واتە لەم حاڵەتەدا ڕزگاربوون نییە، وەك لە خشتەکەدا هاتووە، هیچ کەشتیەك لەبەردەمیدا ڕزگاری نابێت، چونکە شەپۆلەکان لێرەدا (٢٩)م لە چرکەیەکدا دەبڕن، وەك لە وێنەی(٤)دا دیارە. وە وێنەی (٥).




لە کۆتایی باسەکانی نهێنی دەریاکاندا دەڵێین، هەموو ئەو نهێنیانە کە بەچەندین سەدە ئادەمیزاد بەهۆی تەکنەلۆجیای نوێوە پێی گەیشتوە بۆ (محمد) (ﷺ) ئاسان نەبووە هەر لە خۆیەوە بیزانێت- نەك بۆ ئەو بۆ هەموو سەردەمەکانی ئەو کاتە وە لە دوای ئەویش بەچەندین سەدە – کە ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت ئەو زانیارییانە لە زانایەکی ئاگادار بە هەموو نهێنییەکانی ئاسمان و زەوی بە (محمد)ی فەرمووە: ﴿قُلْ أَنزَلَهُ الَّذِي يَعْلَمُ السِّرَّ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾.

**سەرچاوە:** پێگەی زانکۆی ئیمان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت (www.jameataleman.org)، لەگەڵ چەند پێگەیەکی تر.

# ڕەنگەکان لە قورئانی پیرۆزدا



جەمال موحەمەد ئەمین
jamalmhammad@yahoo.com

**ڕەنگ چییە ؟** ڕەنگ کاریگەرییەکی فیزیۆلۆجیە کە دەکەوێتە سەر تۆڕەی چاو ئیتر ئەو کاریگەرییە لە ئەنجامی بۆیەیەکی ڕەنگدارەوە بێت یان لە ئەنجامی ڕووناکیەکی ڕەنگدارەوە بێت ، واتە ڕەنگ هەست پێکردنێکە و هیچ بوونێکی نیە لە دەرەوەی کۆئەندامی دەماری زیندەوەران ، بەلام وێنەگران و ئەوانەی لە بواری بۆیاغچێتی و چاپخانەکاندا کار دەکەن مەبەستیان لە ڕەنگ ئەو ماددانەیە کە بەکاریان دەهێنن بۆ ڕەنگ کردن .

هەرچی فیزیازاناکانیشە مەبەستیان لە ڕەنگ بەرهەمی شیتەڵ بوونی ڕووناکی سپیە ( شەبەنگی خۆر ) بۆ ڕەنگەکانی یان ئەوان مەبەستیان درێژە شەپۆلی ڕووناکیەکانە و لە ڕاستیشدا ماددەی ڕەنگداری بۆیاخی و ڕووناکی ڕەنگداریش هەیە ،




فیزیازانەکانیش ڕەنگیان بەهۆی سێ بەڵگەی سروشتیەوە دیاری کردووە کە ئەمانەن :

١/ درێژی شەپۆل : دەتوانرێت تیشکدانی خۆر بەهۆی ئاوێزەیەکەوە شیتەڵ بکرێت بۆ ڕەنگەکانی شەبەنگی خۆر کە هەر یەکەیان درێژی شەپۆلی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەو ڕەنگانەش لە درێژترین درێژە شەپۆلیانەوە بۆ کورتترینیان ئەمانەن ( سور ، پرتەقاڵی ، زەرد ، سەوز ، شین ، نیللی ، بنەوشەیی ) و تیشکدانی دیکەی خۆر کە نەبینراون ، وەك تیشکی خوار سور و سەرو بنەوشەیی .

٢ / پوختەیی ڕەنگەکە : واتە ڕێژەی ئەو ڕەنگە و بڕی سپی تیایدا .

٣ / کۆلکەی بێگەردی ڕەنگەکە : واتە بڕی ڕووناکی گواستراوە یان دراوە لەو ڕەنگەوە بە جۆرێك کە چاوەکانمان هەست بەو حەوت ڕەنگەی شەبەنگی خۆر بکات بە باشی .

**هەستکردن بەڕەنگ :** ئێمە ناتوانین هەست بە شتە ڕەنگاوڕەنگەکان بکەین بەهۆی ئەو ڕووناکیەوە نەبێت کە دەکەوێتە سەری و دەدرێتەوە خۆ ئەگەر ڕووناکیەکی بەهێز کەوتە سەر ئەو تەنە ڕەنگدارە ئەوا ڕەنگەکە بە تۆخی دەردەکەوێت و بە پێچەوانەشەوە .

زانا نیوتن ئەوەی سەلماند کە ڕووناکی بنەڕەتی ڕەنگەکانە چونکە دەتوانرێت ڕووناکی سپی شیتەڵ بکرێت بۆ ڕەنگەکانی بەهۆی ئاوێزەیەکەوە و بە پێچەوانەشەوە بەهۆی دوو ئاوێزەوە کە بە پێچەوانەی

یەکترەوە دابنرێن ،لەبەر ئەوە هەرکات ڕووناکی هەبێت ڕەنگیش دەبێت ،بۆیە سروشتی ڕووناکیەکە کار لە سروشتی ڕەنگەکەش دەکات ، لەبەر ئەوەیە دەبینین ڕەنگێك لە ژێر ڕووناکیەکی دەستکرددا جیاوازە لەوەی کە ئەو ڕەنگە لە ژێر ڕووناکی خۆردا بێت .

**چۆن تەنەکان ڕەنگدار دەردەکەون ؟**

هەر تەنێك ڕووناکیەکی بکەوێتە سەر ئەوا بەشێکی دەمژێت و بەشێکی دیکەی دەداتەوە و ڕەنگی ئەو تەنەش ئەو ڕووناکیەیە کە دەدرێتەوە ، بۆ نمونە کراسێکی سور هەموو تیشکدانەکانی ڕووناکی دەمژێت و تەنها تیشکدانی سور دەداتەوە بۆیە سور دەداتەوە .

چاوی مرۆڤ هەستیاریەکی زۆری هەیە بەتایبەتی بۆ ڕەنگی سەوز و ئەو هەستیاریەش کەم دەکات لە کۆتایی هەردوو ڕەنگی سور و بنەوشەیی ، بەڵام هەرچۆنێك بێت چاوی مرۆڤ توانای جیاکردنەوەی ٢٠٠ تا ٢٥٠ ڕەنگی هەیە .

زاناکان وایان داناوە کە سێ جۆرە کۆتاییە دەمار هەیە لە تۆڕەی چاودا بۆ هەستکردن بە ڕەنگەکان کە ئەمانەن : ١ / ئەوکۆمەڵەیەی کە هەستیارن بۆ ئەو ڕەنگانەی درێژی شەپۆلەکانیان زۆرە وەك ڕەنگی سور . ٢ / ئەو کۆمەڵەی کە هەستیارن بەو ڕەنگانەی کە درێژی شەپۆلەکانیان مامناوەندین وەك ڕەنگی سەوز . ٣ / ئەو کۆمەڵە دەمارەی کە هەستیارن بەو ڕەنگانەی کە درێژی شەپۆلەکانیان کورتن وەك ڕەنگی نیللی و بنەوشەیی .

هەر ڕەنگێك لە ڕەنگەکان کۆمەڵێك لەو دەمارە کۆتاییانە دەوروژێنێت خۆ ئەگەر هەر سێکیان پێکەوە ورووژان ئەوا چاو هەست بە ڕووناکی سپی دەکات، خۆ ئەگەر هیچیان نەورووژان ئەوا ڕەنگەکان ڕەش دەبن .هەندێك کەسیش بە هیچ جۆرێك هەست بە ڕەنگەکان ناکەن ئەوانە تووشی‌نەخۆشی ڕەنگ کوێی بوون کە بەهیچ جۆرێك چارەسەری نییە .

دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە لە تاریکیدا هەستکردن بە ڕەنگەکان نامێنێت و لە ڕووناکی کەمدا ئەو هەستکردنە کەم دەبێت بە تایبەتی بۆ هەردوو ڕەنگی سور و سەوز .

## ڕەنگەکان لە قورئاندا :

لەگەڵ ئەوەشدا کە خوای گەورە هەموو شتەکانی لە پێناو و لە خزمەتی مرۆڤدا دروستکردووە ، لایەنی جوانی ئەو شتانەشی فەرامۆش نەکردووە و مەبەستیەتی کە بە سەیرکردنیان دڵ وچاوی مرۆڤەکان ئاسودە و ڕوون بکات بۆیە یەکێك لە تابلۆ جوانەکانی ئەم گەردوونە ڕەنگاوڕەنگێتی و ڕەنگەکانە .

یەکێك لەو ئایەتانەی کە جوانی ئەم گەردوونەمان بیر دەخاتەوە ئەوەیە کە باس لەو تابلۆ جوانەی ڕێگاو بانەکان دەکات لە ناوچە شاخاویەکاندا کە ڕەنگەکانی وەك سپی و سور بەرجەستە دەبن لەو ناوچە شاخاویانەدا وەك دەفەروێت :﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ ثَمَرَاتٍ مُّخْتَلِفاً أَلْوَانُهَا وَمِنَ الْجِبَالِ جُدَدٌ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ﴾ ( فاطر: ٢٧) . ووشەی ( الجدد) بەمانای ڕێگا دێت و تاکەکەی ( الجدة)یە ، (الغرابیب السود ) بەمانای زنجیرە شاخی ڕەش دێت ، کاتێك چاو دەگێڕین لە زنجیرە شاخی ڕەشەوە بەرەو ڕەنگاو ڕەنگی‌شاخ و چیاکان یان بە پێچەوانەوە ئەو کاتە هەست بە بەرامبەریەك دەکەین کە لەوەشەوە خۆشی و ئاسودەیمان پێدەگات ، ئایەتەکە تەنها ئاماژە بە ڕەنگی سپی و سور و ڕەش دەدات بەڵام هەموو ڕەنگەکانی دی لە دەستەواژەی ( مختلف الوانها )دا کۆ دەکاتەوە کە ئەویش لە جۆراو جۆری وڕەنگە جیاوازەکانی بەردەکاندا وەدەردەکەوێت ، ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە ڕەنگی سور یەکێکە لە ڕەنگە بنەڕەتیەکان و ڕەنگی سپیش کۆکراوەی هەموو ڕەنگەکانە .

لە تابلۆیەکی دیکەدا قورئان باس لە ڕەنگە جیاوازەکان دەکات لە ئاژاڵ و مەڕو ماڵاتەکاندا وەك دەفەرموێت : ﴿ وَلَكُمْ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسْرَحُونَ ﴾ (النحل:٦) یان باس لە ڕەنگاو ڕەنگی دروستکراوانی خوا دەکات بە گشتی : ﴿ وَمِنَ النَّاسِ وَالدَّوَابِّ وَالْأَنْعَامِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ كَذَلِكَ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ﴾ (فاطر:٢٨)

لە ئایەتەکەدا باس لە هەموو ڕەنگە جیاوازەکان دەکات لە هەموو دروستکراوەکاندا خەلکی و گیاندارانی دڕندە و مەڕوماڵاتیش ئینجا ووشەی ( كذلك ) ی بەکارهێناوە تا پێمان بڵێت واتێنەگەن کە ڕەنگاو ڕەنگی هەر لە چیاکاندا بوونیان هەیە بەڵکو دڕندە و ئاژاڵ و مەڕوماڵاتیش دەگرێتەوە ، هەروەها ووشەی ( الدواب ) ی پێش ( الانعام ) خستووە چونگە مرۆڤ کەمتر گیاندارانی دڕندە کە لە ناوچە شاخاویەکان ودارستانەکاندا دەژین دەبینێت بەلام مەڕو ماڵات بەردەوام لە بەر چاودان واتە بزانن کە لەو دڕندە و گیاندارە کێویانەشدا ڕەگەزی جوانی و ڕەنگاو ڕەنگی هەیە .

لە تابلۆیەکی دیکەی قەشەنگدا خوای گەورە باس لە ڕەنگی سەوز دەکات لە نێو هەموو ڕەنگە جیاوازەکانی دیکەدا کە ڕۆژانە خۆیان نومایش دەکەن لە سەر تەختەی شانۆی ژیان بەلام ڕەنگی سەوز ئەو ڕەنگەیە کە خۆشی جوانی و ئاسودەییەکی بێوێنە دەبەخشێت بە دڵ و دەروونی مرۆڤەکان ، بەردەوام ڕووبەرێکی فراوانی ئەم سەرزەویە خۆی دەڕازێنێتەوە بەو ڕەنگە دڵڕفێنە ، با سەرتج بدەین و بزانین چۆن دەبوو ئەگەر هەموو چیاکان و دەشتەکان و دۆڵەکان ووشك و ڕووتەن و بێ ڕووەك و سەوزایی یوونایە ؟؟ هەروەك خوای گەورە سەرنجمان بۆ ئەو دیمەنە جوانەی ڕووەکەکان ڕادەکێشێت و دەفەرموێت :

﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَتُصْبِحُ الْأَرْضُ مُخْضَرَّةً إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ ﴾ (الحج:٦٣) یان ﴿ وَهُوَ الَّذِي أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ نَبَاتَ كُلِّ شَيْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِراً نُخْرِجُ مِنْهُ حَبّاً مُتَرَاكِباً وَمِنَ النَّخْلِ مِنْ طَلْعِهَا قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ وَجَنَّاتٍ مِنْ أَعْنَابٍ وَالزَّيْتُونَ وَالرُّمَّانَ مُشْتَبِهاً وَغَيْرَ مُتَشَابِهٍ انْظُرُوا إِلَى ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَيَنْعِهِ إِنَّ فِي ذَلِكُمْ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴾ (الأنعام:٩٩) کە (الخضر ) بە مانای دارو درەخت و ڕووەك دێت بە گشتی .

باشترین ڕەنگ و پیرۆزترینیان ڕەنگی سەوزە چونکە : لە لایەکەوە جلوبەرگی خەڵکی بەهەشت سەوزە وەك خوا دەفەرموێت ﴿عَالِيَهُمْ ثِيَابُ سُنْدُسٍ خُضْرٌ وَإِسْتَبْرَقٌ وَحُلُّوا أَسَاوِرَ مِنْ فِضَّةٍ وَسَقَاهُمْ رَبُّهُمْ شَرَاباً طَهُورا ﴾ (الانسان:٢١) یان ﴿ أُولَئِكَ لَهُمْ جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهِمُ الْأَنْهَارُ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِنْ ذَهَبٍ وَيَلْبَسُونَ ثِيَاباً خُضْراً مِنْ سُنْدُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُتَّكِئِينَ فِيهَا عَلَى الْأَرَائِكِ نِعْمَ الثَّوَابُ وَحَسُنَتْ مُرْتَفَقاً ﴾ (الكهف:٣١) . لە لایەکی دیکەوە ڕەنگی سەوز خۆشیەك و حەوانەوەیەك بە چاو و دڵ و دەروون دەدات کە ئەوەش ڕاستیەکی زانستیە ، قورئان دەفەرموێت ﴿....فَأَنْبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُنْبِتُوا شَجَرَهَا أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ ﴾ (النمل:٦٠)...دەربارەی ئەو ئایەتە خاوەنی تەفسیری ( فی الظلال القران ) دەفەرموێت : باغچەکان خۆشیبەخش و دڵڕفێن و ڕەنگینن و ئەو دیمەنانەش مایەی خۆشنودی و ئاسودەیی و کامەرانیە بۆ تەماشاکارانیو دڵەکان زیندودەکاتەوە .ئەو ڕازاوەیی و ڕەنگاو ڕەنگیەی کە لە تەنها گوڵێکدا هەیە بەدەرە لە توانایی گەورەترین هونەرمەندی ئەم دونیایە ، ئەو ڕەنگە سەوزەی کە

ڕووەك خۆی پـێ دەڕازێنێتـەوە بـە تایبـەتی گـەڵاکان بـەهۆی سـەیرترین مـاددەی کیمیاییەوەیـە کـە پـێی دەوترێت ( کلۆرۆفیل ) جاران وا دەزانرا کە تـەنها یـەك جـۆر کلۆرۆفیـل هەیە بەڵام دواتر دەرکـەوت کە چوار جۆر ماددەی تێکەڵ هەیە کە بە هەموویان کلۆرۆفیل پێکـدەهێنن ئـەوانیش ( کلۆرۆفیـل A ، کلۆرۆفیـل B ) کە ڕەنگیان سەوزە لەگەڵ دوو جۆر ماددەی ( کارۆتین ، زانثۆفیل ) کە ماددەی بۆیاخین و ڕەنگیان زەردە .بە ڕاسـتی ئـەو مـاددەی کلۆرۆفیلـە بەڵگـەو نیشـانەیەکی گەورەیە لـە سـەر توانا و دەسـەڵاتی بێ وێنـەی خوای باڵا دەست ئائەوە موعجیزەیە کە ڕووەك تـەنها ئاو لـە خـــاك و دوەم ئۆکســـیدی کـــاربۆنیش لـــە هـــەواوە وەردەگرێـت و کلـۆرۆفیلیش لـە ڕێگـای کـارلێکێکی کیمیـــایی زۆر ئـــاڵۆزەوە ئـــەو تـــەنها دوو ماددەیـــە دەگۆڕێـت بـۆ مـاددەی کاربۆهیـدراتی سـادە و ئـاڵۆز و شـەکر بـە هـەموو جۆرەکانیـەوە نیشاسـتە و هـەموو جۆرەکـانی دیکـەی خـۆراك بـەو کـردارە ئـاڵۆزەش دەوترێت تیشکە پێکهاتن ( Photosynthesis ) کە هـەموو گیاندارانیسـەر زەوی لەسـەر ئـەو خۆراکانـە دەژین .

تـا ئێسـتا بـاس لـە ڕەنگـەکانی سـور و سـەوز سپی کراوە و بۆ تەواوکردنی هەموو ڕەنگە بنەڕەتیەکان کە سـور و سـەوز و زەردە قورئـان باسـی ڕەنگـی زەردیش دەکات وەك دەفەرموێت

﴿ قَالُوا ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّنْ لَنَا مَا لَوْنُهَا قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَاءُ فَاقِعٌ لَوْنُهَا تَسُرُّ النَّاظِرِينَ﴾ (البقرة:٦٩) دەڵێن ( فاقع لونها ) بریتیە لـە زەردێکی زۆر تۆخی وا کە لـە زەردیدا سپی دەربکەوێت و بە سەیرکردنی دڵخۆشی و ئاسودەیی ببەخشێت ، ڕاڤەکارانی قورئان ئەوە ڕەت دەکەنـەوە کـە ئـەو دوو ووشـەی پێشـوو بـە مانـای ئـەوەبێت کـە لـە زەردیـدا ڕەش بچـێتەوە و ئـەوە بـە لێکدانەوەیـــەکی نـــامۆ دادەنـــێن ، قورتـــوبی وای بـــۆ دەچێت کە ئەو لێکدانەوەیە ڕاست نیە تـەنها بۆ گەلە حوشتر نەبێت ﴿ كَأَنَّهُ جِمَالَتٌ صُفْرٌ ﴾ (المرسلات:٣٣)

ئـەو ڕەش دەرکەوتنـە بـۆ گەلـە حوشـتر شـتێکی ئاساییە و ئەگـەر خوای گـەورە مەبەسـتی ئەو ڕەشیە بوایـە بـۆ مانگاکـەش ئـەوا ووشـەی ( فـاقع ) ی بـەکار نـەدەهێنا چـونکە ئـەو ووشـەیە سیفەتێکە تایبـەت بـە زەردێتی ( صفرة ) مانای ڕەشی ناگەیەنێت ! لە زمانی عەرەبیدا بۆ ڕەشی ووشەی ( حالك ) بەکاردێنێت وەك ( اسود حالك و حلكوك) بەڵام بۆ ڕەنگی سور ووشـەی ( قـانی ) وەك ( احمـر قـانی ) بـەکاردێت و بـۆ ڕەنگـی سەوز ووشـەی ( ناضـر ) بەکار دێت ( اخضـر ناضـر ) بـــۆ ڕەنگـــی ســـپیش ووشـــەی ( ناصـــع و ســـاطع ) بـــەکاردێت وەك ( ابـــیض ناصـــع ) بـــەڵام بـــۆ ڕەنگـــی زەردیـــش ووشـــەی ( فـــاقع ) بـــەکاردێت . دەبێـــت ئـەوەشمان لـە بیر نەچێت کە ئـەمڕۆ بە پـێی زانستی نوێ ئەوە سەلمێندراوە کە هەریەکە لە ڕەنگەکان جۆرە کاریگەرییـەکی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە لـە سـەر دڵ و دەروون و حەزی مرۆڤەکان .

سەرچاوە / سایتی www.55a.net

# کۆڕ و بەربانگی ناوەند لە بەرواری (٢٠)ی ڕەمەزانی (١٤٢٧ك) بەرامبەر بە (١٢/١٠/٢٠٠٦ز) لە هۆڵی (شاد)

ناوەندەکەمان لە ڕۆژی (٢٠)ی ڕەمەزانی (١٤٢٧ك) بەرامبەر بە (١٢/١٠/٢٠٠٦ز) لە هۆڵی (شاد) ئێوارە کۆڕێك و بەربانگێکی سازکرد بۆ دەستەیەك لە ڕۆشنبیران و زانست دۆستانی شاری سلێمانی.

پاش دەست پێکردن بە چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز لەلایەن بەڕێز (د. کاوە فەرەج سەعدون) بابەتی کۆڕەکە پێشکەش کرا، و پاشان لەگەڵ سۆزی بانگی ئێوارەدا بەربانگ کرایەوە، و لە کۆتایی‌دا بەدەم گفتوگۆی ئامادەبووانەوە کۆتایی بە کۆڕ و خوانەکە هێنرا.

شایەنی باسە کۆڕەکە بە سەرکەوتوویی لەلایەن (د. دارا گوڵ حامد) بەڕێوەبرا.

بابەتی کۆڕەکە بریتی بوو لە:

## چەند نموونەیەکی ئیعجازی زانستی پزیشکی لە قورئان و سوننەتدا



**ئامادە و پێشکەش کردنی: د. کاوە فەرەج سەعدون**

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على أشرف المرسلين محمد وعلى آله وصحبه أجمعين .....

سەرەتا بەناوی دەستەی باڵای (**ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا**) بەخێرهاتنێکی گەرمی بەڕێزتان دەکەین و هیوادارین ئەم هاتنەتان ببێتە مایەی سوود و قازانج بۆ هەموو لایەکمان .......

بەڕێزان وەك عادەتی ناوەندەکەمان لە هەموو مانگێکی ڕەمەزاندا هەڵدەستێت بە سازدانی ئەم خوانی بەربانگە بۆ ڕێزلێنان و بەرز ڕاگرتنی ئەم مانگە پیرۆزە، هەروەك

هەمووشمان دەزانین خوای گەورە قورئانی پیرۆزی لەم مانگەدا دابەزاندووە: [شهر رمضانَ الذِي أنزلَ فِيهِ القُرآنُ هدى للناسِ وبيناتٍ من الهدى والفُرقان] (البقرة:١٨٥)، کەواتە مانگی رەمەزان مانگی قورئانە، ئێمەش لە ناوەند ئامانجی سەرەکی دامەزراندنمان بریتییە لە خزمەت کردن بە قورئانی پیرۆز و لایەنە ئیعجازییەکەی.

بەڕێزان من لەم ئێوارە کۆڕەدا (إنشاءالله) باسی هەندێك لەو ئاماژە زانستییانە دەکەم کە لە قورئان و سوننەتدا هاتوون، لە هەندێك بواری پزیشکیدا قورئان و سوننەت ئاماژەیان داوە بە هەندێك راستی پێش ١٤٠٠ساڵ کە زوربەیان زۆر نوێ زانستی ئەمڕۆ پێیان گەیشتووە، هەندێکیان بۆ ١٠ ساڵ یان ٢٠ ساڵ دەبێت دۆزراونەتەوە.

بە بەردەوام بوونی رۆژەکانیش نموونەی نوێ و ناوازە لەسەر یەکگرتنەوەی قورئان و سوننەت دەدۆزرێتەوە، فەرموون ئێوە و ئەم نموونانە:

## بابەتی یەکەم: تەحەددایەکی قورئانییە لەم ئایەتە پیرۆزەدا:

{ما جعلَ الله لِرجلٍ من قلبين فِي جوفِهِ وما جعلَ أزواجكُم اللائِي تظاهِرونَ مِنهن أمهاتكُم وما جعلَ أدعِياءكُم أبناءكُم ذَلِكُم قولكُم بِأفواهِكُم والله يقُولُ الحق وهو يهدِي السبِيلَ} (سورة الأحزاب:٤).

واتە: خوا دوو دڵی دروست نەکردووە لە هەناوی هیچ پیاوێکدا، ئەو هاوسەرانەشتان کە پێیان دەڵێن: ئێوە لەجێی دایکمانن، خوانەیکردوون بەدایکتان، ئەوانەش کە بە قسەی خۆتان دەیکەن بە کوڕی خۆتان، خوا نەیکردوون بە کوڕتان، ئەمانە قسەیەکن کە بە زارتان دەیڵێن، خواش هەق بێژە و هەر ئەو رێبازی راست و درست نیشانی بەندەکانی دەدات.

لێرەدا قورئانی پیرۆز تەحەددای ئینسانەکان دەکات، مەبەست لە ئیعجاز بە گشتی و ئیعجازی زانستی بە تایبەتی بریتییە لە تەحەددای مرۆڤەکان کە ناتوانن هاوشێوەی ئەمە بهێنن بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە قورئان لەلایەن خوداوە هاتووە، لێرەدا نموونەیەك لەم تەحەددایەمان بۆ دەهێنێتەوە کە خوای گەورە هەرگیز پیاوێکی دروست نەکردووە کە دوو دڵ لە هەناویدا بێت.




لە کتێبەکانی راڤەی قورئانی پیرۆزدا لە هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتەدا هاتووە: کە لە وەڵامی پیاوێك لە قورەیشدا هاتووەتە خوارەوە کە ناوی (جميل بن معمر الفهري) بووە، کە پڕوپاگەندنەی ئەوەی دەکرد کە دوو دڵی هەیە لە سنگیدا، و پێی دەووترا (خاوەنی دوو دڵەکە) لەبەر زۆرزانیی و تەڵەکە بازییەکەی، هەروەها وەڵامێکی دەمکوتکەر بوو بۆ هەندێك لە دووڕووەکان کە دەیانووت پێغەمبەر (ﷺ) دوو دڵ لە سنگیدایە (بۆیە خوای گەورە بەدرۆی خستنەوە).

مەبەست لە هێنانەوەی ئەم نموونە مەحاڵە ئەوەیە کە بەشی دووەمی ئایەتەکە بسەلمێنێت، کە بەهەمان شێوەش مەحاڵە خێزانەکانتان (کە حەلاڵترین کەسە بۆتان)، کە کەسی سوێندخۆر (کە دەڵێت وەك دایکم وای بۆ من) واتە (ظهار) دەکات، وەك ئەو دایکەتان وابن کە ئێوەی بووە و گەورەترین و بەڕێزترین کەسە و حەرامترین کەسە بۆتان، تەنانەت ئێوە نابێت بە ووتەش ئەمە دەربڕن، و مەحاڵە ئەم دوو پێچەوانەیە بەیەك بشوبهێنرێن، پاشان دەقە قورئانییەکە دەچێتە سەر بابەتی هەڵوەشاندنەوەی مەسەلەی دانە پاڵخۆ یان تەبەننا کردن، واتە ئەوانەی کە کوڕتان نین (لەئێوە نەبوون)، تەنها بە ووتە و پڕوپاگەندەی ئێوە نابن بە کوڕتان، لەبەر ئەوەی منداڵەکانی ئێوە تەنها ئەوانەن کە بووتانن و لە پشتی ئێوەن، بەڵام ئەو تەبەننا کراوانە لە پستی ئێوە نین و نابنە منداڵی راستەقینەی ئێوە، ئیتر چۆن ئەم دوو دژ بەیەکە وەك یەك دەبن؟.

وەك ووتمان لە سەرەتای ئایەتەکەدا ئاماژەیەکی ئیعجازیی هەیە کە خوای گەورە بەهۆیەوە تەحەددای هەموو مرۆڤەکان دەکات تا رۆژی دوایی، و پێمان رادەگەیەنێت کە مەحاڵە لە سنگی هەر پیاوێکدا دوو دڵ هەبێت، بەکارهێنانی ووشەی (لِرجـ ـلٍ) ئیعجازەکەی گەورەتر و دامەزراو کردووە، چونکە ئەگەر ووشەی (ئادەمیزاد – بَشَر) یان (نەوەکانی ئادەم – بني آدم)ی بەکاربهێنایە ئەوا هەندێك کەس دەیانووت ئەوەتا دایك کە ئەگەر کۆرپەلەیەك لە سکیدا بێت ئەوا دوو دڵ لە هەناویدایە (دڵی خۆی و دڵی کۆرپەلە دروست بووەکەی لەناو سکیدا).

لە رووی زانستییەوە و بەپێی ووتەی زانایان و توێژەروانی کۆرپەلەزانی و پزیشکان و نەشتەرکارانی دڵ مەحاڵە مرۆڤێك پەیدابببێت کە دوو دڵی هەبێت، و لە هیچ کام لە کتێبە پزیشکییەکان و سەرچاوە زانستییەکان لەم بوارەدا و لە بواری تریشدا بەدرێژایی مێژوو شتی وا تۆمار نەکراوە و ناشبێت مرۆڤێك دوو دڵی هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە زوربەی نووسەران و توێژەرەوان لەم بوارەدا لە غەیری موسوڵمانان بوون.

لەوانەیە هەندێك کەس بپرسن: ئەی ئەوە نییە زۆر منداڵ لەدایك دەبن بە شێواوی و نوقسانی و تەنانەت ئەم شێواوییانە دڵیشیان دەگرێتەوە؟

ئێمەش دەڵێین: بەڵێ، تۆمار کراوە کە کەسانێك هەبوون پەنجەی زیادەیان هەبووە کە هەموومان بینیومانە، یان زیادە ریخۆڵە، یان بۆری میزی زیادە، یان یەکگرتنی تەواو یان جوزئی گورچیلەکانیان هەبووە، یان پلێکی زیادەی گورچیلە یان گورچیلەیەکی سێیەمیان هەبووە، یان دروست بوونی هەندێك زیادە لە کۆتایی بڕبڕەی پشتدا وەك کلکێکیان هەبووە، ئەمانە و چەندین شتی دیکەش تۆمار کراون.

هەروەها هەندێك حاڵەتی شێواوی لە دروست بوونی دڵ خۆیدا روودەدات، وەك: بوونی کون لە دیواری جیاکەرەوەی دوولاکەی دڵدا، یان یەك سکۆڵەی هەبێت وەك لە دڵی باڵندەدا، یان دڵ لەلای راست بێت، یان چەند شێواوییەك پێکەوە هەبن کە پێیان دەووترێت (سێینە یان چوارینەی فالووت Tetralogy of Fallot) کە بەناوی دۆزەرەکەیەوە ناونراوە، هەروەها زۆرێکی دیکەش لە تێکچوون و شێواوییە زگماکییەکانی دڵ کە لەوانەیە شین بوونەوەی لەگەڵ بێت یان لەگەڵی نەبێت.

بەڵام هەرگیز ئەوە روونادات کە دوو دڵ لە یەك کۆرپەلەدا دروست ببێت، ئەویش بەهۆی مەحاڵی دروست بوونیان لەیەك سینەدا، چونکە ئەگەر هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشە کردنی دڵی کۆرپەلە بوەستێت، ئەمە بە دڵنیاییەوە دەبێتە هۆی لەبار بردنی یان مردنی لەناو مناڵداندا، کە ئەمەش دروست بوونی دوو دڵ نییە بەڵکو لە قۆناغێکدا دروست بوونەکە وەستاوە، تەنانەت لەو دووانانەشدا کە پێکەوە نووساون، کە لەوانەیە هەریەکەیان دڵی خۆی هەبێت، یان بە هەردووکیان یەك دڵیان هەبێت، بەڵام مەحاڵە کە ٣ دڵیان هەبێت.



دوو وێنەی دووانەی بەیەکدا نووساو، کە بریتییە لە جۆرێك لە شێواوی زگماکی کۆرپەلە.

ئەمەش دەرخەری ئیعجازی قورئانیی پەروەردگاری تاك و تەنهایە: [وتلك الأمثالُ نضربها للناس وما يعقلها إلا العالمون] (العنكبوت:٤٣).




## دروستبوونی دڵ لە کۆرپەلەی مرۆڤدا

**ئەگەر کەمێك دەربارەی دڵ بدوێین:**

دڵ لە سەرەتای هەفتەی سێیەمەوە لەناو لەشی کۆرپەلەدا دروست دەبێت، کە لە دوو دڵەبۆری لای ڕاست و لای چەپ پێکدێت، کە بە بەردەوامی گەشە دەکەن و دوایی لە ناوەڕاستدا پێکدەگەن و لە بەشی سەرەوەیاندا یەکدەگرن، و پاشان هەردوو سکۆڵە و هەردوو گوێچکەلە دروست دەکەن، لە کاتی ئەم پرۆسەیەدا لوولە خوێنە سەرەکی‌یەکانیش دروست دەبن، لە پێش کۆتایی هەفتەی شەشەمی گەشە کردنی کۆرپەلەدا دڵ دەست دەکات بە گرژ بوون و خاوبوونەوە و لێدانەکانی دەست پێ‌دەکات، تەنانەت پێش ئەوەی کە کۆتایی‌یە دەماری‌یەکان گەشە بکەن بۆی، ئێستا بیردۆزێکی زۆر نوێ هەیە کە لەلایەن زانایانەوە کاری لەسەر دەکرێت ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن: (دڵ خاوەنی مێشکێکی بچکۆڵەی خۆیەتی).

دڵ یەکێکە لە هەرە سەرسوڕهێنەرترین دروستکراوەکانی خودا و لە دوو بەش پێکدێت کە هەر لایەکی لە دوو ژوور پێکهاتووە، بەشی سەرەوەی دڵ پێیان دەووترێت گوێچکەلەکان (**Atria**) و بەشی خوارەوەش پێیان دەووترێت سکۆڵەکان (**Ventricles**)، دڵ بریتی‌یە لە پەمپێکی جووت، کە خۆراك و ئۆکسجین و پێویستی‌یەکان بۆ هەموو خانەکانی لەش دەگوێزێتەوە ئەویش لەڕێی تۆڕێکی فراوانی خوێنبەرەوە (کە زانایان دەڵێن ئەگەر لوولەکانی ئەم تۆڕە بدرێن لەیەك بەدرێژی ئەوا درێژی‌یان دەگاتە ١٥٠ کیلۆمەتر).




**پێکهاتەی ( دڵ ) لە مرۆڤدا**

بارستایی دڵ (٣٥٠گم) دەبێت بە نزیکەیی بە قەبارەی دەستێکی قونجاو (مشتەکۆڵەیەك)، لەهەر خولەکێکدا (٧٠) جار لێ‌دەدات، واتە زیاتر لە (١٠٠٠٠٠) جار لە ڕۆژێکدا، و نزیکەی (٤٠)ملیۆن جار لە ساڵێکدا، کە هیچ کاتێك لە لێدان و کارکردن ناکەوێت تا تەواو بوونی تەمەنی ئەو کەسە، لە ماوەی هەموو (٨) چرکەیەکدا خوێن دەگەیەنێتە مێشك، و بۆ دوورترین شوێنیش لە لەشدا تەنها (١٨) چرکەی پێ‌دەچێت.

گرنگیی تەواوی دڵ بۆ لەش لە کاتی وەستانیدا دەردەکەوێت، کە ئەگەر بۆ ماوەی (٢-٣) خولەك بوەستێت و خوێن نەچێت بۆ مێشك لەوانەیەببێتە هۆی تێکچوونی خەتەرناك لە مێشکدا، وەك: لەهۆش خۆچوون کە لەوانەیە بەردەوام بێت و خەبەری نەبێتەوە، یان تووش بوون بە ئیفلیجی تەواو یان جوزئی، و ئەگەر لە (٤) خولەك زیاتر لەکار بکەوێت دەبێتە هۆی مردنی مێشك و سەرەنجام مردنی کەسەکە.

کەواتە دڵ گرنگترین ئەندامێکی لەشە کە بۆ بەردەوام بوونی ژیان پێویستە، پاك و بێگەردی بۆ پەروەردگار و پێغەمبەرە ڕاستگۆکەی، ئەم ڕاستی‌یە لە فەرموودەیەکی‌دا ئاماژەی بۆ هاتووە کە دەفەرموێت: [**... ألا وإن في الجسد مضغةً إذا صلحت صلح الجسد كله وإذا فسدت فسد الجسد كله ألا وهي القلب**] (رواه البخاري ومسلم)، واتە: لەناو لەشی مرۆڤدا پارچە گۆشتێك هەیە کە ئەگەر ئەم باش و گونجاوبێت و بەباشی کاربکات ئەوا هەموو لەش باش دەبێت، و ئەگەر ئەمیش تێکبچێت و بشێوێت ئەوا هەموو لەش دەشێوێت، کە ئەو پارچە گۆشتە بریتی‌یە لە دڵ.

## باسی دووەم: ڕێك بوونەوە و شێوە پێدانی کۆرپەلە:

لە چەند فەرموودەیەکی قورئان و سوننەتدا ئاماژە بۆ ئەوە هاتووە کە کۆرپەلە لەسکی دایکی‌دا لەشی ڕێکدەبێتەوە و شێوەکەی دەگۆڕێت بۆ شێوەی مرۆڤ، وەك لەم ئایەتانەدا:

- [**ألم يك نطفةً من مني يمنى، ثم كانَ علقةً فخلق فسوى**] (القيامة: ٣٧-٣٨)، واتە: ئایا کاتی خۆی ئادەمیزاد نوتفەیەك نەبووە لە بەشێکی مەنی‌یەوە کە دەڕژێنرایە

شوێنی خۆی (واتە ئایا ئەو لەسەرەتاوە کە دروستمان کرد بەشێکی تنۆکێک ئاو نەبووە)؟! پاشان بوو بە خۆهەڵواسێنەر (علقة) کە دوایی دروستمان کرد، و ئینجا ئەندازەمان بۆ دانا و ڕێکمان کردەوە.

- [سبح اسم ربك الأعلى، الذي خلق فسوى] (الأعلى: ١-٢)، واتە: خوای پەروەردگاری پایە بەرزی خۆت یادبکە و بەرز رایگرە، ئەو خودایەی کە زیندەوەرەکان دروست دەکات و پاشان ڕێکیان دەکاتەوە و لەشیان ڕێک وپێک دەکات (هەر زیندەوەرە و بە شێوەی خۆی).

- [الذي خلقك فسواك فعدلك] (الإنفطار:٧)، واتە: ئەو پەروەردگارەیە کە دروستی کردوویت، و ڕێک و پێکی کردوویت و لەشتی ڕێک کردەوە.

- [هو الذي يصوركم في الأرحام كيف يشاء ...] (آل عمران:٦)، واتە: هەر پەروەردگارە کە وێنەتان دەکێشێت لە مناڵدانەکاندا بەو شێوەیەی کە وویستی لێبێت ...

– لە فەرموودەیەکی پێغەمبەریشدا (ﷺ) هاتووە: [إذا مر بالنطفة ثنتان وأربعون ليلة، بعث الله إليها ملكاً فصورها وخلق سمعها وبصرها وجلدها ولحمها وعظامها] أخرجه مسلم والطبراني وأبو داود، واتە: کاتێك کە (نطفة) دەگاتە ٤٢رۆژ پەروەردگار فریشتەیەکی بۆدەنێرێت بۆ ئەوەی شێوەی مرۆڤی پێبدات وبیستن وبینین وپێست وگۆشت و ئێسکی بۆ دروست بکات.

لەم ئایەت و فەرموودە پیرۆزانەی سەرەوەدا ئاماژەیەکی سەرسوڕهێنەر هەیە کە دەڵێن مرۆڤ لەناو سکی دایکیدا شێوەی مرۆڤی پێدەدرێت، واتە دەبێت پێشتر ئەو شێوەیەی نەبێت؟ و دوایی پێی ببەخشرێت؟ لێرەدا باسی چەند ڕووداوێك کراوە کە لە کاتی گەشە کردنی کۆرپەلە لە سکی دایکیدا ڕوودەدەن، ئەویش پاش ئەوەی کە کۆرپەلەکە لە دروست بووندایە، ڕێك دەکرێتەوە (تسوية و تعديل) دەکرێت و وێنەی مرۆڤی پێدەبەخشرێت (تەصویر دەکرێت)، کۆی ماناکانی (سَوّى) لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا بریتین لە:

١– بە مانای ئەوەی کە شتێك ڕێك وڕەوان ببێت (أن يكونَ الشيء مستقيماً).

٢– هەروەها بە مانای ئەوە دێت کە شتێك ڕێك بێت بێبەرزی و نزمی.

٣– واتە شتێك ڕێك وپێك بکرێت، وەکو چۆن دانایی و حیکمەت وادەخوازێت.

قۆناغی ڕێکبوونە (تەسویە) لە بۆچوونی قورئانیدا هەردوو قۆناغی (کردنی گۆشتپارەی کۆرپەلەکە بە ئێسك، و داپۆشینی ئەم ئێسکانە بە ماسولکە) دەگرێتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەم کردارانە بریتین لە جۆرێك لە تەصویر و وێنەدان بە کۆرپەلەکە، بە مانایەکی تر ڕێکبوونەوەی ئەندامەکانە، کە خۆی لەخۆیدا خاڵی نییە لە کرداری دروست بوون، ڕێکبوونی ئەندامەکانی و وەرگرتنی وێنەی مرۆیی تەنها لە هەفتەی هەشتەمدا دەبێت (واتە لە کۆتایی ماوەی ڕێکبوون و تەسویەدا).




وێنەکانی لای ڕاست وێنەی ڕاستەقینەی کۆرپەلەن و ئەوانەی لای چەپ هێڵکارین، کە هەموویان ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە دوای دروست بوونی ئێسکەکان و لە هەفتەی حەوتەم بەرەو سەر کۆرپەلەکە ڕێکدەبێتەوە و شێوەی مرۆڤ وەردەگرێت.

ئەگەر بچینە سەر باس کردنی ماناکانی (سوى) و ڕوون کردنەوەیان لە ڕووی ڕاستییەکانی کۆرپەلەزانییەوە:

١– سەبارەت بە **مانای یەکەم** (بە مانای ئەوەی کە شتێك ڕێك وڕەوان ببێت): بەکارهێنانی ئەم ووشەیە لەم ئایەتەدا دەلالەتێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە ئەوە دەگەیەنێت کۆرپەلە پێش ئەم قۆناغە لەشی ڕێك نەبووە (واتە چەماوە بووە) و لێرەوە ڕێك دەبێتەوە، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا ئیعجازێکی هەواڵدانە، ئەم قۆناغی ڕێکبوونەوەیە هەردوو دیاردەی دروست بوونی ئێسك و داپۆشینیان بە ماسولکە دەگرێتەوە، کە لەگەڵ دروست بوونی ئێسکدا لەشی کۆرپەلەکە ڕەق و بەهێز دەبێت و ئیتر شێوە چەماوەییەکەی (کە پێشتر لە

قۆناغی گۆشتپارەدا لە شێوەی پیتی C ی ئینگلیزیدا بووە) لەدەست دەدات و رێکدەبێتەوە.




**لەم وێنانەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە دوای ٤٢ رۆژمی گەشە کردنی کۆرپەلەکە بە تەواوەتی شکڵی مرۆڤ وەردەگرێت، بە تەواوەتی وەك فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ): ﴿إذا مـر بالنطفة ثنتان وأربعونَ ليلة، بعث اللهُ إليها ملكاً فصورها ....﴾ .**

٢- **مانای دووەم**: ئەوەی کە شتێك رووەکەی رێك ببێت بێبەرزی و نزمی، کە وەك باسمان کرد لەم کاتەدا بە هێواشی بەرزی و نزمی و ئاوساوی و چاڵایی لەشی کۆرپەلەکە نامێنێت بەهۆی رەقبوونی ئەندامەکان و دروست بوونی ئێسك و داپۆشینیان بە ماسولکە، ئیتر بەهۆی ئەمانەوە رووی لەشی کۆرپەلەکە تەواو رێك دەبێتەوە.

٣- **مانای سێیەم**: واتە شتێك رێك وپێك بکرێت، وەکو چۆن دانایی و حیکمەت وادەخوازێت، بەواتای ئەوەی کە مرۆڤەکە بخرێتە سەر شێوەی تەواو رێك و کاملی مرۆڤانە، بینراوە کە لە کۆتایی هەفتەی هەشتەمدا کۆرپەلەکە دەبێتە بارستەیەکی مرۆیی تەواو و کامڵ، (د. لارس هامبیرگەر) دەڵێت: دوای هەشت هەفتە درێژی کۆرپەلەکە تەنها ٤ سانتیمەتر دەبێت، بەڵام لەناو ئەم لەشە بچووکەیدا هەموو ئەندامەکان لە شوێنی خۆیاندان، و هەموو ئەو شتانەی کە پێویستە بوونیان هەبێت لە مرۆڤێکی کاملدا دروست بوون. {لە کتێبی مامانی A Child is Born ی (د. لارس هامبیرگەر) وەرگێراوە/ لاپەرە ٩١}.

لەم قۆناغەدا کلکی کۆرپەلەکە نامێنێت و گوێی دەرەوە شکڵی خۆی وەردەگرێت لە ئەنجامی کامڵ بوونی پێچەکانی گوێی ناوەوە، و گوێی ناوەوە بە تەواوەتی دروست دەبێت، چاوەکانیش بەهۆی پەیدا بوونی پێڵووەکانەوە وێنەی ئاسایی خۆیان لە رووخساردا وەردەگرن، پەنجەکانی دەست و پێ بە ئاشکرا پەیدادەبن، و لووت دەردەکەوێت، لێرەوە وێنەی کۆرپەلەکە لە وێنەی مرۆییەوە نزیك دەبێتەوە و بە شێوەیەك رێکدەبێتەوە کە مرۆڤی لێجیابکرێتەوە ئەویش بەهۆی جیاوازبوونی ئەندامەکانییەوە، بەمەش مانای سێیەمی رێکبوون و ووشەی (**سـوى**)ی ئایەتە پیرۆزەکە دەردەکەوێت، و هەروەها راستیی زاراوەی (**فصورها**) واتە وەرگرتنی وێنەی مرۆڤ کە لە فەرموودەکەی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە بە تەواوەتی ئاشکرا دەبێت.

ووشەی (**فسواك**) لە ئایەتەکەدا [**الذي خلقـك فسـواك فعـدلك**﴾ بە مانای (رێك کردنەوە و راست کردنەوەی شتێك) دێت بۆ ئەوەی ئامادە بێت بۆ بەجێ هێنانی ئەرکەکانی، ووشەی (**فعدلك**) بەمانای (گۆڕینی شێوە و







**لە قۆناغە سەرەتاییەکانیاندا کۆرپەلەی مرۆڤ و زۆرێك لە زیندەوەران هەمان شێوەیان هەیە، و پاشان هەریەکە و بۆ شێوەی تایبەتی خۆی جیاواز دەبێت، لەم وێنانەدا بڕوانە لێکچوونی نێوان کۆرپەلەی مرۆڤ و کۆرپەلەی هەندێك زیندەوەری تر لە قۆناغەکانی سەرەتای دروست بوون و گەشە کردنیاندا، تەنها لە کۆتاییدا نەبێت شێوەیان جیاواز نابێت.**

پێکهاتـەی بـۆ پێکهێنـانی شـتێکی دیـاری کـراو) دێـت، کرداری ڕێك بوونەوە (تسوية) وەك پێشتر باسمان کرد لە کاتی قۆناغی دروست بوونی ئێسك و لە کۆتاییەکەیدا دەبێت، بەکار هێنانی پیتی (فَـ) پێش ووشەی (عَـدلك) مانـای بـەدوای یەکدا هـاتنی ڕاسـتەوخۆی ئـەم کردارانـە دەگەیەنێت.

واتە مانای ئایـەتی (الَّذِي خَلَقَكَ فَسَـوَّاكَ فَعَـدَلَكَ) بـەم شێوەیەی لێدێت: ئـەو خودایەیـە کـە دروستی کردیت و ڕێکی کردیت و لەدوای ڕێك بوونـەوەی لەشت شێوەشتی ڕێك کردەوە، ئـەم مانایـە ئایەتەکـەی دوای بـە تـەواوەتی روونی دەکاتەوە: (فِي أَيِّ صُورَةٍ مَـا شَـاءَ رَكَّبَـكَ) واتـە: شێوەشـت لەسـەر چ وێنەیـەك بیـەوێت ئـاوای لێدەکـات و دایدەمەزرێنێت.




ئەم هێلکارییە گۆڕانکـاری لـە بەشـەکانی لەشـدا لـە قۆنـاغی گەشـە کردندا روون دەکاتەوە، دەبینین لە هەفتەی نۆیەمدا چێوەی سەر بەقـەدەر چێوەی سك دەبێت و لە دوایی‌دا چێوەی سك زیاد دەکات، قورئـانی پیـرۆز زاراوەی ( تعـدیل-ڕێـك کردنـەوە )ی بـۆ ئـەم کـردارە بـەکارهێناوە، کـە زۆر بەجوانی لەم وێنانەدا بۆمان روون دەبێتەوە.




لەم وێنانەدا ڕێکبوونەوەی روخسـاری کۆرپەلـە دەبیـنین تـاوەکو هاوسەنگی خۆی وەردەگرێت و شکڵی مرۆڤ بـە ئاشکرا دەردەکـەوێت، هەروەها گۆڕانکارییەکانی روخسار بە پێی تەمەنیش دەردەخات.

زانایانی کۆرپەلەزانی بۆمان باس دەکەن کە لە قۆناغی (النشأة)دا پێوانەکانی لەش دەگۆڕێن و شێوەی دەم وچاو سیمای مرۆڤی بۆ دروست دەبێت، بۆ نموونە گوێکان لە ملـەوە دەجـولێن بـۆ ئـەملاولای سـەر، لـووت لـە دەم جیادەبێتەوە و لێوی سەرەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێت، و چاوەکان دێنە پێشـەوەی دەم وچاو و پەلەکانی خوارەوە درێـژ تـر دەبـن بـە بـەراورد بـە لەشـی کۆرپەلەکـە، ئـەم کردارانە بە ڕێکبوونەوەی شێوە (تَعدیل) ناو دەبرێت یان (تَقْویم)، هەروەها ووشەی (صورة) کە لە ئایـەتی دووەمدا هاتووە مانای شکڵ و شێوە دەگەیەنێت.

کەواتـە بـە کورتی ئایـەتەکان ئەمـە دەگەیـەنن: {دوای دەسـت پـێکردنی کـرداری ڕێـك بوونـەوە(تسـوية) راستەوخۆ گۆڕانکاری بەسەر کۆرپەلەکەدا دێت و پێوانە ئاسـاییەکانی مـرۆڤ وەردەگرێـت و ڕێـك دەبێتـەوە (التَّعديل أو التَّقْويم)، هەروەها وەرگرتنی شکڵ و شێوەی مرۆڤ و وێنـەی کەسێتی (الصورة الشخصية) روو دەدات (التصوير)}، ئەم کرداری ڕێك بوونەوە وشێوە وەرگرتنە تـا کـاتی لـەدایك بـوون و تەنانـەت دوای لـەدایك بـوونی کۆرپەلەکەش هەر بەردەوام دەبێت.

ووشـەی (عـدل) مانـای ڕێـك بوونـەوە و گونجـاویی و هاوسـەنگیی لـە نێـوان چـەند شـتێکدا دەگرێتـەوە، لـە تەفسیری (النسفي)دا دەربارەی (فَعَـدَلَكَ) هـاتووە: واتە ڕێکی کردیتەوە و دروست کردنتی موناسیب و گونجاو کـرد بـەبێ جیـاوازی لـە بەشـەکانیدا (دەسـتێکی درێـژ نـەکردیت و دەسـتەکەی تـر کـورت، یـان چاوێك فـراوانتر بێـت لـەوی تـر)، کەواتـە قۆنـاغی (التعـدیل) بریتییـە لـە حاڵـەتێکی گونجـاویی و هاوسـەنگی بـۆ هـەموو ئەندامـەکانی لـەش بەشـێوەیەك کـە هـەموو ئەنـدامێك گونجاوبێت لەگەڵ پاشماوە و بەشەکانی تری لەشدا.

پرۆسەی تەعدیل زۆر بە ووردیی دەبینرێت لە پاش قۆناغی (تەسویە) کە لێرەدا ئەندامەکان ناهاوسەنگن، بۆ نموونە قەبارەی سەر زۆر گەورەتر دەبێت لەچاو قەبارەی لەشـدا، کـە لـەم قۆنـاغی تەعدیلـەدا پێوانـەکانی لـەش دەگۆڕێن بەشێوەیەك کە هـەردوو پـەلی خـوارەوە درێژتر دەبن لەچاو لەشدا، و گەشەی سەر خاودەبێتەوە لەچاو گەشـەی لەشـدا، لێـرەوە قـەبارەی سـەر و پەلـەکان هاوسـەنگیی خۆیـان وەردەگـرن، و پێوانـەکانی لەشـی

کۆرپەلەکە گونجاو دەبێت بەپێی شێوە و وێنەی مرۆیی، بەمەش مانای هاوسەنگیی و گونجاویی کە لە ووشەی (عدل)دایە دێتەدی.







دوو وێنەی راستەقینە بۆ بەراورد کردنی کۆرپەلە پێش و لەدوای ٤٠ رۆژی، دەبینین بە ئاشکرا شکڵ و روخساری مرۆڤ وەردەگرێت لە دوای ٦ هەفتە.

لەدوای رۆژی (٤٢)وەوە لەشی کۆرپەلەکە رێکدەبێتەوە، کە پێشتر چەماوە بووە، کە ئەمەش یەك دەگرێتەوە لەگەڵ مانای (فَسوى) کە لە ئایەتەکەدا هاتووە: ﴿ثُم كَانَ علقَةً فَخلَق فَسوى﴾ (القيامة:٣٨).



کۆرپەلە لە رۆژی (٤٢)دا



کۆرپەلە لە رۆژی (٤٨)دا



کۆرپەلە لە رۆژی (٥٢)دا



**لەگەڵ بەرەوپێش چوونی تەمەنی کۆرپەلەدا چەماویی لەشی رێکدەبێتەوە و شکڵی مرۆڤ وەردەگرێت.**

بەڕاستی سەرسوڕهێنەرن ئەم ئایەتانە کە تاوەکو سەدەی هەژدەیەمی زایینیش زانایان و کۆرپەلەزانان وایان دەزانی کە کۆرپەلە بە کامڵی و بە شێوەی مرۆڤ بە تەواوەتی هەیە لە سەرەتاوە، و لە مناڵداندا تەنها لە قەبارەدا زیاد دەکات، بەڵام قورئان بە پێچەوانەی ئەمەوە پێش ١٤٠٠ ساڵ راستییەکانی دەرخستووە و زانستی کۆرپەلەزانی نوێش ئەم زانیارییانەی قورئانی پشتڕاست کردۆتەوە و شایەتی بۆ راستییانی داوە.

## بابەتی سێیەم: موعجیزەی بۆچوونە ئیسلامییەکان لە زانستی بۆماوەزانیدا:

بۆماوەزانی (علم الوراثة **Genetics**) ئەو زانستەیە کە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی دیاردەی بۆماوە، کە بریتییە لەو رێگەیەی کە بەهۆیەوە هەندێك لە سیفەتەکانی باوان بۆ نەوەکان دەگوێزرێتەوە، بۆماوەزانی تەنها لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا وەك زانستێك هاتە کایەوە لەسەر دەستی زانا (یۆهان مەندل **Mendel**)، کە لە ساڵی (١٨٦٦ز)دا یەکەم بنەماکانی بۆماوەزانی دۆزییەوە.

ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە کە قورئان و سوننەتی پیرۆز ئاماژەیان داوە بە زۆرێك لە بنەماکانی بۆماوەزانی، و هەندێك راستی زانستی ووردیان باس کردووە کە پێش (١٨٦٦ز) لەلای مرۆڤەکان نەزانراوە، لوتکەی ئەم ئیعجازە لەوەدایە کە لەسەر زمانی کەسێکی نەخوێندەوار کە (محمد)ە (ﷺ) باس کراوە، لەناو دەورووبەرێکی نەزانیی و تاریکایی لەرووی زانستییەوە.

لەشی هەموو زیندەوەرەکان لە خانە پێکهاتووە، کە لەناو ئەم خانانەدا ناووکی خانە هەیە کە گرنگترین بەشێتی و کۆنترۆڵی هەموو چالاکییەکانی دەکات، لەناو ناوکی خانەدا ئەو پێکهاتانە هەن کە فاکتەری ئەم بۆماوەیە و گواستنەوەی سیفەتەکانن کە بریتین لە کرۆمۆسۆمەکان، لە مرۆڤدا ژمارەی کرۆمۆسۆمەکانی هەر خانەیەکی لەشی بریتییە لە (٤٦) کرۆمۆسۆم.

کرۆمۆسۆمەکانیش بریتین لەو دروستکراوە سەمەرە و عەجیبانەی کە نهێنی دروست بوونی مرۆڤ و هەموو سیفەتەکانی تێدایە، و لە چەند یەکەیەکی بۆماوەیی پێکهاتوون کە پێیان دەووترێت جینەکان، و لە هەموو ٤٦ کرۆمۆسۆمەکەی پێکهێنەری خانەکانی لەشدا نزیکەی (١٠٠٠٠٠) جین هەیە کە هەر یەکەیان تایبەتە بە سیفەتێك و ووردەکارییەکی لەش یان نەخۆشییەکی دیاری کراوەوە، وەك ووتمان لە هەموو خانەیەکی لەشدا ٤٦ کرۆمۆسۆم هەیە، زانایان دەڵێن ئەگەر بێتو پێچاوپێچی و لوول خواردنی دوو پەیژەی ئەم کرۆمۆسۆمانەی هەموو خانەکانی لەش بکەینەوە و

بیاندەین لەیەك، ئەوا درێژییەکەیان دەگاتە ٦ × ١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ مەتر، کە دەکاتە ماوەی ٨,٠٠٠ جار چوون و هاتن لە نێوان زەوی و مانگدا!!

ئەم کرۆمۆسۆمانە ئەوەندەیان زانیاری تێدایە کە لە هەزاران بەرگدا کۆناکرێنەوە، بابشزانین کە قەبارەی خانە تەنها لە بەشێك لە ١٠ملیۆن بەشی میللیمەترێك سێجا تێناپەڕێت و دووریی نێوان تەنەکانی ناوی بە نانۆمەتر (کە یەك بەشە لە بلیۆن بەشی مەترێك) دەپێورێت.




**ماددەی بۆماوەیی (کرۆمۆسۆمەکان) لە نێرینە و مێینەی مرۆڤدا**

با ئێستاش چەند نموونەیەك لە ئامارژەکانی قورئان و سوننەت لەبواری بۆماوەزانیدا باس بکەین:

**نموونەی یەکەم: ئەندازەبۆدانانی نوتفەی مرۆڤ:**

لە ئایەتێکی قورئاندا هاتووە: **[قُتِلَ الإِنسانُ ما أَكْفَرَه، مِن أَيِّ شَيءٍ خَلَقَه، مِن نُطْفَةٍ خَلَقَه فَقَدَّره]** (عبس: ١٧-١٩)، واتە: تیا چوون بۆ مرۆڤ بێت کە ئەوەندە بێباوەڕی دەکات!، ئەی باشە بۆ سەیر ناکات کە لەچییەوە دروست بووە، ئەو سەرەتا لە تنۆکێك ئاوەوە دروستمان کرد کە یەکسەر ئەندازەمان بۆ دانا، واتە: پەروەردگار مرۆڤی لە (نطفة)وە دروست کردووە و ئەندازەی هەموو شتێکی بۆ دیاری کردووە.

کۆرپەلەی مرۆڤ لە ئەنجامی یەکگرتنی خانەکانی زاووزێی پیاو و ئافرەتەوە (کە بریتین لە یەك سپێرم و یەك هێلکۆکە) دروست دەبێت، کە یەکی تەنها نیوەی ژمارەی کرۆمۆسۆمەکانی خانەکان مرۆڤیان تێدایە (واتە ٢٣ کرۆمۆسۆم)، ئەم قۆناغە بریتییە لە سەرەتای راستەقینەی پەیدابوونی مرۆڤ، چونکە لە ئەنجامی یەکگرتنی ٢٣ کرۆمۆسۆمی تۆوی پیاو و ٢٣ کرۆمۆسۆمی هێلکەی ئافرەت، ژمارەی تەواوی کرمۆسۆمەکانی لەشی مرۆڤ دروست دەبێت، کە بریتییە لە ٤٦ کرۆمۆسۆم، و هەموو هەنگاوەکانی گەشەکردنی کۆرپەلە لە داهاتوودا لەسەر ئەم بناغە راستە سەرچاوە دەگرێت، کەواتە ئەم کردارە بریتییە لە هەنگاوی یەکەم بۆ پەیدابوونی زیندەوەرێکی نوێ و ناوازە، کۆرپەلەزانان بۆمان باس دەکەن کە دوای چەند سەعاتێکی کەم لە دروست بوونی خانەی یەکەمی کۆرپەلە کردارێکی تر دەست پێدەکات کە سەرەنجامەکەی بریتییە لە ئەندازە بۆدانان و دیاری کردنی سیفەتی داهاتووی کۆرپەلەکە کە بریتییە لە: دەرکەوتنی سیفەتە بەهێز و زاڵەکان (Dominant Characters)، و دەرنەکەوتن یان شاردنەوەی سیفەتە لاواز و بەزیوەکان (Recessive Characters)، کەواتە لێرەوە ئەندازە بۆ سیفەتەکانی کۆرپەلەکە دیاری دەکرێت.

کە ئەمانەش هەر لە دیاری کردنی رەگەزی کۆرپەلەکەوە دەست پێدەکات، پاشان ئەندازە بۆدانان و دیاری کردنی رەنگی قژ، رەنگی پێست، درێژی بالای، جۆری خوێن، زیرەکی، هەموو سیفەتەکانی دیکەش هەر لە تۆی پیاو و هێلکەی ئافرەتەکەوە (کە ئەو نطفةیە و پاشانیش کۆرپەلەکە دروست دەکەن) بۆ منداڵەکە دەگوێزرێتەوە، بەهۆی کرۆمۆسۆمەکانەوە، کە وەك باسمان کرد ئەم کرۆمۆسۆمانە و جینەکانی سەریان بەهۆی ترشەڵۆکە ناووکییەکانەوە (DNA) (کە شیفرەی دروست کردنی ئەو سیفەتانەیان تێدایە)، لە دواڕۆژدا ئەو سیفەتانە بۆ منداڵەکە دروست دەکەن، کەواتە هەر لەگەڵ دروست بوونی نوتفەدا کە بناغەی یەکەمی مرۆڤە ئەندازەی سیفەتەکانی بۆ دادەنرێت.

**نموونەی دووەم: سیفەتی زاڵ و سیفەتی بەزیو:**

بە گەڕانەوە بۆ راستییە زانستییەکان بە تایبەتی راستییەکانی زانستی کۆرپەلەزانی و بە تایبەتی تر بۆماوەزانی (علم الوراثة Genetics)، ئەم بابەتەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە ئەم زانستە بۆی سەلماندووین لە زیندەوەرەکاندا دوو جۆر سیفەتی بۆماوەیی هەیە: ١- سیفەتی زاڵ (Dominant): ئەوەیە کە ئەگەر تەنها لە

یەکێك لە باوانەوە (دایك یان باوکی زیندەوەرەکەوە) بۆی بمێنێتەوە ئەوا بەمسۆگەری لە داهاتوودا لە کۆرپەلەکەدا دەردەکەوێت، بەڵام ٢- سیفەتی بەزیوو (Recessive): ئەوەیە کە ئەگەر لە دایك یان لە باوکییەوە بە تەنها بۆی بمێنێتەوە، ئەوا لە کۆرپەلەکەدا ئەو سیفەتە دەرناکەوێت، بەڵکو پێویستە ئەو سیفەتە بەزیوە لە هەردوو دایك و باوکەکەدا هەبێت و بۆ منداڵەکە بگوێزرێتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە کۆرپەلەکەدا بە مسۆگەری دەرکەوێت.

پاك و بێگەردی بۆ پەروەردگار و پێغەمبەرە بەڕێزەکەی، دەبینین ئەم راستی‌یە لە چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەردا (ﷺ) ئاماژەی پێدراوە، ئەوەتا دەبینین کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە پەروەردگار دەپاڕایەوە، لە یەکێك لە نزاکانی‌دا دەیفەرموو: [**متعنا اللّهم بِأسماعِنا وأبصارنا وقُوتنا أبـداً مـا أحييتنا، واجعلْه الوارثَ مِنـا**] حديث حسن رواه الترمذي و النسائي، واتە: ئەی پەروەردگار خۆشیمان پێ ببەخشە بە گوێکانمان و بە چاوەکانمان، و بە هێز و قووەتمان هەتا لە ژیاندا ماوین، و کە مردین ئەمە بکە بە سیفەتێکی زاڵ بۆ نەوەکانی پاش خۆمان، بەڕاستی سەرسوڕهێنەرە کە دەفەرموێت: (**واجعلْه الوارثَ مِنـا**) کە بە (إسم فاعل) هێناویەتی، واتە مەبەستی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەیە: ئەو سیفەتانە خۆیان بکەر(فاعل) بن و سیفەتەکان لە نەوەکانی داهاتوودا بە دڵنیایی‌یەوە دروست بکەن، کە وەك ووتمان ئەم بۆچوونە بە ووشەی زانستی بۆماوەزانی ئەمڕۆ پێی دەڵێین سیفەتی زاڵ.

هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: [**عن أبي هريرةَ (رضي الله عنه): أن أعرابِيا أتى رسولَ اللهِ (ﷺ) فَقَالَ: يا رسولَ اللهِ إن امرأتِى ولَدت غُلاماً أسود وإني أنكَرته، فَقَالَ له النبِـى (ﷺ): « هلْ لَك مِن إبِلٍ »، قَالَ: نعم، قَالَ: «ما ألْوانها»، قَالَ: حمر، قَالَ: « فَهلْ فِيها مِن أورق »، قَالَ: نعم، قَالَ رسـولُ اللـهِ (ﷺ): « فَأنى هو »، قَالَ: لَعله يا رسولَ اللهِ يكُونُ نزعه عِرق له، فَقَالَ له النبِى (ﷺ): « وهذَا لَعله يكُونُ نزعه عِرق لَه»**] رواه مسلم، واتە:







دوو وێنەی راستەقینەی لێك نزیك بوونەوە و یەکگرتنی ناووکی سپێرم وهێلکۆکە و توانەوەیان لە یەکتردا.




دوو هێڵکاری کرداری چوونە ناوەوەی ناووکی سپێرم بۆ ناو هێلکۆکە و یە گرتنی لەگەڵی‌دا و بوونیان بەیەك و دروست بوونی زایگۆت و پاشان دابەش بوونی دوو هێڵکاری کرداری چوونە ناوەوەی ناووکی سپێرم بۆ ناو هێلکۆکە و یەکگرتنی لەگەڵی‌دا و بوونیان بەیەك و دروست بوونی زایگۆت و پاشان دابەشبوونی.

پیاوێکی دەشتەکی هات بۆلای پێغەمبەر و پێی ووت: خێزانەکەم منداڵێکی ڕەشی بووە کە من ڕەش نیم و لە من ناچێت! پێغەمبەر(ﷺ) (بۆ ئەوەی تێگەیشتنی ئەم بابەتەی لا ئاسان بکات) لێی پرسی: تۆ ووشترت هەیە؟ ئەویش ووتی: بەڵێ، پاشان پێی ووت: ڕەنگیان چۆنە؟ ئەویش ووتی: سوورن، ووتی: باشە سپی ڕەنگیان تێدا نییە؟ ووتی: بەڵێ سپی تێدایە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی ووت: ئەوە تۆ چۆن دەیبینیت (ئاوا ووشترێکی سپی لە نێوان ئەو ووشترە سوورانەدا لەدایك بووە)؟ کابرا ووتی: لەوانەیە ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە ڕەگێکی پێشتر بێت و بۆماوەیە بۆ ئەم، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: دەبزانە لەوانەیە رەنگی منداڵەکەشت هەر بریتی بێت لە ڕەگێکی بۆماوەیی پێشترتان و بۆ ئەم ماوەتەوە، زاراوەی فەرموودەکە بەم شێوەیە هاتووە.

ئەم فەرموودە پیرۆزە دوو ئاماژەی بۆماوەیی گرنگی تێدایە کە زۆر تازە دۆزراونەتەوە لەم ڕۆژگارەدا، ئەوانیش ئەوەیە کە: ١- زۆر سیفەت هەیە بەزیوە، ٢- زۆر سیفەتی تریش هەیە کە لە وەچەیەکدا دەردەکەوێت بەڵام پاشان چەند وەچەیەکی تر دەپەڕێنێت و لە وەچەکانی داهاتوودا دەردەکەوێت، ئەمە دەیسەلمێنێت کە بەڕاستی پێغەمبەر (ﷺ) لەخۆیەوە قسەی نەکردووە: [**وما ينطق عن الهوى، إنْ هو إلا وحي يوحى**].

هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا هەمان ئەو بۆچوونە هاتووە کە زۆر سیفەت هەیە لە باوك و دایکەوە بۆ نەوەکانیان دەگوێزرێنەوە کە دەفەرموێت: [**تخيروا لنطفكم فإن العرق دساس ...**]، واتە: بزانن کە کێ هەڵدەبژێرن ببێت بە هاوسەرتان و شوێنی نوتفەکانتان لەبەر ئەوەی کە ڕەگی خراپ هەروەك ڕەگی چاك بۆ نەوەکان دەگوێزرێتەوە، کەواتە ئەو سیفەتانەی کە مرۆڤ هەیەتی زۆری بەهۆی بۆماوەوە لە باو و باپیرانی‌یەوە بۆی دەگوێزرێتەوە بەهۆی جینەکانی سەر کرۆمۆسۆمەکان.

**نموونەی سێیەم: دروست کردنی ژیان و مردن:**

خوای گەورە دەفەرموێت: [**تبارك الذي بيده الملك وهو على كل شيء قدير (١) الذي خلق الموت والحياة ليبلوكم أيكم أحسن عملا وهو العزيز الغفور (٢)**] (سورة الملك)، واتە: گەورە و موبارەك و پیرۆزە، ئەو زاتەی کە هەموو بوونەوەر و جیهانی بەدەستە، ئەو زاتەی دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، هەر ئەو خۆی مردن و ژیانی دروست کردووە، تا تاقیتان بکاتەوە، کێتان کردەوەی چاکتر و پەسەندترە .......

هەروەها لە سوورەتی (**الواقعة**)دا دەفەرموێت: [**نحن خلقناكم فلولا تصدقون{٥٧} أفرأيتم ما تمنون{٥٨} أأنتم تخلقونه أم نحن الخالقون{٥٩} نحن قدرنا بينكم الموت وما نحن بمسبوقين{٦٠}**]، واتە: ئێمە دروستمان کردوون، دە بۆچی بڕوا ناکەن، جا پێم بڵێن ئەو مەنی‌یەی کە لە جێی خۆیدا دایدەنێن؟ ئایا ئێوە دروستی دەکەن یان ئێمە بەدیهێنەرین؟! ئێمە نەخشەی مردنمان لەنێوانتاندا بڕیارداوە، کەس دەسەڵاتی پێش ئێمە نەکەوتووە و بێتواناش نین.

لەم ئایەتە پیرۆزانەدا ئاماژە بۆ ئەوە هاتووە کە خوای گەورە هەر لەگەڵ دروست کردنی مرۆڤدا مردن و هۆکارەکانیشی لەگەڵ دروست کردووە، دەرکەوتووە لەرووی بۆماوەیی‌یەوە هۆکارێکی سەرەکی پیر بوون و پاشان مردن لەناو کرۆمۆسۆمەکان خۆیاندا هەیە، کە سالانە سەلماوە لە درێژی ئەم کرۆمۆسۆمانە کەم دەبێتەوە، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە توانای خانەکانی لەش بۆ نوێ بوونەوە سالانە کەم ببێت و سەرەنجام پیربوون روودەدات، چونکە گرنگترین شتێك کە پارێزگاری لە بوونی مرۆڤ دەکات بریتی‌یە لەم نوێ بوونەوەیە (هەموو ٧ ساڵ جارێك زوربەی خانەکانی لەش نوێ دەبنەوە و تۆ دەبیت بە مرۆڤێکی نوێ)، ئەگەر ئەم کردارە پەکی بکەوێت سەرەنجام پیربوون و مردن روودەدات.

هەروەها زانستی نوێ بۆی سەلماندووین کە مرۆڤ تۆو و هۆکاری مردنی خۆی هەر لە کاتی دروست بوونی‌یەوە هەڵگرتووە لەناو کرۆمۆسۆمەکان و جینەکانی‌دا، سەلماوە کە زۆر جین هەن ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە تووش بوونی مرۆڤ بە نەخۆشی‌یە شێرپەنجەیی‌یەکان، و هەندێکی تر دەبنە هۆی دابەزاندنی بەرگریی مرۆڤ دژی نەخۆشی‌یەکان و لاوازی دەکەن، وەك ئەوەی کە لە نەخۆشی (ئەیدز)دا روودەدات، و هەندێکی تر پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان هەیە بە پەیدابوونی نەخۆشی‌یەکانی خوێنبەرەکان و نەخۆشی

شـەكرە، ئـەم جينانـە لـەو جۆرانـە نـين كـە ياسـاكانى بۆمـاوەزانى (مەنـدل)يـان بەسـەردا دەچەسـپێت، بـەڵكو تايبـەتن بـە كارلێكـە بـايۆلۆجى و كيميـايى ژينگـەيى و زيندە چالاكى‌يەكانەوە.

زوربەی نەخۆشی‌يەكان لـە يـەك هۆكـارەوە پەيدانابن بەڵكو فرە فاكتەرن، لەوانە: فاكتەرە ژينگەيى‌يەكانى وەك مادده كيميايى‌يەكان و پيس بوونى ژينگە و دەرمانەكان و تيشـكدان و خـۆراك و زينـدەوەرە وردەكـانى وەك ڤايرۆس و ميكرۆبـەكان، هـەروەها چـەندين فاكتـەريش هەيە كە لەناو لەشى مرۆڤ خۆی‌دايە، كە گرنگترينيان ئەو جينە بۆماوەيى‌يانەن كە هەڵياندەگرێت، ئەم فاكتەرانەن كە لە كۆتايی‌دا دەبنە هۆی لەناوبردنى مرۆڤەكان.

**نموونەی چوارەم: جياوازی رەنگ و شێوەی زيندەوەران و مرۆڤەكان:**

لـە ئايەتێكدا هاتووە: [**ألم تر أن الله أنزلَ من السماء ماء فأخرجنا به ثمراتٍ مختلفًا ألوانها ومن الجبال جددٌ بيض وحمر مختلف ألوانها وغرابيب سود ، ومن الناس والدواب والأنعام مختلف ألوانه كذلك إنما يخشى الله من عباده العلماء إن الله عزيز غفور**] (فاطر:٢٧-٢٨)، واتە: ئايا سەرنجت نەداوە كە بەڕاستى خـوا لـە ئاسمانـەوە بـارانى بارانـدووە، جا ئێمـە بـەو بارانـە جۆرەهـا بـەروبوومى جياوازمـان دەرهێنا (كە ڕەنگيان، قەبارەيان، تاميـان، بۆنيـان، شـێوەيان، شـوێنيان، وەرزيـان) جيـاوازە، هـەروەها هەنـدێ لـە كـەژ و كێوەكانمـان بە زنجيرە كێشاوە، هەيانـە چـين و هێـڵ و نەخشى سـپى و سـوورە و ئـەوانيش رەنگيـان جيـاوازە، هەشـيانە رەشێكى تاريك و تۆخە، هەروەها بەو شێوەيەش لـە خـەڵكيش، لە گيانـداران و مـاڵاتيش جۆرەهـا رەنگ و شێوە و قەبارەی جياواز هەيە، بەڕاستى هەر زاناكان پەی بـەو نهێنى‌يانـە دەبـەن و لـەناو بەنـدەكانى خـوادا ئـەوان زۆر بەچاكى لەخوا دەترسن .......

هەروەها دەفەرموێت: [**والله خلق كل دابة من ماء فمنهم من يمشي على بطنه ومنهم من يمشي على رجلين ومنهم من يمشي على أربع يخلق الله ما يشاء إن الله على كل شيء قدير**] (النور:٤٥)، واتە:




كرۆمۆسۆمەكان كە هەڵگری هەموو سيفاتەكانى ئادەميزادن، ئەگەر يەكێكيان بكەينەوە دەبينين لە لوولپێچێك لە دوو ريز ترشى ناووكى پێهاتووە.

هەروەها خودا هەموو زیندەوەرێکی لە ئاوێکی تایبەت دروست کردووە، جا هەیانە لەسەر سکی دەڕوات، هەیشە لەسەر دوو قاچ، هەیشە لەسەر چوار پێ دەڕوات، خودا هەرچی بوێت دروستی دەکات، بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

زیندەوەرزانی نوێ ئەو راستییەی بۆ دەرخستووین کە لەگەڵ ئەوەی هەندێك لێکچوون هەیە لەنێوان زیندەوەران لە شێوەی دەرە و گەشە کردنیاندا، بەڵام هەر لە سەرەتای دروست بوونیانەوە لەیەکتر جیاوازن و پێکهاتەی تایبەت بەخۆیان هەیە لە رووی بۆماوەییەوە، ئەم راستییە جیاوازی ژمارەی کرۆمۆسۆمەکان لە زیندەوەراندا بۆمان دەسەلمێنێت، بڕوانە ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| زیندەوەر | ژمارەی کرۆمۆسۆمەکان |
|---|---|
| مرۆڤ | ٤٦ |
| مەیموون | ٤٨ |
| کەروێشك | ٤٤ |
| بەراز | ٤٠ |
| مەڕ | ٥٤ |
| ئەسپ | ٦٦ |
| سەگ | ٧٨ |

لەلایەکی ترەوە بیردۆزی نوێی جیاواز بوونی خانەکان باسی ئەوە دەکات کە لە هەموو خانەیەکی مرۆڤدا هەموو سیفەتەکانی ئادەمیزادی تێدایە، بەڵام لە هەر خانەیەکدا کردارێکی جیاواز بوون روودەدات کە تەنها چەند سیفەتێکی لەهەر خانەیەکدا دەردەکەون و سیفەتەکانی تر سەرکوت دەکرێن، واتە هەموو جینەکان خامۆش دەبن تەنها ئەوانە نەبن کە بەرپرسیارن لە سیفەتە جیاکەرەوەکانی هەر خانەیەکی مرۆڤ.

کەواتە هەر خانەیەك هەموو سیفەتەکانی ئادەمیزادی تێدایە، بەڵام ئەوەیە لە هەندێك کەسدا هەندێك سیفەتی تایبەتی دەردەکەون کە لە کەسانی تردا نییە، ئەمە بریتی لە هۆکاری جیاوازیی زیندەواران و جیاوازیی خەڵکی لە سیفەتەکانیان و رەنگیان و رادەی ژیریی و توانا لاشەییەکانیان و شتەکانی تریشدا، کەواتە هەر لە دروست بوونی مرۆڤەکانەوە ئەم جیاوازییانە هەیە بە تەواوەتی وەك ئایەتە پیرۆزەکان ئاماژەیان پێداوە.

بەڕێزان نموونەی ترمان زۆرە لەم بوارەوە، یەکگرتنەوەی ئەم فەرمووودانە لەگەڵ راستییە زانستییەکاندا دووپاتی گەورەیی سەرچاوەکەیمان بۆ دەکاتەوە، ئێمە ئەگەر ئەمانەمان زانی و قەناعەتمان پێ کرد دەبێت قەناعەت بەوەش بکەین کە ئەو کەسەی ئەم ووتانەی ناردووە شایەنی ئەوەیە کە بیپەرستین، و هەر ئەویشە باسی زیندوو بوونەوە و رۆژی دوایی بۆ کردووین، و پێویستە لەسەرمان پابەندی فەرمانەکانی ببین و شوێن پەیامەکەی بکەوین.

هیوادارم خوای گەورە یارمەتیدەری هەموو لایەکمان بێت بۆ ئەوەی پابەند بین بە بەرنامە پیرۆزەکەیەوە، بە تایبەتی لەم مانگە پیرۆزەدا، خوای گەورە لە تاوانی هەموو لایەکمان ببورێت و لە کەسە سەرفراز و سەرکەوتووەکان حیسابمان بکات.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين ......

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته .............

## سەرچاوەکان:

١- قورئانی پیرۆز.

٢- تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان.

٣- ئاماژەکانی کۆرپەلەزانی لە قورئان و سوننەتدا/ د.کاوە فەرەج سەعدون/ چاپی یەکەم - ٢٠٠٦.

٤- إعجاز القرآن فيما تخفيه الأرحام/ كريم نجيب الأغر/ دار المعرفة - ٢٠٠٤.

٥- گۆڤاری (الإعجاز العلمي)/ ژمارە (١٦)ی رەجەبی (١٤٢٤ك - ٢٠٠٣ز)/ کە لەلایەن (الهيئة العالمية للإعجاز العلمي في القرآن والسنة)وە دەردەچێت.

٦- گۆڤاری (الإعجاز)/ ژمارە (٣)ی رەبیعی دووەمی (١٤١٨ك).

٧- گۆڤاری (الإعجاز العلمي)/ ژمارە (٤)/ ١٤٢٠ك - ١٩٩٩ز.

٨- گۆڤاری (الإعجاز العلمي)/ ژمارە (٥)ی رەمەزانی (١٤٢١ك) - کانوونی یەکەمی (٢٠٠٠).

# ئایا گەردوون دەخولێتەوە؟

ئامادەکردنی: جوان موحەممەد

ئێستا زاناکان سەرگەرمی ئەوەن کە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە ئەگەر هەموو شتەکان لە گەردووندالە جوڵەدابن ئاخۆ گەردوونیش هەر لە جوڵەدایە واتە گەردوونیش دەخولێتەوە ؟

لەو ڕوانگەیەوە پرسیاری زۆر و سەیر خۆیان قوت دەکەنەوە !

خوای گەورە گەردوون و هەموو شتەکانی نێو گەردوونی بەدیهێناوە و ئینجا جەختیش لەوە دەکاتەوە کە هەر هەموو لە جوڵەی بەردەوامدان وەك دەفەرموێت :



﴿وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ﴾ [الأنبياء: ٣٣].

واتە خوای گەورە شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگی بەدیهێناوە و هەر هەمووشیان لەم گەردوونەدا لە مەلە کردندان ، ئینجا ئەو پرسیارە دەکرێت چۆن شەو و ڕۆژ دەخولێتەوە ؟ ماوەی چەند ساڵێکە کە ئەو پرسیارە هاتۆتە مەیدان هەرچەندە تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە بەڵام بە ڕاشکاوانە ئەوە ڕاستیەکە و نکوڵی لێناکرێت چونکە قورئان و گەردوون لە یەك سەرچاوەوە هاتوون کە خوای گەورەیە و قورئانیش بۆ خۆی موعجیزەیە و مەرج نییە کە کاتێك مرۆڤ نەگەیشتە وەڵامی پرسیارێك ئیتر ئەوە وانیە و ڕاست نیە، چونکە دوورنیە کە ئەوە کاتی مابێت بۆ ئەوەی مرۆڤ پێی بگات . ماوەیەك پێش ئێستا لە یەکێك لە گۆڤارە زانستیەکاندا ووتارێکی زانا (پاوڵ مەزەر ) بڵاوکرایەوە کە تیایدا پرسیاری ئەوە دەکات کە ئەگەر هەموو شتەکان لە جوڵەدان ئەی ئاخۆ کات و شوێن



دەخولێنەوە ؟ بەڵام ئەو وەڵامی پێ نیە ، بەڵام خۆزگە ئەو زانایانە قورئانی پیرۆزیان دەخوێندەوە تا ڕاستی ڕەها ببینن لە ئایەتەکانیدا ، قورئان ئاماژە بەوە دەدات کە شەو و ڕۆژ لە گەردوونێکی دیاریکراودا مەلە دەکەن ﴿ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴾ کە ئەوەش ئاماژەیە بۆ شوێن و کات بەڵام چۆن !؟

بە دوای یەکدا هاتنی شەو و ڕۆژ مانای گوزەر کردنی کاتە بە نێو ئەو بەدوای یەکدا هاتنە کە ئەوەش ئاماژەی یەکەمە بۆ کات ، بەڵام ئاماژەی دووەم لە ووشەی ( اللیل )دا دەیبینین بۆ یەکەم سەرنج واتێدەگەین کە شەو بە مانای تاریکی دێت ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو تاریکیە پێویستی بە شوێنە تا بەو

تاریکیەی پڕبێتەوە کە ئەوەش ئاماژەی دووەمە بۆ شوێن ، کورتەی ئایەتەکە ئەوەیە کە شەو و ڕۆژ واتە شوێن و کات دەخولێنەوە هەروەهاش بۆ خۆر و مانگ کە ئاماژەن بۆ مادده و ووزە کە خۆر ئاماژەیە بۆ ووزە چونکە خۆی سەرچاوەی ووزەیە و مانگیش کە بریتیە لە ماددەی سارد و ڕووت ئاماژەیە بۆ مادده ! خۆر و مانگیش تاقە مادده و ووزە نین لەم گەردوونەدا کە دەخولێنەوە بەڵکو هەر لە گەردیلەیەکەوە تا گەورەترین مەجەڕە وان لە جوڵە و تەسبیحات .

ئایەتەکەی پێشو چوار ڕەگەزی گەردوونی لەخۆ دەگرێت کە بریتین لە شوێن و کات و مادده و ووزە کە هەر هەموویان وان لە خولانەوە و جوڵە واتە گەردوونیش وا لە جوڵە و خولانەوەدا ئەمەش ئەو هەستەیە کە ئەمڕۆ وا لە لای زانا گەردوونیەکان ، بەڵام قورئانی پیرۆز پێش ئەوان ئاماژەی بۆ کردووە : ﴿وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ﴾ [الأنبياء: ٣٣].

لە ئایەتەکەدا سەرنجمان بەلایەکی دیکەی ئیعجازیدا دەڕوات کە ئەویش ئەو ڕیزبەندیەیە کە لە ئایەتەکەدا هەیە :

**شەو.... ڕۆژ.....خۆر.... مانگ ....بۆچی واڕیزکراون ..؟**

هەموو ریزبەندیەك لە قورئاندا بۆ خۆی مەبەست و حیکمەتی تێدایە کە ئەویش پایەندی گرنگی ئەو ریزکراوانەیە ، شەو کە بریتیە لە تاریکی بۆیە پێشخراوە ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بەشێکی زۆری ئەم گەردوونە بریتی بێت لە تاریکی ئەوەش بۆ زاناکان دەرکەوتووە کە ٩٥ ٪ ی گەردوون بریتیە لە ماددەی تاریك .

ڕۆژ ئاماژەیە بۆ ڕووناکی کە ڕێژەی ڕووناکی لە چاو تاریکیدا کەمترە بۆیە بە پلەی دووەم هاتووە ، دوای ئەویش خۆر دێت کە ئاماژەیە بۆ ئەستێرەیەك لە نێو بلوێنەها ئەستێرەی دی لەم گەردوونەدا کە ڕووناکی پەخش دەکات بۆیە بە پلەی سێیەمیش هاتووە چونکە ژمارەی ئەستێرەکان لە چاو ئەو ڕووناکیەی کە پەخشی دەکەن زۆر کەمە ،خۆر ڕووناکیەکەی دەگەیەنێتە ملوێنەها کیلۆمەتر دوور لەخۆی ، لە دواییدا مانگ دێت کە ئاماژەیە بۆ ماددەی سارد و ڕووت کە ڕێژەی ماددەی بینراوی ئەم گەردوونە لە ٥٪ تێپەڕناکات ! واتە ئەو ڕیزبەندیە قورئانیە بە پێی قەوارە و بڕی بوونەوەرەکان دێت لە گەردووندا کە لەکاتی دابەزینی قورئانەوە و تا ماوەیەکی کەمی پێش ئێستاش گرنگی ئەو ڕیزبەندیە نەزانراو بوو .

ئیعجازێکی دیکەی گرنگ لە ئایەتەکەدا کە ئەویش هەر ئاماژەیە بۆ گرنگی ڕیزبەندی لە قورئاندا بەڵام ئەمجارە بە ژمارە کە ئەویش ژمارەی ئەو چوار ڕەگەزەی پێشووە لە قورئاندا کە بەهەمان ڕیزبەندی پێشو هاتوون : ووشەی ( الليل ) لە قورئاندا ( ٩٢ ) جار هاتووە ، ووشەی ( النهار ) لە قورئاندا ( ٥٧ ) جار هاتووە ، ووشەی ( الشمس ) لە قورئاندا ( ٣٣) جار هاتووە و ووشەی ( القمر ) یش ( ٢٧ ) جار هاتووە !!! لەوانەش هەموو سەیرتر ئەوەیە کە کۆی ئەو ژمارانەی سەرەوە کە بریتین لە دووبارە بوونەوەکان ( ٩٢، ٥٧ ،٣٣ ،٢٧ ) دەکاتە ٢٠٩ و ئەویش دابەشی ١٩ دەبێت بە بێ ماوە ،ژمارەی ١٩ کۆی پیتەکانی ( بسم الله الرحمان الرحیم ) ەو ژمارەکەش بە ڕاشکاوانە لە قورئاندا هاتووە ( عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ) المدثر: ٣٠.!

ئەوە ماوە بڵێین کە خوای گەورە هەموو شتەکانی بە ووردی باس کردووە ﴿وَكُلَّ شَيْءٍ فَصَّلْنَاهُ تَفْصِيلًا﴾.

دەی خوێنەری بەڕێز سەنج بدە و بیر بکەرەوە کە چۆن ئەو ڕیز بەندیە بۆ بڕو قەوارەی بەدیهێنراوەکانی ئەم گەردوونە خۆی بە هەموو شێوەکان نومایش دەکات بە بێ ئەوەی کەمترین هەڵە لە خۆی بگرێت کە ئەگەر ئەو قورئانە لە لایەن خوای گەورەوە نەهاتبێت موحەمەدێکی نەخوێندەوار ئەو وردەکاریەی چۆن دەزانێت .

**سەرچاوەکان :**

www.kaheel7.com

[١] Is space-time actually a superfluid?, New Scientist, 09 June 2006 .

[٢] Papantonopoulos, The Physics of E Universe ،the Early Springer,2005




# تەقینەوە مەزنەکە

## لە نێوان زانستی نوێ و قورئانی پیرۆزدا

بە پێنووسی ئەندازیار: عبد الدائم الكحيل
وەرگێڕانی بۆ کوردی: فارووق ڕەسووڵ یەحیا

خـوای گـەورە لـە قورئـانی پـیرۆزدا ڕووی گوفتـار لـە پێغەمبەری ئازیز ﷺ دەکات و دەفەرموێ: ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَاناً لِكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ﴾ (النحل: ٨٩). واتە: (قورئانمان بۆ تۆ ناردووە و، هەموو شتێك ڕوون دەکاتەوە و، ڕێنمایی و میهرەبانی و مژدەیە بۆ موسڵمانان).

سەرنج بدە – خوێنەری بەڕێز – کە چۆن خوای گەورە لە وەسفی قورئاندا فەرمووی: ﴿تِبْيَاناً لِكُلِّ شَيْءٍ﴾ (هەموو شتێك ڕوون دەکاتەوە)..

هـەروەك لـە ئایـەتێکی تـردا جـەخت لەسـەر ئـەم واتایـە دەکاتەوە و دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لأُولِي الأَلْبَابِ مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَى وَلَكِنْ تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ (یوسف: ١١١). واتە: (بەسەرهاتی پێغەمبەران – دروودی خوایان لەسـەر بێـت – کـە قورئـان دەیانگێڕێتـەوە پەنـد و ئامۆژگاری‌یان تێدایە بۆ کەسانی خاوەن هۆش و ژیری و، ئەم قورئانە گوفتارێکی دەمهەڵبەست نی‌یە، بەڵکو پشت ڕاسـتکەرەوەی ئـەو کتێبانـەی پـێش خۆیـەتی کـە خـوای گـەورە نـاردوونی و، شـیکەرەوەی هـەموو شـتێکە و، ڕێنمایی و میهرەبانی‌یە بۆ ئیمانداران).

بڕوانە کە چۆن خوای گەورە جارێکی تر لە وەسفی قورئاندا فـەرمووی: ﴿وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ﴾ (شیکەرەوەی هەموو شتێکە)!

جـا ئایـا ئـەم دەقـە ڕاشـکاوانەی قورئـانی پـیرۆز سەروزیادی ئەوە نین کە تێبگەین لەوەی قورئانی پیرۆز هەموو شتێکی پێویستی ڕوون کردووەتەوە؟

لـەم وتـارەدا هـەوڵ دەدەیـن کـە لـە ڕۆشـنایی ئـەم دوو دەقـەوە لـە کێشـەیەك بدوێین کە جێی وتووێژە لە ئاستە زانستی‌یەکانی ئەمڕۆدا، کە بریتی‌یە لە (بیردۆزی تەقینەوە مەزنەکە).




پێش ئەوەی بڕۆینە ناو درێژەی ئەم باسە، پێویستە ئـەوە بخەینـە ڕوو کـە قورئـانی پـیرۆز بـەوە تایبەتمەنـدە "گیـان" و "ژیـری"ی مـرۆڤ پێکـەوە گـرێ دەدات، ئـەوەتا هەروەك قسە لە ڕاستی‌یە زانستی‌یەکان دەکات، لە هەمان کاتدا لە ئامانجی باسکردنی ئەو ڕاستی‌یانەش دەدوێ، کە گەیشتنی مرۆڤە بە ناسینی خوای گەورە. واتە: ڕاستی‌یە زانستی‌یەکە دەکات بە هۆکارێکی نزیك بوونەوەی مرۆڤ لە خوای گەورە.

لـەم ڕەهەندەشـەوە سـەرنج دەدەیـن کـە هـەموو جارێ زانایان ڕاستی‌یەکی زانستیی نـوێ دەدۆزنـەوە و پـەردەی لەسـەر لادەبـەن، دەبـینین قورئـان پـێش ئـەوان لێـی دواوە! واتـە ئێمـە لـە ڕاستیدا لـە بـەردەم کتێبێکداین کـە هەمیشـە

موعجیزەی نوێ دەخاتە پێش چاوی مرۆڤ کە شیاوی کات و شوێنەکان بێت.. کەواتە قورئان موعجیزەی بۆ هەموو مرۆڤێك تێدایە، هەر کەسەو بەپێی پسپۆڕی و شارەزایی خۆی..

ئەو کەسەی حەز دەکات هەواڵی نەتەوە پێشووەکان بزانێت، با قورئان بخوێنێتەوە.. ئەو کەسەی دەیەوێ لە ڕاستی‌یەکانی ئەمڕۆ شارەزا بێت، با قورئان بخوێنێتەوە.. ئەو کەسەش پێی خۆشە بەرەو جیهانی ئاینده بڕوات، با دڵی لە بەردەم قورئاندا بکاتەوە.

یەکێ لە تایبەتمەندی‌یەکانی ئەم قورئانە لەوەدایە کە موعجیزەیەکی هەمیشە نوێ و بەردەوام و ئیعجاز بەخشە لە هەموو چەرخێکدا و، بە زمانی ئەو چەرخ و سەردەمە.

موعجیزەکانی پێغەمبەرانی پێشوو – درووديان لەسەر بێت – لە سنووری کات و شوێنێکی دیاری کراودا بوون، کەچی موعجیزەی قورئان، کە هی دواهەمین پێغەمبەری ڕەوانە کراوی خوای گەورەیە، سنووری کات و شوێن و تەنانەت زمانیشی بەزاندووە، نابینی ڕاستی‌یە زانستی‌یەکانی زانستی نوێ هەمان ڕاستین لە هەموو شوێنێکی جیهاندا!

**قورئان بانگهێشتی مرۆڤ دەکات بۆ تێڕامان لە گەردوون:**

سەرنج لەم دەقە ڕەنگینەی قورئانی پیرۆز بدە سەبارەت بە تێڕامان لە بەدیهاتووانی خوای گەورە: ﴿ویتفکّرون في خلق السموات والأرض﴾ (آل عمران:١٩١). واتە: یەکێك لە نیشانەکانی مرۆڤانی ژیر و هۆشمەند ئەوەیە کە (لە بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی ڕادەمێنن). دیارە ئەمەش بانگەوازێکی ڕاشکاوە بۆ ڕامان و سەرنجدان لە بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی. بۆیە ئێمەش لەم وتارەدا بەدەم ئەم بانگەوازەوە دەڕۆین، تاکو چەند ساتێکی خۆش لەسایەی‌دا بەسەر بەرین.

ئەوەتا حەزرەتی ئیبراهیم – درودی خوای لەسەر بێت – دەڕوانێتە ئاسمانەکان و زەوی تاکو لە باوەڕی بە خوای گەورەدا پتر دڵنیا بێت: ﴿وكذلك نُري إبراهيمَ ملكوتَ السمواتِ والأرض وليكون من الموقنين﴾ (الأنعام:٧٥).

ئەم ئایەتە جەخت لەوە دەکات کە بینینی بەدیهاتووانی ئاسمانەکان و زەوی و تێڕامانیان دڵنیایی بە مرۆڤ دەبەخشێت لە بابەتەکانی ئیماندا. خۆ ئێمەش لەم چەرخەدا گەلێ پێویستمان بەم دڵنیایی و متمانە و باوەڕە هەیە سەبارەت بە خوای گەورە.

پێغەمبەری سەروەرمان – درودی خوای لەسەر بێت – هەندێ جار شەوان لە ماڵ دەهاتە دەر و سەرنجی لە بەدیهاتنی ئاسمانەکان دەدا، چونکە هەرکات موسڵمان لە بەدیهاتووانی خوای گەورە ڕادەمێنێت، پەی بە گەورەیی بەدیهێنەر دەبات و تێدەگات کە هەموو وشەیەکی ئەم قورئانە پیرۆزە حەقە و لە لایەن خوای گەورەوە هاتووە و، دەزانێ کە توانستی خواوەند لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە.

ئەو بۆچوونەش گەلێ هەڵەیە کە پێی وایە مرۆڤ مادەم باوەڕدار بێت ئیتر پێویستی بە "ئیعجازی زانستی" نییە، بەڵکو پێچەوانەی ئەمە ڕاستە. چونکە مرۆڤ – بە تایبەت لەم سەردەمەی خۆماندا – بەردەوام پێویستی بەو نیشانە و بەڵگانە هەیە کە پتر لەسەر حەق و ڕاستەشەقام بە دامەزراوی دەیهێڵنەوە. کەواتە نابێ موسڵمان لە زانستی چەرخەکەی و گەشە کردنی دابڕێت، بەڵکو دەبێ هەمیشە پێش خەڵکانی تر بکەوێ.



وێنەیەکی ناوەندی گەلەستێرەی (ڕێی کاکێشان)

خۆ ئەو کەسەی کە لەم گەردوونە و ئەو سیستەمە توندوتۆڵە ڕادەمێنت کە خوای گەورە بۆ هەر ئەستێرە و گەلەستێرە و تەنانەت هەر گەردیلەیەکی داناوە، پەی بە مەزنیی بەدیهێنەر دەبات و تێدەگات کە خواوەند لە هەموو شتێك گەورەترە. دیارە هەر ئەمەش ئامانجی تێڕامان و سەرنجدانە لە بەدیهاتووان.

ئەوەتا قورئان خۆی داوای بیرکردنەوەمان لێ دەکات و بۆ توێژینەوەی زانستی و ڕامان لە سەرەتای بەدیهاتن هانمان دەدات، دەفەرموێ: ﴿قُلْ سِيرُوا فِي الأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ ثُمَّ اللَّهُ يُنْشِئُ النَّشْأَةَ الآخِرَةَ إِنَّ

اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ (العنكبوت:٢٠). واتە: (پێیان بڵێ: با گەشت بە زەویدا بکەن و ببینن کە چۆن خوای گەورە سەرەتای بەدیهێنانی دەست پێ کرد، پاشان هەر ئەو بەدیهێنەرەیە کە بۆ جارەکەی تریش بەدییان دەهێنێتەوە و، ئەو خوایە بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە).

جێی خۆیەتی کە لێرەدا بپرسین:

ئایا قورئان یەکەم بانگهێشت نییە کە لە ناوەندی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە داوای ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیی کردبێت؟

**قورئان لە فراوانبوونی گەردوون دەدوێت:**

هەتا سەرەتای سەدەی بیستەمیش زانایان پێیان وابوو گەردوون جێگیرە و ناگۆڕێت، بەم شێوەیەی ئێستای هاتووە و هەر وەهاش دەڕوات، بێ ئەوەی کۆتایی هەبێت! ئەوەتا "خۆر" هەموو ڕۆژێك لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدێت و لە خۆرئاواشەوە ئاوا دەبێت.. "هەیڤ"یش مانگانە چەند مەنزڵێکی دیاری کراوی هەیە لێی لا نادات.. "چوار وەرز"ی ساڵیش بە بەردەوامی بە دوای یەکدا دێن.. "ئەستێرەکان"یش هەر ئەوانەن کە هەن و وەکو خۆیان دەمێننەوە.




وێنەیەك فراوانبوونی گەردوون دەردەخات بە تێپەڕبوونی کات

جا ئایا لە سایەی ئەم تێڕوانینەدا کێ بە ئەندێشەیدا دەهات کە "گەردوون" بەردەوام گەورە و فراوان دەبێت؟ ئایا ژیرییەك بەو شێوەیە بیر بکاتەوە هەرگیز بۆ ئەوە دەچێ کە سەرانسەری گەردوون لە درێژبوونەوە و فراوانبووندایە؟

بەڵام لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا چەند ئامێرێکی یەکجار وردکار داهێنران کە دەتوانن ئەو ڕووناکییە شی بکەنەوە کە لە ئەستێرەکانەوە دێن. ئەو هەواڵە ناکاوەی چاوەڕوان نەدەکرا و جیهانی سەرسام کرد لە دەرەنجامی شیکردنەوەی ئەو ڕووناکییانەدا ئەوە بوو کە: ئەو ڕووناکییانە بەرەو ڕەنگی سوور خوار دەبنەوە.. بەڵام ئایا ئەم دیاردەیە چی دەگەیەنێت؟



ئەم وێنەیە دەری دەخات کە گەلەستێرەکان بە تێپەڕبوونی کات لە یەك دوور دەکەونەوە. ئەمەش ڕاستیی فراوانبوونی گەردوون دەسەلمێنێت.

ئەگەر لە ڕێی تەلەسکۆبی گەورەوە بڕوانینە هەر ئەستێرەیەك دەبینین ئەو شەبەنگی ڕووناکییەی لەو ئەستێرەیەوە بەرەو خۆمان دێت سێ گریمانی هەیە:

١ – ئەگەر ماوەی نێوان ئێمە و ئەستێرەکە نەگۆڕ بێت، ڕەنگەکانی شەبەنگی ئەو ڕووناکییەی لەوێوە دێت وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

٢ – گەر ئەستێرەکە لە ئێمە نزیك بێتەوە، شەبەنگی ڕووناکییەکەی لادانێك بەرەو ڕەنگی شین بە ئاراستەی شەپۆلە کورتەکانی ڕووناکی بە خۆیەوە دەبینێت، وەك بڵێی ئەو شەپۆلانە دەپەستێن.

٣ – خۆ ئەگەر ئەستێرەکە لە ئێمە دوور بکەوێتەوە، ئەوا شەبەنگی ڕووناکییەکەی بەرەو ڕەنگی سوور و بە ئاراستەی درێژە شەپۆلەکانی ڕووناکی لادانی پێوە دەردەکەوێ، وەك بڵێی ئەو شەپۆلانە بڵاو دەبنەوە و دەکشێن.

ئەو دەرەنجامەی کە زانایانی گەردوونناسی لەم ڕووەوە بەدەستیان هێنا ئەوەبوو کە زۆربەی گەلەستێرە دوورەکان بە چەندین خێرایی یەکجار گەورە و زۆر کە هەندێ جار دەگاتە هەزاران (کم/چرکە) لە ئێمە دوور دەکەوێتەوە! بۆیە دەبینین ئەو ڕووناکییەی لەوێوە دەگاتە لامان بەرەو ڕەنگی سوور لادەدات.

پاش پەرەسەندن و بەرەو پێش چوونی ئامێرەکانی پێوانە و شیکاری و لە ڕێی بەرنامە کۆمپیووتەرییەکانیشەوە جەخت لەسەر ئەم ڕاستییە زانستییە کرایەوە. تەنانەت ئەمڕۆ دەبینین هەر

توێژینەوەیەکی گەردوونی لە ڕەهەندی ئەم ڕاستییە دڵنیابەخش و یەقینییەوە هەنگاو دەنێت.

ئێستاش دەگەڕێینەوە خزمەتی کتێبەکەی خوای گەورە – قورئانی پیرۆز – تاکو بزانین زانای ئاشکرا و پەنهانەکان لەم بارەیەوە چی ڕادەگەیەنێت؟

ئەوەتا قورئان لەبارەی فراوانبوونی ئاسمانەکانەوە دەفەرموێ: ﴿والسماءَ بنيناها بأيد وإنا لموسعون﴾ (الذاريات:٤٧)!

واتە: (بە دەست و دەستەڵاتی خۆمان ئاسمانمان بنیات ناوە و هەر ئێمەش بەردەوام فراوانی دەکەین).

سەرنج لە وشەی (لموسعون) بدە، واتە: (بەردەوام فراوانی دەکەین) کە زۆر بە وردی و تەواوەتی فراوانبوونی بەردەوامی گەردوون دەردەبڕێت. کەواتە گەردوون لە ڕابووردوودا فراوان بووە و ئێستاش لە دۆخی فراوانبووندایە و لە داهاتووشدا هەر فراوان دەبێت، تا ئەو کاتەی خوای گەورە ویستی لەسەری بێت. هەموو ئەم فراوانبوونانە وشەی (لموسعون) لەخۆی گرتوون.

پێش ئەوەی ئایەتەکە لە فراوانبوونی گەردوون بدوێ، زانیارییەکی نوێ لەسەر خەرمانی زانیارییەکانی دیکەی مرۆڤ مەڵۆ دەکات. کە لەوەدایە بنیاتنان: (بنيناها) بۆ ئاسمانەکان بەکاردەهێنێت! ئەوەش ڕاستییەکی زانستییە لەم دواییەدا زانست سەلماندوویەتی. چونکە گەردوون بینا و تەلارێکی کامڵی وەهایە کە شوێنی هیچ بۆشاییەکی تێدا نییە، لەبەر ئەوەی وزە و ماددە هەموو شوێنەکان پڕ دەکەنەوە. کەچی زانست زاراوەی (فضاء Space) واتە: (بۆشایی) بەکارهێناوە. لە کاتێکدا بۆشایی هەر لە ئارادا نییە. ئەوەتا هەموو خاڵێکی گەردوون چ بە وزە و چ بەو تەنە یەکجار وردانەی کە لە گەردیلە بچووکترن و ناوی (تیشکی گەردوونی)یان لێ نراوە، پڕ کراوەتەوە.

ئا لێرەدا جارێکی تر بڵندیی قورئان بەسەر زانستی مرۆڤدا دەردەکەوێتەوە. زانست لە "بۆشایی" دەدوێت و قورئانیش لە "بینا"! دیارە هەر لە ڕووی زانستییەوە وشەی بینا گەلێ گونجاوترە بۆ وەسفی ئاسمانەکان. قورئان لە ئایەتێکی تردا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئاسمان بینایە، کاتێ لەوە دواوە کە دەگونجێ مرۆڤ لە بینای ئاسمان تێبگات: ﴿أفلم ينظروا إلى السماء فوقهم كيف بنيناها وزيّناها﴾ (ق: ٦).

واتە: (ئایا ئەوان بۆ ئاسمانیان نەڕوانیوە بەسەریانەوە کە چۆن بنیاتمان ناوە و ڕازاندوومانەتەوە)؟

تەنانەت زانایانی گەردوونناسیی ئەمڕۆ زاراوەی (تانوپۆی گەردوونی) بۆ ماددەی گەردوون بەکاردەهێنن، دوای ئەوەی بۆیان سەلما کە گەردوون پێکهاتەیەکی تانوپۆکراوی هەیە! ئەوەشمان بەلاوە سەیر نەبێت کە ئێستا زانستێکی سەربەخۆ هەیە لەم پێکهاتە تانوپۆکراوەی گەردوون دەدوێ و دەکۆڵێتەوە.

جا ئەم پێکهاتە و بینا تانوپۆیەی گەردوون قورئان بە ڕوونی لێی دواوە. ئاشکرایە هەر تانوپۆیەک دەبێ چنینەکەی تۆکمە و قایم بێت، تاکو بۆ بەکارهێنان دەست بدات. نابینی مرۆڤ هیچ سوودێک لە تاڵە دەزووەکان وەرناگرێت گەر لە شێوەی پارچە پۆشاکێکی تۆکمە و توندوتۆڵدا نەچنرابێت.

ئنجا کە دەگەڕێینەوە بۆ لای قورئانی پیرۆز دەبینین بە یەک دانە وشە: (الحُبُك) واتە: (چنینی توند و قایم) لەم تانوپۆ گەردوونییە دەدوێت و دەفەرموێ: ﴿والسماءِ ذاتِ الحُبُكِ﴾ (الذاريات:٧)!

واتە: (بەو ئاسمانەی کە ڕێ ڕێ بە توندوتۆڵی چنراوە).

ئێمە گەر لە دەرەوەی گەردوونەوە بۆی بڕوانین تانوپۆیەکی ڕەنگینی توندوتۆڵ و چنراو بەوپەڕی وردی دەبینین کە لە هەزاران ملیۆن گەلەستێرە و تۆزوخۆڵی گەردوونی و شتانی تر پێکهاتووە، کە زانستی ئەمڕۆ لە زانینیاندا دەستەوسانە.. جا هەموو ئەمانە، خوای گەورە بە سێ وشە: ﴿والسماءِ ذاتِ الحُبُكِ﴾ وەسفی کردووە!

**قورئان لە سەرەتای گەردوون دەدوێ:**

ئایا گەردوون سەرەتای هەیە؟ گەر هەیەتی شێوەی چۆن بووە؟ کەی دەستی پێ کرد و بەرەو کوێ دەڕوات؟

ئەم چەشنە پرسیارانە هەر لە مێژە مرۆڤ خولیای دۆزینەوەی وەڵامەکانیان بووە. بەڵام تەنها لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا توانرا بە شێوەیەکی زانستی وەڵام بدرێنەوە.

کەواتە زانایانی گەردوونناسی هەواڵی چیمان پێ ڕادەگەیەنن؟ ئەو ڕاستییانە چین کە پێیان گەیشتوون؟

نزیکەی نیو سەدەیەک دەبێت کە زانایان تێبینیی ئەو شەپۆلە کارۆموگناتیسییانەیان کردووە کە بەرەو زەوی دێن و، دەستیان دایە شیتەڵ کردنەوەی ئەو شەپۆلانە. لە

ئەنجامدا بۆیان دەرکەوت کە هی هەزاران ملیۆن ساڵ لەمەوپێشە!




وێنەیەك بۆ ڕوونكردنەوەی ڕوودانی تەقینەوەی مەزن (فتق الرتق)

ئەو کاتە زۆرینەی زانایان قسەیان لەسەر ئەوە یەکانگیر بوو کە ئەو جۆرە تیشکانە هی پاشماوەی تەقینەوەیەکی مەزنە. بۆیە گەڕانەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە سەرەتای گەردوون و فراوانبوونی. بۆیان دەرکەوت کە سەرانسەری گەردوون لە یەك دانە خاڵەوە دەستی پێ کردووە. جا لەبەر ئەوەی گەردوونی ئەمڕۆ بەردەوام لە فراوانبووندایە، ئەوا دەبێ هەتا بەرەو دواوە بگەڕێتەوە قەبارەکەی بچووکتر بێتەوە، هەتا دەگاتەوە خاڵی سەرەتا. ئیتر ئا لێرەوە بیردۆزی (تەقینەوەی مەزن Big Bang) هاتە گۆڕێ، کە سەرەتای گەردوون و گەشە کردنی بەوە لێك دەداتەوە کە گەردوون لە بارستاییەکی یەکجار قورس پەیدا بووە کە تەقیوەتەوە و ئەم گەلەستێرانەی لێ پێکهاتووە و، تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

ئەم "بیردۆز"ەیە ئەمڕۆ بووە بە "ڕاستییەکی زانستی"ی دڵنیایی‌بەخش، چونکە هەموو دیاردە و دۆزینەوە تازەکان پشتی دەگرن و جەختی لەسەر دەکەنەوە. خۆ کەسیش لەمڕۆدا ناتوانێ جووڵەی گەلەستێرەکان نەسەلمێنێ کە هەموو چرکەیەك بە خێرایی زیاتر لە (دە هەزار کم) لە ئێمە دوور دەکەونەوە!

کە سەر لە قورئانی پیرۆز دەدەینەوە، لێدوانێکی یەکجار ورد سەبارەت بەم بابەتە زانستییە دەبینین، ئەو قورئانەی کە ڕوونکەرەوەی هەموو شتێکە. ئەوەتا دەفەرموێ:

﴿أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلا يُؤْمِنُونَ﴾ (الأنبياء: ٣٠)

واتە: (ئایا کافرەکان نازانن کە ئاسمانەکان و زەوی یەك پارچە بوون ئێمە لێکمان هەڵوەشاندن. هەموو زیندەوەرێکیش ئێمە لە ئاو ژیانمان داوەتێ. هێشتا هەر باوەڕ ناهێنن)؟

لێرەدا جارێکی تر بڵندیی ڕوونکردنەوەی قورئان بەسەر ڕاستییەکانی زانستدا دەردەکەوێتەوە. ئەوەتا زانستی نوێ سەرەتای گەردوون ناو دەبات بە "بارستایی" کە لە ڕووە زانستییەکەیەوە ناوێکی ڕاست و دروست نییە، چونکە "بارستایی" ئاماژەی تێدا نییە بۆ هیچ کام لە جۆرەکانی بینا و جووڵە.. بەڵام قورئانی پیرۆز زاراوەیەکی یەکجار وردمان دەداتێ کە بریتییە لە: (رَتْق) واتە: (یەك پارچە). ئەم وشەیەش ئاماژەیەکی تێدا دەبینین بۆ پێکهاتە تانوپۆی گەردوون و، بۆ بوونی سیستەمیش هەر لە سەرەتای بەدیهاتنیەوە و، دەری دەخات سەرەتای گەردوون بەو جۆرە نەبووە کە زانایان وەسفی دەکەن گوایا ئەو بارستاییەی کە سەرەتا گەردوونی لێ دروست کرا سەرانسەر هەڕەمەکی و بەرباد بووە.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زانایان زاراوەکانیان ڕاست دەکەنەوە و دەستکارییان دەکەن تاکو لەگەڵ دۆزراوەی نوێدا یەکیان بخەن و بیانگونجێنن، بەڵام ئەو خواوەندە مەزنەی کە هەر خۆی گەردوونی بەدیهێناوە و زانای نهێنی و پەنهانەکانە هەر لە سەرەتای دابەزینی قورئانی پیرۆزەوە زاراوە ورد و نەگۆڕەکانی دەست نیشان کردووە.

قورئانی پیرۆز لە ناوەندی وشەی: (ففتقناهما)دا بەردەوامە لە دەرخستنی بڵندیی خۆی بەسەر زانستی مرۆڤدا. چونکە لەم وشەیەدا ڕێسا و سیستەم لە پرۆسەی لێکهەڵوەشانی سەرەتای گەردوون و پێکهاتنی ئەم گەلەستێرە بینراوانە دەردەکەوێت. زانست ئەم پرۆسەیە ناو دەبات بە "تەقینەوە". خۆ ئەم وشەیە جگە لە کاری هەڕەمەکی و بەربادی شتی تر ناگەیەنێت، چونکە هیچ کاتێك ناگونجێ تەقینەوە کارێکی ڕێکوپێك بێت. کەچی ئەو وشانەی کە بەدیهێنەری گەردوون و شارەزای نهێنییەکانی بەکاریان دەهێنێت چەند وشەیەکی واقیعی و ڕاستەقینەن: (رَتق) و (فَتق). واتە تانوپۆی گەردوون یەك پارچە بوو، پاشان خوای گەورە بە توانستی خۆی لێکی هەڵوەشاندەوە.

با پێکەوە سەرنج لە وشەی: (ففتقناهما) بدەین و بزانین کە چۆن گوزارشت لە وزە و توانایەکی مەزنی ئەوتۆ

دەکات کە خوای گەورە سەرەتای ئاسمانەکان و زەویی پێ بەدیهێناوە، لە کاتێکدا ئەو وشانەی کە زانایان بەکاریان دەهێنن دەستەوسانن لە وەسفی ڕاستیی ڕووداوەکەدا. چونکە وشەی "تەقینەوە" بە تەواوی مەزنی و حەقیقەتی ڕووداوەکە دەرنابڕێت. بەڵام قورئانی پیرۆز بەو دوو وشەیە و زۆر بە وردی وەسفی ڕاستییە زانستییەکەی کردووە. لەگەڵ ئەو هەزاران توێژینەوە زانستی و کتێبە زۆرانەی لەم بوارەدا دانراون، تا ئێستا زانایان نەیانتوانیوە بە چەند وشەیەکی ئاوا کەم مەبەستەکەی خۆیان سەبارەت بە سەرەتای گەردوون دەربڕن.

لێرەشدا چ لە ڕووی زانستی و چ لە ڕووی ڕوونکردنەوەشەوە مەزنی و ئیعجازی قورئانی پیرۆز پێش چاو دەکەوێتەوە، چونکە نەك هەر تەنها لە ڕاستییە زانستییەکە دەدوێ، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا وەسفی ڕاستییەکان هێندە بە وردی دەکات کە مرۆڤ لە هێنانی هاوشێوەی ئەو وەسفەی قورئاندا دەستەوسانە.

هەر ئەم ئایەتە پیرۆزە سەرنجێکی تێدایە دەبێ ڕەچاوی بکەین، ئەویش بریتییە لە سەرەتای ئایەتەکە. ئەوەتا ڕووی گوفتار دەکاتە "کافران". هەر لە ڕاستیشدا ئەم دۆزینەوە زانستییەی لەمەڕ سەرەتای گەردوون لەسەر دەستی کەسانێك بوو کە باوەڕیان بە قورئان نییە. جا ئەگەر قورئان هی مرۆڤێك بێت، کە پێغەمبەری نەخوێندەوارە - دروودی لەسەر بێت - چۆن زانیی دەرکەوتنی ئەم ڕاستییە زانستییە لە لایەن کەسانی بێ بڕوا بە ئاینی ئیسلام دەبێت؟

کەواتە ئەم ئایەتە پیرۆزە موعجیزەیەکی زانستی دەنوێنێت، ئەوەتا سەرەتاکەی بە ئاراستە کردنی گوفتارەکەی بەرەو کافران دەست پێ کرد سەبارەت بە ڕاستییەکی گەردوونی کە خۆیان پەردەی لەسەر لا دەبەن، ئنجا ئەو ڕاستییە گەردوونییەشی بە کەمترین وشەی گونجاو دەربڕی. دوای ئەوەش ئایەتەکەی بە ئامانجی باسکردنی ئەو دوو ڕاستییە کۆتایی پێ هێنا کە: ئیمان هێنانە بە خوای گەورە: (أفلا يؤمنون)؟

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بوونی ڕاستییە زانستییەکان لە قورئاندا بۆ خۆیان ئامانجێك نین، بەڵکو هۆکارن بۆ ئامانجێکی مەزن، ئەویش گەڕانەوەی مرۆڤە بۆ لای بەدیهێنەر و باوەڕهێنانە پێی. هەروەك بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئیماندار ئەرکی سەرشانیەتی ئەم ڕاستییانە بگەیەنێتە ئەو کەسەی بێبەهرەی ئیمانە. کەواتە ئیعجاز هۆکارێکی بانگەوازە بە دەست ئیماندارەوە. جا ئەگەر خۆمان لەم لایەنە ئیعجازییە گرنگە نەکۆڵینەوە و بە خەڵکانی تری نەگەیەنین، دەبێ کێ ئەم کارە بگرێتە ئەستۆ؟

<u>قورئان لە کۆتایی گەردوون دەدوێت:</u>

فراوانبوونی گەردوون هەتاهەتایە بەردەوام نابێت، بەڵکو ڕۆژێك دێت کە گەردوون لە فراوانبوون ڕابووەستێت و، گەشتی پێچەوانەی بەرەو دواوە دەست پێ بکات و بارستاییەکەی بچووك ببێتەوە تا دەگاتەوە ئەو خاڵەی کە گەشتەکەی لەوێوە دەست پێ کرد. ئەمەش دەرەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەیە کە ئەمرۆ سەبارەت بە ئایندەی گەردوون ئەنجام دراون و، دەرکەوتووە ئێستا گەردوون لەو خولەدایە کە یەکەم جار لە بارستاییەکی تابڵێی قورسەوە دەستی پێ کردووە کاتێ تەقینەوەی مەزن ڕووی داوە و، سەرجەمی ئەوشتانەی پێکهێناوە کە ئەمڕۆ لە گەردووندا دەیانبینین لە هەسارە و ئەستێرە و گەلەستێرە و تیشك و گازەکان و شتانی تری ناو گەردوون. ئنجا هەر ئەم بەشانەی گەردوون جارێکی تر خۆیان بەسەر یەکدا دەپێچنەوە و لە یەکتر نزیك دەبنەوە، هەتا سەر لە نوێ یەك دانە بارستایی پێك دەهێننەوە!

بەڵام ئایا ئەم بیردۆزەیە چۆن بۆ یەکەم جار سەری هەڵدا؟

لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا زانایان تێبینیی ماددەیەکی تاریکیان کرد کە بەناو هەموو گەردوون و لە نێوان گەلەستێرەکاندا و بە بڕێکی یەکجار گەورە و زۆر بڵاو دەبێتەوە. زانایان قەبارەی ئەم مادده تاریکەیان زۆر زیاتر لە قەبارەی گەردوونی بینراو خەمڵاند. کەواتە ئەو ماددەیەی قەبارەکەی نابینرێ زۆر گەورەترە لەو ماددەیەی کە دەیبینین.

ئەم مادده تاریکە هێزێکی کێشی چەندین ئەوەندەی هێزی کێشی گەردوونی بینراوی هەیە. جا لە سایەی ئەم ماددەیەدا بەشەکانی گەردوون - کە ئێستا لە فراوانبووندان - ناتوانن پەرتەوازە ببن و دوور بکەونەوە، هەروەك فراوانبوونی گەردوونیش هەتا ئەبەد بەردەوام نابێت، بەڵکو لە کاتێکی دیاری کراودا دەوەستێت و گەلەستێرەکان بە خێرایی و بە ئاراستەی پێچەوانەی جووڵەی ئێستایان بەرەو دواوە دەگەڕێنەوە هەتا دەگەنەوە ئەو خاڵەی لەوێوە دەستیان بە جووڵەی فراوانبوونیان کردووە.

ئێستاش دەڕۆینەوە خزمەتی ئایەتێکی قورئانی پیرۆز کە بە دەقی ڕاشکاوی خۆی و بە وردیەکی گەلێ زیاتر لە هی زانست لەم ئاکامەی گەردوون دەدوێت. خوای گەورە لەو ئایەتەدا دەفەرموێ:

﴿يَوْمَ نَطْوِي السَّمَاءَ كَطَيِّ السِّجِلِّ لِلْكُتُبِ كَمَا بَدَأْنَا أَوَّلَ خَلْقٍ نُعِيدُهُ وَعْدًا عَلَيْنَا إِنَّا كُنَّا فَاعِلِينَ﴾ (الأنبياء:١٠٤).

واتە: (ڕۆژێك دێت کە ئێمە ئاسمان بە وێنەی تۆماری نووسین دەپێچینەوە و، وەك باری پێشووی کە بەدیمان هێنا دروستی دەکەینەوە. بەڵێنێکە لە لایەن ئێمەوە کە هەر دەیشی بەینەسەر).

دەسا مەزنی و پاکی هەر بۆ خوای گەورەیە! چەندە بە وردی لە کۆتایی گەردوون دەدوێ!

زانایانی ئەمڕۆ لەو بۆچوونەدان کە گەردوون شێوەی گۆی نەبێت، بەڵکو ڕووتەخت بێت. هۆی ئەم بۆچوونەشیان ئەو دیاردە گەردوونیانەیە کە دەیانبینن و دەبێت بە بەڵگە لەسەری.

بۆ نموونە: ئەم گەلەستێرەیەی کە تیایدا دەژیین و خۆر یەکێکە لە ئەستێرەکانی، شێوەی گۆی نییە، بەڵکو شێوەیەکی پەپکەیی ئەوتۆی هەیە کە تیرەکەی زیاتر لە سەد هەزار ساڵی ڕووناکییە و ئەستووری‌یەکەشی لە سنووری سی هەزار ساڵی ڕووناکیدایە.

بەم جۆرە، سەرجەم گەلەستێرەکان چەند شکڵ و شێوەیەکی "لوولپێچی" یاخود "هێلکەیی"یان هەیە، بەڵام هەر لە شێوەیەکی نزیك لە شێوەی پەپکەیی‌دا دەمێننەوە.




سەیری وردیی زاراوە زانستی‌یەکە بکە لە لایەن قورئانەوە: چونکە لە ڕاستی‌دا کرداری پێچانەوەی بەشەکانی گەردوون – کە ئەم ئایەتە باسی کرد – هەمان دەرەنجامە کە دواهەمین توێژینەوە زانستی‌یەکانی ئێستای لەمەڕ گەردوونیش بە دەستەوەی دەدەن!

زانایانی گەردووناسی قسەیان لەسەر ئەوە کۆکە و بە یەکدەنگ دەڵێن: کە ڕاستەهێڵ لە گەردووندا نییە و، هەموو شتێك لار و چەماوەیە. سەرجەم بەشەکانی گەردوون لە هەسارە و ئەستێرە و گەلەستێرە و نێزەك و کلکدارەکان و تیشکەکان و کونە ڕەشەکان لە چەند سوورگەیەکی لار و چەماوەدا دەسووڕێنەوە. کەواتە کارێکی تابلێی مەنتیقی‌یە کە کۆتایی گەردوونیش لار و چەماوە بێت، بە وێنەی پێچانەوەی کاغەزێك.

(سجل) بەو تۆمارە دەوترێت (چەشنی کاغەز) کە نووسینی لەسەر دەکرێت. خۆ کاتێ ئەو تۆمارە دەپێچرێتەوە بێگومان نووسینەکانیشی لەگەڵدا دەپێچرێنەوە کە لە سەری نووسراون. جا لە کۆتایی گەردووندا هەمان شت بەسەر گەلەستێرەکاندا دێت، چونکە بە وێنەی کاغەزی نووسراو بەسەر یەکدا دەپێچرێنەوە.

جێی خۆیەتی مرۆڤ پرسیار لەبارەی وردیی ئەم وەسفەی ئایندەی گەردوون بکات کە لە قورئاندا هاتووە.. ئایا گەر ئەم وەسفە لە لایەن خوای زانای پەنهانەکانەوە نەکرابێت کە هەر خۆی چی بەسەر گەردووندا دەهێنێت بە هەمان شێوە وەسفیشی دەکات، هەرگیز لە توانای هیچ

مرۆڤێکدا هەیە وەسفێکی ئاوا ورد و زانستیی پاشەڕۆژی گەردوون بکات؟

کەواتە ئەم ئایەتە: ﴿يَوْمَ نَطْوِي السَّمَاءَ كَطَيِّ السِّجِلِّ لِلْكُتُبِ﴾ ئاماژەیەکی تێدایە بۆ ئەوەی کە دەتوانرێ سەرەتای گەردوون بە کاغەزێك بشوبهێنرێ لە تانوپۆی گەردووندا کە یەکەم جار بەسەر یەکدا پێچرابووەوە، پاشان خوای گەورە کردیەوە و بەشەکانی لە یەکتر دوور خستەوە و تا ئێستاش هەر لە کردنەوە و بڵاوبوونەوەدایە، هەتا ئەو ڕۆژەی دێتە پێش کە سەر لە نوێ دەیپێچێتەوە.

**لە کۆتاییدا:**

لێرەدا پرسیارێك ئاراستەی ئەو کەسانە دەکەین کە هێشتا قەناعەت بەو هەموو بەڵگانەی دەستەڵاتی خوای گەورە ناکەن و، لێیان دەپرسین: ئەگەر قورئان هی خوا نەبێت و هی محەممەد ρ و هاوەڵانی بێت، ئایا ئەم زانستەیان لە کوێ هێناوە؟ خۆ بیرۆکەی تانوپۆی گەردوونی یاخود بە زاراوەی قورئان (ئاسمانی چنراوی توندوتۆڵ) تەنها لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، واتە دوای چواردە سەدە لە هاتنی قورئان، خرایە ناوەندە زانستییەکانەوە.. هەروەها بیرۆکەی بینای گەردوون و فراوانبوونی..

ئایا بوونی ئەم ڕاستییانە لە قورئانی پیرۆزدا بەڵگەیەکی ڕوون و درەخشان نییە لەسەر ئەوەی کە قورئان کتێبێکە هەرچیی تێدایە هەمووی حەق و ڕاست و ڕەوایە؟

ئەم ڕاستییانە بە تەواوی بۆ هەموو مرۆڤێکی خاوەن هەست و نەستی ساغ و ژیریی ڕاست و دروستی دەردەخەن کە قورئان گوفتاری خوای گەورەیە و توانستەکەشی سنووری بۆ نییە و، هەمووانیش – پێکەوە – لە بەردەم مەزنیی ئەو خواوەندەدا سەری بەندایەتی نەوی دەکەین و، دەڵێین:
﴿رَبَّنا ما خلقتَ هذا باطلاً سبحانك﴾.

* * *

سەرچاوە:
١ – پێگەی: (www.55a.net)
٢ – بۆ لێکدانەوەی واتای ئایەتەکان سوودم لە وەرگێڕانەکەی خوالێخۆشبوو مامۆستا هەژاری موکریانی بۆ قورئانی پیرۆز وەرگرتووە.
٣ – وێنەکانم لە کتێبی (السماء في القرآن الكريم)ی دوکتۆر زەغلول نەجار وەرگرتووە.





# ئایا لە گەردووندا بۆشایی و کون هەن؟!

جەمال قەرەداخی

هەندێك بە هەڵە وا تێگەیشتبوون کە کون یان درز لە گەردووندا یان لە ( ئاسماندا ) هەبێت دەبا بزانین ڕاستی ئەو بابەتە کامەیە و قورئان چۆن باسی دەکات؟

خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت :



﴿أَفَلَمْ يَنْظُرُوا إِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِنْ فُرُوجٍ﴾ (ق:٦) لەو ئایەتە پیرۆزەدا سێ ڕاستی زانستی گەورە هەیە کە ئەمانەن :

١/ کە دەفەرموێت ( بنيناها ) ئەوە دەگەیەنێت کە گەردوون ( ئاسمان ) بونیات نراوە کە ئەوەش زانستی نوێ جەختی لێ دەکاتەوە و زاناکان لە تۆژینەوەکانیاندا ئاماژە بەو ڕاستیە دەکەن و دەریدەخەن کە ئەندازەیەکی گەردوونی زۆر جوان دەستی بەسەر گەردووندا گرتووە و کۆنترۆڵی دەکات ، هەسارۆکە و هەسارە و ئەستێرەکان مەجەرەکان و گەلە مەجەڕەکان بە هەموویان بونیادی قەشەنگ و جوانی گەردوون پێکدەهێنن . خۆ ئەگەر بە چاوێکی ووردبوونەوەوە سەیری ئەم گەردوونە بکەین ئەوا دەبینین کە گەردوون دونیایەکی بێ سنورە لە جوڵە و چالاکی و ، گەردوون پڕە لە مەجەڕە و ئەستێرە و هەسارە و هەسارۆکە و تەنی ئاسمانی دیکە و تۆزی گەردوونی ودوکەڵ و ووزە و تیشکی گەردوونی بۆیە بیناکردنی گەردوون زۆر زۆر موحکەمە بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿أَفَلَمْ يَنْظُرُوا إِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِنْ فُرُوجٍ﴾ (ق:٦) .

٢/ کە خوا دەفەرموێت ( وزيناها ) ئەوە باس لە جوانی ئاسمان دەکات کە چۆن ڕازێنراوەتەوە بە ئەستێرە و مەجەڕەکان ، کە ئەوەش بێ هیچ مشتومڕێك بۆ زاناکان ساغ بۆتەوە کە کە هێشووە مەجەڕەی وا هەیە کە ئاسمانیان بە ڕەنگە دڵڕفێنەکانیان ڕازاندۆتەوەو ئەو مەجەڕانە هەروەك دەنکەی تەسبیح و مرواری هۆنراونەتەوە .

٣/ کاتێك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ وَمَا لَهَا مِنْ فُرُوجٍ ﴾ هەندێك وا تێگەیشتن کە لە ئاسماندا کون یان بۆشایی و درز هەن کە ئەوەش بۆچونێکی هەڵەیە کە پێویستی بە ڕاستکردنەوە دەبێت چونکە هەندێك جار لە نێو زاراوەکانی زاناکاندا زاراوەی هەڵەش دەبێت کە پاش ماوەیەك ڕاست دەکرێتەوە بەڵام زاراوەکە هەر دەمێنێت .

کاتێك زاناکان هەندێك تەنی ئاسمانی وایان دۆزیەوە کەلە گەردووندا مەلە دەکەن وە هەندێکیان بە هەزاران جار گەورەتر و قورسترە لە خۆرەکەی خۆمان ، ڕاستەوخۆ و یەکسەر لە نهێنی ئەو تەنانە تێنەگەیشتن ، بەڵام ئەوان تاریکاییەکیان دی لە نێوان ئەستێرەکاندا بۆیە ناوی ( کونی ڕەش )یان لێنا ، بەڵام ئەو ناولێنانە لە ڕووی زانستیەوە ڕاست نیە بەڵام قورئان ناوی ( الخنس ) دەنێت لەو تەنانە کە بە مانای ئەو تەنانە دێت کە خۆیان دەشارنەوە ،ئەو ناولێنانەش لە ڕووی زانستیەوە ووردترە .هەروەها کاتێك زاناگەردوونیەکان ماددەی ڕەشیان لە گەردووندا دۆزیەوە وای بۆ چوون کە ئەو ماددانە کون یا بۆشایی یا درز پێکبێنن ، بەڵام زۆری پێنەچوو کە ئەوەیان دۆزیەوە کە بە تەواوی پڕن بە ماددەی ڕەش ،

لەوەش زیاتر بۆیان دەرکەوت کە هەر ئەو ماددە ڕەشەیە کە ڕۆڵی لە دابەشکردنی مەجەڕەکاندا هەیە لە گەردووندا و ، ئەو ماددەیە بە ڕێژەی ٩٥ ٪ ی



گەردوونی پڕکردووە . ئەمڕۆش بۆ زاناکان ڕوون بۆتەوە کە گەردوون بە تەواوی پڕە لە ماددە و ووزە ، ماددەی ئاسایی بینراو هەیە و ماددەی تاریکی نەبینراویش هەیە ،هەروەها لە گەردووندا ووزەی ئاسایی هەیە کە دەتوانرێت پێوانە بکرێت و بناسرێتەوە و ووزەی تاریکیش هەیە کە هیچی دەربارە نازانرێت ! جیٚی خۆیەتی کە لێرەدا ئاماژە بدەین بە ڕێسای جوتێتی لە هەموو شتەکاندا وەك خوا دەفەرموێت : : ﴿سُبْحَانَ الَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنْبِتُ الْأَرْضُ وَمِنْ أَنْفُسِهِمْ وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ﴾ **[يـ س: ٣٦].** سەیرکەین لە ئایەتەکەدا باس لە جوتێتی کراوە لە سێ شوێنی گرنگدا کە هەموو ژیان و گەردوون دەگرێتەوە کە بریتین لە جوتێتی لە ڕووەك و جوتێتی لە گیانداران و مرۆڤدا و لە کۆتاییدا جوتێتی لە دونیایەکی نادیاردا کە هیچی دەربارە نازانین ، ماددەی تاریك و ووزەی تاریکیش یەکێکن لەو نادیاریانە کە ئێمە هیچ لە بارەیانەوە نازانین ( وما لا یعلمون ) .

ئەوە ئەو گەردوونەیە کە ئەمڕۆ زانا گەردوونیەکان بە گشتی پیٚی قایلن کە ٧٤ ٪ ی ووزەی ڕەشەو ٢٢٪ی ماددەی ڕەشە و تەنها لە ٤ ٪ی گەردوون بریتیە لە گەردیلەکانی ماددەی ئەسایی کە ئێمەی مرۆڤ دەتوانین ببینین ، واتە قەوارەی زانیاریەکانی ئێمەی مرۆڤ لەم گەردوونەدا لە ٤٪ ی تێپەڕ ناکات !!!

بۆیە لە کۆتایدا دەگەینە ئەوەی کە گەردوون بە تەواوی پڕە لە ماددە و ووزە و بە هیچ جۆرێك کون یا درز یا بۆشایی تێدا نیە ، بەڵکو گەردوون بینایەکی مەحکەمی جوان و ڕازاوەیە و لە چەندین شوێنی قورئانی پیرۆزدا سەرنجمان بۆ ئەو ڕاستیە ڕادەکێشرێت بۆیە




پێویستە ئێمەش بە چاوی لێوردبوونەوە و بیرکردنەوە سەیری ئایەتەکانی بکەین وەك دەفەرموێت :

﴿أَفَلَمْ يَنْظُرُوا إِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِنْ فُرُوجٍ﴾ **[ق: ٦].**

سەرچاوە / سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە بە زمانی عەرەبی :

1- J. Richard Bond, Lev Kofman & Dmitry Pogosyan, How filaments of galaxies are woven into the cosmic web, Nature 380, 603 - 606 ,18 April 1996.

2- Gemini, Subaru & Keck, Discover large-scale funneling of matter onto a massive distant galaxy cluster, www.gemini.edu, 30 June 2004.

3- Maggie McKee, Washington DC, Mini-galaxies may reveal dark matter stream, New Scientist, 12 January 2006.

4- Palle Møller, Johan Fynbo, Bjarne Thomsen, A Glimpse of the Very Early Universal Web, European Southern Observatory (www.eso.org), 18 May 2001.

5- Robert Sanders, "Dark matter" forms dense clumps in ghost universe, University of California, 05 November 2003.

ww.kaheel7.com

# .... سەربڕینی ئاژەڵ ....



وەرگێڕانی: ئەندازیار عادل مەولەوی
adilmawlawi@yahoo.com

**بەشی یەکەم لە پەیڤینێك لەگەڵ:**

(دکتۆر جۆن هانۆڤەر لارسن گەورە پزیشکی نەخۆشخانەی حکومی کۆبنهاگن) کە تەئکید دەکاتەوە: سەربڕینی ئاژەڵ گەرەنتی پاکی گۆشتەکەی دەکات لە هەمو جۆرە میکرۆبێك).

بابەتی سەربڕینی ئاژەڵ بۆ سوود وەرگرتن لە گۆشتەکەی یەکێکە لەوبابەتە گرنگانەی کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام فەرمانی پێداوەو حەڵاڵی کردووە، هەروەها یەکێکە لەوبابەتە گەرم و گوڕانەی کە دوژمنانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام زۆر دەیوروژێنن و دەیکەنە داری دەستیان بۆ دژایەتی کردنی شەریعەت و بنەماکانی ئیسلام. نەزانن بەوەی کە فەرمانە خواییەکان بێگەردن و لە ناڕاستی بەدوورن.

زۆرێك لەو پەیڤین و بگرە شەڕە قسەیانەی کە لەم بارەیەوە ڕووبەڕووی کەمینە موسوڵمانەکان دەبێتەوە لە هەریەك لە وولاتانی بەریتانیا، ئەمەریکا و فەرەنسا.... هتد، و کۆمەڵەی ئاژەڵ پەروەران لەم ولاتانەو لەوڵاتانی دیکەش لەدیارترین ئەو ڕێکخراوانەن کە ئەم بابەتانە دەوروژێنن و نکۆڵی لێ دەکەن و وێنەی ئەو ئاژەڵانە نیشان دەدەن کە موسوڵمانان سەریان دەبڕن و پەلە قاژە و باڵە فڕێ دەکەن و بەدەم ئازارەوە دەگەوزێن لەزەویدا ئەمەیش بەکارێکی وەحشی گەری وهەمەجی دەدەنە قەڵەم- ئەمەش بێجگە لەوەی ناواخنەکەی پڕە لە رق و بوغز و ناشرین کردن - خۆی لە خۆیدا دووجار نەزانینە جارێك نەزانن بەوەی کە لەڕاستیدا و بەگوێرەی زانستی نوێیش سەربڕین بۆ ئاژەڵ پێویستە، وە جاری دووەمیش نەزانن بەوەی کە وا دەزانن شت دەزانن بەلاَم نایشی زانن.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام هیچ زیانێك ناکات بەوهەموو بوهتان و درۆیانەی کە بە ناوییەوە دەکرێت چونکە بەرزترە و گەلێك بڵندترە لەوەی کە بەچاوی گومان و تۆمەتەوە تەماشای بکرێت.

بۆ سوودەکانی سەربڕینی ئاژەڵ پێش سوود وەرگرتن لە گۆشت و بەشەکانی دیکەی لە ڕووی پزیشکییەوە (گۆڤاری ئیعجاز) چاوپێکەوتنێکی بەئەنجام گەیاند لەگەڵ ( دکتۆر جۆن هانۆڤەر لارسن) مامۆستای بەشی بەکتریۆلۆجی لە نەخۆشخانەی: غیس هۆسپیتاڵ (المستشفى الرسمی) کە گەورەترین نەخۆشخانەی شاری (کۆبنهاگن)ە، کە بەم شێوەی لای خوارەوە کورتی دەکەینەوە:



+ ئیعجاز: بەڕێز دکتۆر جۆن چی دەڵێیت لەبارەی خواردنی گۆشتی مردارەوەبوو لەڕووی تەندروستی‌یەوە؟

– دکتۆر جۆن هانۆڤەر: کۆگایەکە بۆ میکرۆبەکان و جێگای نەخۆشییە کوشندەکانە یاسا ئەوروپییەکان خواردنی گۆشتی مردارەوەبوویان قەدەغە کردووە.

+ ئیعجاز: ئەگەر یەك گرام لە خوێن و گرامێك لە گۆشت بهێنین لە جێگایەکی سەر بەتاڵدا دایبنێین بۆ ماوەی سێ تا چوار کاژمێر وپاشان ویستی بەکارهێنانی هەریەکەیان بکرێت ئایا هیچ زیانێك لەم کارەدا دروست دەبێت؟

– د. جۆن هانۆڤەر: بەڵێ.. زیانێکی گەورە، بەنیسبەت خوێنەکەوە میکرۆبە زیان بەخشەکان لەوانەیە بەهۆی چەقۆی سەربڕەکەوە یان بەهۆی هەوای دەوروبەرەوە یاخود لەڕێگای سەرچاوەیەکی هاوسێوە بگوازرێنەوە بۆ خوێنەکە ئەگەر چی چەند دانەیەکیش بن ئیتر هەموو نیوو کاژمێر جارێکی هەموو میکرۆبێك دەبێت بە دوو ئەوەندە بەشێوازێکی ئەندازەیی.

ئەگەر وای دابنێین (١٠٠٠) میکرۆب گوازراوەتەوە بۆ ئەو یەك گرام خوێنە ئەوا دوای نیو کاژێر ئەبێتە (٢٠٠٠) وە دوای کاژێرێکی تر دەبێت بە (٤٠٠٠) میکرۆب و دوای کاژێرو نیوێك ژمارەیان دەبێتە(٨٠٠٠)، و پاش ماوەی دوو کاژێر ژمارەیان دەکاتە (١٦٠٠٠) میکرۆب و دوای سێ کاژێر ژمارەیان دەکاتە (٦٤٠٠٠) میکرۆب، و بەتەواوی ئەو گرامە خوێنە داگیردەکەن وە ئەوەیش شتێکی زانراوە کە خوێن لە بنەڕەتدا کۆمەڵێکی زۆر میکرۆبی تێدایە و بگرە دوای مردنی ئاژەڵ دەبێتە خوێنێکی پیسی زۆر زیانبەخش بەتەندروستی مرۆڤ ئەگەر بخورێتەوە یان بپارێزرێت و پاشان بخورێتەوە.

+ ئیعجاز: ئەی پارچە گۆشتەکە چی لێدێت؟

– د. جۆن هانۆڤەر: بەنیسبەت پارچە گۆشتەکەوە میکرۆبەکان دەست دەکەن بە داگیرکردنی ڕووکاری دەرەوەی و خواردنی چینی دەرەوەی کە چینێکی ڕەقە و برینی لەلایەن میکرۆبەکانەوە کارێکی گرانە هەربۆیە دەست دەکەن بە خواردنی ئەو چینە ڕەقە بەڵام بەهۆی کەمی خۆراك لەو چینەدا زۆرینەیان دەمرن و توانای زۆر بوونیشیان بە خێرایی نییە، ئەگەر چێشت لێنەریش بیەوێت ئەو پارچە گۆشتە لێ بنێت بێگومان دەیشواتەوە و بەمەیش کۆمەڵێکی زۆر لە میکرۆبەکان لەناو دەچن دواتریش بە کوڵاندن ئەو ژمارە میکرۆبانەی کە ماون بەتەواوی لەناودەچن.

+ ئیعجاز: ئەی لەبارەی گۆشتی بەرازەوە چی دەڵێیت؟

– د. جۆن هانۆڤەر: من لەوڵاتەکەی خۆمدا جەنگێك بەڕێوە دەبەم دژی خواردنی گۆشتی بەراز لەبەرئەوەی میکرۆبێکی تازەم لە گۆشتی بەرازدا دۆزیوەتەوە بەناوی (یارسینیا) کە ئەم میکرۆبە تەنها لە گۆشتی بەرازدا هەیە وە لە پلەیەکی گەرمی زۆر کەمدا نەبێت ناژی کە پلەی(–٤٠) پلەیە زۆرێك لە ئەوروپییەکان دووچاری ئەم میکرۆبە دێن، زۆربەی تووشبوان بەنەخۆشییەکانی بڕبڕەی پشت و جومگەکان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم میکرۆبە.

+ ئیعجاز: ئایا هیچ مەترسییەك هەیە لە خواردنی گۆشتی ئاژەڵێك کە خنکێنرابێت؟

– د. جۆن هانۆڤەر: یاساکانی لای ئێمە لە ئێستادا قەدەغەی خواردنی گۆشتی ئاژەڵێك دەکات کە بەهۆی خنکانەوە مردبێت.

+ ئیعجاز: بۆچی؟

– د. جۆن هانۆڤەر: لەم دواییانەدا دەرکەوت پەیوەندییەك هەیە لە نێوان ئەو نەخۆشیانەی کە ئەو ئاژەڵە خنکێنراوە هەیبووە لەگەڵ تەندروستی مرۆڤدا.

+ ئیعجاز: ئەمە بۆچی؟

– د. جۆن هانۆڤەر: دیواری ڕیخۆڵە ئەستورەی ئاژەڵ وەك گرێیەك وایە کە ناهێڵێت میکرۆب لێوەی تێپەڕبێت – لەکاتی هەبوونی پاشەڕۆدا – بۆلەشی و خوێنی ئاژەڵەکە هەتا ئەو ئاژەڵە لە ژیاندا بێت و ئاشکرایشە ڕیخۆڵە ئەستورە کۆگاو خانەخوێیەکی لەبارە بۆ میکرۆبە زیانبەخشەکان وە دیواری ناوەوەی ڕیخۆڵە ئەستورە ڕێگری لە گواستنەوەی ئەم میکرۆبانە ئەکات بۆ ناو لەشی ئاژەڵەکە، هەروەك چۆن لە بۆرییە خوێنەکاندا هەمان ڕێگر هەیە.

کاتێك ئاژەڵەکە دەخنکێت کەواتە مردنەکەی کتوپڕ نیە بەڵکو لەسەر خۆ و خاوە و ئەم خاو مردنە دەبێتە هۆی وردە وردە کەم کردنەوەی بەرگری دیواری ڕیخۆڵە ئەستورەو بەمەیش میکرۆبەکانی دیواری ڕیخۆڵە ئەستورە دەبڕن و دەچنە بۆری خوێنەوە و لە مانیشەوە بۆ ناو گۆشت وە لەڕێی سوڕی خوێنەوە دەگوازرێنەوە بۆ گشت بەشەکانی لەش – چونکە

ئاژەڵەکە بەتەواوی نەمردووە- کەواتە بەهۆی دزەکردنی میکرۆبەکان لە خوێنەوە بۆ گۆشت ئەو ئاژەڵە بووە کۆگایەکی گەورەی میکرۆبە زیان بەخشەکان. بەم شێوازە و بەهۆی زیادبوونی یەك لە دوای یەکی میکرۆبەکان دەست دەکەن بەلەناوبردنی ئەم ئاژەڵە هەتا مردن هەربۆیە جەستەی ئەو ئاژەڵە یەکپارچە دەبێتە میکرۆب و بۆتەندروستی مرۆڤ گەلێك ترسناکە.

+ ئیعجاز: چۆن بەڕێزت دەڵێیت ئەو ئاژەڵە دەست بەئازار ناکات لەکاتی سەربڕیندا لەکاتێکدا ئێمە ئەبینین پەلەقاژە دەکات و دەگەوزێت و دەتلێتەوە؟



– د. جۆن هانۆڤەر: دکتۆر پێکەنی و وتی هۆی ئەمە ئەوەیە کۆ ئەندامی دەمار هێشتا لە ژیاندایە و ژیانی تێدا ماوە، تەنها هەستی نەماوە و بەس.

لەم حاڵەدا لەبەر ئەوەی هێشتا قورگەکەیمان نەبڕیوە کەواتە هیچ زیانێکمان لە کۆئەندامی دەمار نەداوە و ژیانی تێدا ماوە، ئەوەی لەسەربڕیندا – واتە بەڕێگای ئیسلامی – ڕوو دەدا کۆئەندامی دەمار هەڵدەستێت بە داواکردنی خوێن لەڕێگەی دەماغەوە چونکە خوێنی پێ ناگات، وەك ئەوەوایە هاوار بکات: بڵێ خوێنم لێ برا.. خوێنم بۆ بنێرە ئەی دڵ، ئەی ماسولکەکان.. یارمەتی دڵ بدەن بەخوێن، ئەی جەستەولاشە.. هەرچی خوێنت تێدایە دەریکە دەماغ لەمەترسیدایە.

کاتێك ماسولکەکان هەڵدەستێت پەستانێکی خێرا، جوڵەیەکی خێرا لە هەموو بەش و ماسولکە دەرەکی و ناوەکیەکاندا ڕوو دەدات. پەستان دروست دەکات و هەرچی خوێنی تێدایە فڕێی دەدات زۆر بەهێزەوە دەینێرێت بۆ دڵ، دڵیش ژمارەی لێدانەکانی زیاد دەکات و هەوڵ دەدات خێرا دڵ پڕکات لە خوێن و هەر پڕ بوو یەکسەر ڕاستەو خۆ دەینێرێت بۆ دەماغ بەڵام – وەك ئاشکرایە – ئەو خوێنە ناگاتە دەماغ بەڵکو دەڕژێتە دەرەوەی لەش تۆ وای دەبینیت کە ئەو ئاژەڵە دەتلێتەوە و خوێن دەنێرێت بەبەردەوامی و هەتا لەشی ئەو ئاژەڵە بەتەواوی پاك دەبێتەوە لە خوێن وە بەمەیش ئەو ئاژەڵە ڕزگاری دەبێت لە لەبارترین ژینگە بۆ ژیانی میکرۆب، و مەترسی ترین ماددە بۆ مرۆڤ.

+ ئیعجاز: مەبەستت ئەوەیە ئاژەڵی سەربڕاو تەنها لەماوەی سێ چرکەدا ئەگەر بەڕێگایەکی ڕاست و دروست سەربرڕێت گیانی لەدەست دەدات وئەو پەلە قاژەیەی کە دەیکات یان هەرشتێك لەوبابەتانە هەمووی مانای مانەوەی ژیانی کۆئەندامی دەمارەو ئاژەڵە سەربڕاوەکە بەهیچ شێوەیەك هەستی پێناکات.

– د. جۆن هانۆڤەر: بەڵێ ئەمە ڕاستە.

+ ئیعجاز: ئایا هیچ لێکچونێك هەیە لەمەترسی لەناوچوونی ئاژەڵ بەخنکاندن یان لە ناوچونی بەلێدان و برینداركردن.

– د. جۆن هانۆڤەر: بەڵێ ... چونکە لەم حاڵەتەیشدا ئاژەڵەکە بە لەسەرخۆیی و ووردەووردە دەمرێت و زۆر لە حاڵەتی مردنی خنکان دەچێت ئەوەی بەسەر خنکاوەکەدا دێت بەسەر ئەمیشدا دێت، سەرباری ئەمەیش بەهۆی لێدانەوە بڕین دروست دەبێت و دەبێتە هۆی کرانەوەی بۆرییە خوێنینەکان هەروەك چۆن دەبێتە هۆی لێکهەڵوەشاندنی خانەکان لەوشوێنەدا و تێکەڵ بونێکی بونیادی لە نێوان خوێن و پێکهاتەی خانەکاندا ڕوودەدات کە هۆکارێکە بۆ دروست بوونی کارلێکی ماددە ژەهراوییە زیان بەخشەکان هەر بۆیە لە شوێنی لێدانەکەدا هەڵاوسان تێبینی دەکرێت کارلێکە کیمیاییە زیان بەخشەکان کە هۆکاری پەیدابوونی ماددە ژەهراوییەکانن هۆکاری سەرەکی ئەم هەڵئاوسانەن و لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی دامالینی جەستەی ئاژەڵەکە لەو شوێنەدا. بەمەیش ئەو ئاژەڵەی کە بەهۆی لێدان و بریندار بوونەوە دەمرێت جێگاوکۆگایەکی لەباری گەورەیە بۆ میکرۆبە زیانبەخشە مەترسیدارەکان بۆ دروستی مرۆڤ.

+ ئیعجاز: هەندێ جار ئاژەڵێك بەهۆی کەوتنە خوارەوەوە لە جێگایەکی بەرزەوە دەمرێت ئایا ئەگەر

ئاژەڵێك بەم ڕێگایە بمرێت ڕای بەڕێزتان چییە لەبارەی خواردنی گۆشتەکەیەوە؟

– د. جۆن هانۆڤەر: ئەو ئاژەڵەی بەم ڕێگەیە لەناو دەچێت حاڵی وەك حاڵی ئەو ئاژەڵە وایە کە بەلێدان و بریندار کردن لەناو چووە چونکە لەشوێنی کەوتنە خوارەوەکەیدا برین و والآبوون ڕوودەدا و ئاژەڵەکە وردەوردە و لەسەر خۆ دەمرێت.

خۆ ئەگەر ڕاستەوخۆ دوای کەوتنە خوارەوەکەش بمرێت ئەوا میکرۆبەکان دەست دەکەن بە هێرش کردنە سەرجەستەی بەخێرایی هەربۆیە هەڵئاوسانێکی خێرا لەلاشەی ئەم ئاژەڵانەدا دەبینین کە ئەمەیش بەڵگەی بونی میکرۆبی زیانبەخشە.

+ ئیعجاز: جاری وا هەیە ئاژەڵ بەهۆی شەڕەقۆچەوە کە لەنێوانیاندا ڕودەدات دەمرێت ئایا گۆشتی ئەو ئاژەڵەی بەم شێوازە لەناو چووە دەخورێت؟

– د. جۆن هانۆڤەر: مرداربوونەوەی ئاژەڵ بەم شێوازە زۆر لەوە دەچێت کە بەهۆی لێدان و برینداربوونەوە دەمرن و بگرە مەترسیدارتریشە چونکە ئاژەڵ کە دەکەونە جەنگەوە بەزۆری بەهۆی شاخەکانییەوە زەفەر بەناوچەی سکی ئاژەڵەکەی بەرامبەری دەبات و بەتایبەتی ناوچەی ڕیخۆڵەکان کەواتە شاخی ئەم ئاژەڵەی کە هەڵگری کۆمەڵێکی زۆر میکرۆبە تێکەڵ بە خوێنی ڕیخۆڵەکان دەبێت و بەهۆی سووڕی خوێنەوە و وردە وردە ئاژەڵەکە لاواز دەبێت و دەمرێت، خواردنی گۆشتی ئەو ئاژەڵەی کە بەم شێوازە دەمرێت ترسناکیەکی گەورەی بۆ تەندروستی ئادەمیزاد هەیە.

+ ئیعجاز: ئەگەر دڕندەیەك ڕاوی ئاژەڵێك بکات ئایا بەڕای بەڕێزتان گۆشتی ئەو ئاژەڵە دەخورێت کە بەو هۆیەوە مردبێت؟

– د. جۆن هانۆڤەر: وەك زانراوە کەڵبەی دڕندەکان پڕە لە میکرۆب کاتێك ئەم کەڵبانە دەچێنرێت لەلاشەی هەر ئاژەڵێك بەئاسانی ئەو میکرۆبانە دەگوازرێنەوە بۆخوێنی نێچیرەکەو بۆیە وردە وردە ئاژەڵەکە لاواز دەبێ و دەمرێت و دەبێتە کۆگایەك بۆ میکرۆبەکان.

+ ئیعجاز: بەڕێزتان چی دەڵێن لەبارەی ئاژەڵێکەوە دووچاری یەکێك لەو ڕێگایانەی کە لە سەرەوە باسکران ببێت بەڵام پێش ئەوەی گیان لەدەست بدات فریای چەقۆ بکەوێت؟

– د. جۆن هانۆڤەر: بەهۆی سەربڕینەکەوە نەجاتمان دەبێت لەسەرچاوەی سەرەکی گواستنەوەی میکرۆبەکان کە خوێنە، و دوای ئەمە هیچ ڕێگایەك نامێنێت بۆ ئەوەی ئەم میکرۆبانە بگوازرێتەوە بۆبەشەکانی لەش. چونکە ئەگەر پێش مردن فریای سەربڕین بکەوێت ئەوا هۆکاری سەرەکی گواستنەوەی میکرۆب نامێنێت چونکە خوێن ئەو زیندە شلەیە لەلەشدا کە توانای بەرگری ملیۆنەها میکرۆبی هەیە مادەم خڕۆکە سپییەکان و دژەتەنەکان بەهۆ ژیانی ئاژەڵەکەو پلەی گەرمی ئاساییەوە لە ژیاندان وەئەگەر ئاژەڵەکە بمرێت خوێن لە سوڕەکەی خۆی دەوەستێت و هیچ بەرگرییەك بۆ میکرۆبەکان نامێنێت. کەواتە سەلامەت ترین ڕێگا بریتیە لە ڕشتنی خوێنە کە بەتەواوەتی و ڕزگاربوون لێی بەزووترین کات.

+ ئیعجاز: ئەگەر هەستاین بەسەربڕینی ئاژەڵێك و زوو خوێنبەرەکەیمان بڕی و خوێنەکەی لێ بڕوات ئایا ئەو ئاژەڵە هەست بەئازار دەکات لەم کارەدا؟

– د. جۆن هانۆڤەر: وەڵامەکەی ئاسانە..... پەستان بخەرە سەر ئێرەی هەر کەسێك لەبەردەمتابێت –دەستی ڕاکێشا بۆ جێی سەربڕینی ئاژەڵ– ئەبینیت دوای چەند چرکەیەك لەهۆش خۆی دەچێت، زانست دەری خستووە مەڵبەندە هەستیارەکان بەئازار لەکار دەکەون لەکاتێکدا ناردنی خوێن بۆی تەنها سێ چرکە دوابکەوێت، لەبەرئەوەی ئەو مەڵبەندە هەستیارە پێویستی بە ئۆکسجین هەیە لەخوێندا بەبەردەوامی.

+ ئیعجاز: هەموو ئەم نهێنییە پزیشکی و پەندە تەندروستییانە لە پەرە زێڕینەکانی پەڕاوە بەنرخەکەی خوای باڵادەستدا هەیە ئەو پەڕاوەی کە ﴿ لايأتيه الباطل من بين يديه و لامن خلفه تنزيل من حكيم حميد ﴾ کە هیچ کارێکی چاکە نییە ڕێگای پیشان نەدابین و هیچ خراپەیەکیش نییە کە ئاگاداری نەکردبینەوە لێی.

خوای گەورە ئەفەرموێت:﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالْدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلاَّ مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَن تَسْتَقْسِمُواْ بِالأَزْلاَمِ ذَلِكُمْ فِسْقٌ الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن دِينِكُمْ فَلاَ تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِيناً فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ فَإِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ المائدة/٣.

سەرچاوە : گۆڤاری (الإعجاز): ژمارە (٣).

# بەرتەسکبوونەوەی زەوی لەلاتەنیشتەکانی یەوە



نووسینی : د. زەغلول نەجار
وەرگێڕانی : ئومێد ڕێکانی
umed@maktoob.com

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَوَلَمْ يَرَوْاْ أَنَّا نَأْتِي الأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَا وَاللّهُ يَحْكُمُ لاَ مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِ وَهُوَ سَرِيعُ الْحِسَابِ﴾ سورەتی رەعد – ئایەتی ٤١.

ئەم ئایەتە پیرۆزە لە کۆتا ئایەتەکانی سورەتی رەعدە کە تاکە سورەتی قورئانە هەڵگری یەکێك لە دیاردەکانی کەشو هەوا بێت کە دیاردەی هەورە بروسکەیە، سورەتەکە گەرچیبەگوتارێکی مەککی هاتۆتە خوارەوە بەڵام بە سورەتێکی مەدەنی دادەنرێ.. بنەماکانی باوەڕ لە تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم سورەتەن، لە گرنگترین ئەو بنەمایانەش باوەڕ بەو نیگایەی لەلایەن خوای پەروەردگار بۆ کۆتا پەیامبەر نێردراوە.....

بەواتای بڕوا بەڕاستییەك کە نیگای خوایی لە خۆی دەگرێ کە ئیمان هێنان بەخوا لە کۆڵەکەکانیەتی، هەروەها بڕوا بەتاك و تەنهایی ڕەهای و، بڕوا بە فریشتەکانی و پەڕاوو پەیامبەرانی، بڕوا بەڕۆژی دوایی و هەموو ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە لە زیندووبوونەوە و ڕاوەستان لەبەردەم دادگەریی خوایی، بەحساب و پاداشت و سزای ئەوڕۆژە، لەگەڵ بڕوا هێنان بەهەموو پێداویستییەکانی ئیمان لە خۆپارێزی و ترس لە خواو، سووربوون لەبەدەست هێنانی ڕەزامەندیی پەروەردگار لەڕێی کردەوەی چاکەوە، کە هەموو ئەمانە لەباوەڕەوە سەرچاوە دەگرن، باوەڕێك کە خوای گەورە بەنێرەری ئەو قورئانە بزانێت کە بانگەوازی پەرستشە بۆ بەدیهێنەرو بەجێ هێنانی ئەرکی جێنشینایەتی لەسەرزەوی بە ئاوەدانکردنەوەی و چەسپاندنی دادگەریی خوایی.

ئایەتەکانی ئەم سورەتە سەرسوڕمانن لە نکۆڵیکارانی زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە و پاداشتی دوا ڕۆژ، بێباوەڕان بەپەروەردگاریان، ئەوانەی پەیامەکانی بەدرۆ دەخەنەوە و ئایەتەکانی خوایان پێ ناڕاستە، ئایەتەکان هەروەها ئاماژەن بۆ بەشێك لەسزای بێباوەڕان و نەمرییان لە دۆزەخدا.

سورەتی رەعد لەزۆر شوێندا شایەتی بەچەندین بەڵگە و دیاردەی گەردوونی دێنێتەوە کە ڕەهای توانایی خوا لەم بەدیهێنان ولەناوبردن، مردن و زیندووکردنەوە، سوودو زیان پێگەیاندن دەسەلمێنێت، کە هەموو دیاردەکانی دووپاتکەرەوەی ئەو ڕاستیەن کە خودا هێناویەتی گەرچی زۆرێك لە خەڵکیش بڕوا نەهێنن.

لەپاشان ئایەتەکان لە نێوان دۆزەخیی وبەهەشتیەکان بەراورد دەکات، بەراوورد لەنێوان خەسڵەت و سیفەتی هەردوو تاقمەکە دەکات، نمونەیان بە چاوساغ و نابینا دێنێتەوە، چارەنووسی هەریەك لە دوودەستەکە دەستنیشان دەکات، ئەمە وێڕای وێناندنێکی ناوازەی بەهەشت و دۆزەخ.

لەپاشان ئایەتەکانی سورەتی رەعد دێتە سەرباسی هەندێك لە دیاردە سروشتی و گەردوونییەکان، لە نموونەی هەورەگرمە و تریشقە و بروسکە و چەخماخە، پێکهاتنی هەورە قورسەکان، دابارینی باران، پڕبوونی دۆڵەکان بەئاوێك کە هەڵگری کەف و

پیسیە، ئەوکەف و پیسییەی جێگیر نابێت و هەر خێرا دەڕوات، بەڵام هەرچی کانزاو ماددەی قورس و سەنگینە کەبەکەڵکی ئادەمیزاد دێن، جێگیر دەبن..

ئایەتە پیرۆزەکان هەموو ئەو نموونانە بەناڕاستی و ڕاستی دەشوبهێنێ.. نمونەی باڵاش هەر بۆخوایە.

دواتر سورەتەکە هەڵوێستە لەسەر ڕاستییەکی میتافیزکی دەکات کە سوپاس و ستایش کردن و بە شکۆمەند ناوهێنانی خوایە لەلایەن دیاردەیەکی وەکو هەورە بروسکە، ستایشیی فریشتەکانیش لەترسی گەورەیی ئەو زاتە، هەرئەو ئایەتانە باس لە کڕنووش بردنی هەموو بوونەوەرانی ئاسمانەکان و زەویی دەکەن بۆ خوای گەورە کە تەنانەت سێبەرەکانیشیان بەیانیان و ئێواران کڕنووش دەبەن، ئەم حاڵەتەش بەخولانەوەی زەویی بەدەوری تەوەرەکەیدا دروست دەبێت کاتێك سێبەری تەنەکان دەکشێن و کورت دەبنەوە، لەجوڵەیەکدا کە هاوشێوەی کڕنووشبردنی لاشەی مرۆڤە.

ئایەتەکان سەرزەنشتی بێباوەڕان دەکەن کە گاڵتەجاڕییان بە پەیامبەرانی پێش موحەممەد (ﷺ) هاتووە، ئەم نمونە هێنانەوەش بۆزیاتر چەسپاندنی دڵ و دەروونی پێغەمبەری ئیسلامە، جەخت کردنەوەیە لەوڕاستیەی چەرمەسەریی و تاقیکردنەوە ڕێبازی پەیامبەرانە، هەروەك چۆن ڕێبازی هەڵگرانی مەشخەڵی باوەڕە تا کۆتایی دنیا..

ئەم سورەتە لە کۆتاییەکەیدا سەرنج بۆ دڵخۆشیی و ئاسوودەیی پیاوچاکان لە خاوەن پەڕتووکە ئاسمانییەکانی پێشوو بەهاتنی کۆتا پەیامبەر ڕادەکێشێ، ئەمە لەکاتێکدا بێبڕوا و هاوەڵ دانەرانی مەککە هەوڵی دروستکردنی گومانیان لەسەر ڕاستیی پەیامەکەی موحەممەد (ﷺ)دەدا، هەروەك پێغەمبەر ئاگاداردەکاتەوە لە گوشار و تەنگ پێهەڵچینی بێباوەڕان کە مەرامیان سەرکەوتنی هەواو خواستەکانیانە، دووپاتی دەکاتەوە هیچ پەیامبەرێك لە خۆوە نەهاتووە مەگەر بەفەرمانی خوا..

لەپاشان ئەو ئایەتە پیرۆزەی دێتە پێشەوە کە تەوەرەی باسەکەمانە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَوَلَمْ يَرَوْاْ أَنَّا نَأْتِي الأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَا وَاللّهُ يَحْكُمُ لاَ مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِ وَهُوَ سَرِيعُ الْحِسَابِ﴾ الرعد/٤١. واتە: ئایا خوا نەناسان نابینن ئێمە لەملاوئەولای زەوی کەمدەکەینەوە، خوا خۆی حوکم بڕیاردەرە و هیچ شتێك کۆسپ ناخاتە بەردەم حوکمەکەی، هەرخۆیشی لە حساب و لێپرسینەوەی زیندەوەراندا خێرا و دەستبەجێیە.

مانای ئایەتەکە جارێکی دی لە سورەتی ئەنبیائدا دووبارە دەبێتەوە کاتێك دەفەرموێت: ﴿بَلْ مَتَّعْنَا هَؤُلَاء وَآبَاءهُمْ حَتَّى طَالَ عَلَيْهِمُ الْعُمُرُ أَفَلَا يَرَوْنَ أَنَّا نَأْتِي الْأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَا أَفَهُمُ الْغَالِبُونَ﴾ الانبياء/٤٤.

کۆتایی سورەتی ڕەعد بەباسی پلانی بێباوەڕانی پێشوو دیت کە چۆن چۆکی بەباوەڕداران دانەداوە چونکە خوای گەورە لە هەموو پیلان و نەخشەو تەڵەکەیەکیان باڵاترە، هەروەها باس لە نکوڵی خوانەناسانی مەککە لە پێغەمبەرایەتی موحەممەد دەکات، ئایەتەکە دووپاتی دەکاتەوە کە خوای گەورە شایەتیی بۆ پەیامبەرێتی موحەممەد(ﷺ) دەدات، هەروەك چۆن هەموو ئەوانەی زانیاریان لەبارەی پەڕاوە ئاسمانییەکانی پێشوو هەبێت دان بەڕاستی پەیامەکەیدا دێنن، بەهۆی ناوهێنانی ئاماژەی بۆ پێغەمبەری کۆتا لەو پەرتووك و ئایاتانەی پاشماوەی ساغ و بێدەستکاری پەیامەکانی پێشوون...

لێرەدا پرسیارێکی بنەڕەتی دروست دەبێت مانای کەمبوونەوەی زەویی لەملاولایەوە لەم ئایەتە پیرۆزەدا چییە؟ مەغزاو دەلالەتی زانسیی و مەعنەویان چییە؟

پێش چوونە ناو وەڵامەکەش، پێویستە سەر بوردیکی خێرایی بیروڕای ڕاڤەکارانی قورئان بکەین..

لەتەفسیری ئایەتی: ﴿أَوَلَمْ يَرَوْاْ أَنَّا نَأْتِي الأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَا﴾، ئیبن کەسیر وتەیەکی ئیبن عەبباس دێنێتەوە ڕەزای خوای لێبێت کە دەفەرموێت: ( واتای

ئەوەیە کە بێباوەڕان نابینن ئێمە پانتایی ناوچە ناوچە و قەڵەمڕەوی بەدوای یەکدا بەڕووی پەیامەکەی موحەممەددا دەکەینەوە؟، لەشوێنێکی تریشدا دەڵێت: کەمبوونەوەی زەوی لەملاولایەوە مانای کاولبوونیەتی بەمەرگی زانایانی و ئەهلی خێرو حەقخوازی.. ئیبن کەسیر دەڵێت: بۆچوونی یەکەم لە پێشترە کە بەئاشکرا ئاینیی ئیسلام گوند لەدوای گوند و ئاوایی لە دوای ئاوایی لە چنگی شیرك وبتپەرستی دەردەهێنا، خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا مَا حَوْلَكُم مِّنَ الْقُرَى﴾، دەڵێت: هەرئەمەش تێڕوانینی ئیبن جەریر، ئیبن کەسیر لەمبارەیەوە وتەی هەریەك لە موجاهید و عیکرمەی هێناوە کە بڕوایان وایە کەمبونەوەی زەوی لەملاولایەوە مانای کاولبوونی زەویی و تیاچوونی زانایانیەتی، هەریەك لەحەسەن و زەحاکیش دەڵێن باڵا دەستی موسوڵمانان بەسەر هاوبەش دانەراندا، ئەوەشیان بەدوور نەزانیوە کە مانای کەمیی بەروبووم و مردنی مرۆڤەکان بێت.

خاوەنانی تەفسیری جەلالەین دەڵێن: ئایەتەکە ڕوو لە دانیشتوانی مەککەیە کە بۆچی نابینن قەڵەمڕەوی دەسەڵاتتان لەبەردەم فتوحاتی پێغەمبەردا (ﷺ) بەرتەسك دەبێتەوە؟

سەیدیش لە ( في الظلال) دا دەڵێت: دەستی قودرەتی خوایی ئەو گەل و ئوممەتانە دەگرێت کە چاویان نیعمەتە خواییەکان نابینێ و لەڕێبازی حەق لادەدەن، بەمەش خوای گەورە تۆڵەیان لێدەکاتەوە و دەسەڵاتی پان و بەرینی بەربڵاویان لە کونجێکی سەرزەویدا بەرتەسك دەکاتەوە.

لە( صفوة البيان في معاني القرآن)دا هاتووە: ئایەتەکە پرسیار لە بێباوەڕان دەکات کە بۆچی خۆیان لەوڕاستییە هەڵەدەکەن کە خوای گەورە لە زەویی و دەسەڵاتی ئەوان کەمدەکاتەوە، و دەیخاتە سەر سنوری قەڵەمڕەوی ئیسلام بەبیریان چۆتەوە گەلانی پێش خۆیان لە نمونەی عاد و سەمود چۆن بەهیلاکدا چوون؟ ئایا چ گرەنتیەکیان هەیە کە هەمان چارەنووسیان نابێت!؟.

لە ( صفوة التفاسير)یشدا ئەمە هاتووە: ئایا هاوبەش دانەران نابینن دەسەڵاتی بڕواداران دەگەیەنینە سەریان و زەوی و پانتایی بەدوای یەکدا بۆ موحەممەد فەتح دەکەین؟ بەم جۆرە سنوری بێبڕوایان بەرتەسك و سنوری بڕواداران فراوان دەبێت؟ ئەمەش بەهێز ترین بەڵگەیە کە خوای گەورە بەڵێنەکانی بۆ پەیامبەرەکەی دەباتە سەر.

لە پەڕتووکی( المنتخب في تفسير القرآن الكريم)دا بەم جۆرە ڕاڤەی ئایەتەکە کراوە: نیشانەکانی سزاو تێکشکانی بێباوەڕان بەئاشکرا دیارە، ئەی نابینن ئەو زەوی و سنورانەی ژێر دەسەڵاتیان یەك بەدوای یەکدا دەکەوێتە ژێر دەسەتی موسوڵمانان، بەمەش زەوی لەدەوروبەریان بەرتەسك دەبێتەوە، هەر خوای گەورە خۆیشی بڕیاری سەرکەوتن یاخود تێکشان دەدات، بڕیاری پاداشت و سزا دەدات، هیچ شتێك بڕیارەکانی دواناخات، لێپرسینەوە و تاووتوێکردنی بەجێو لەجێیە، تاووتوێکردنی کارو کردەوەی مرۆڤەکان بۆ خوای گەورە کات و ماوەی ناوێت، خوای گەورە زانیارییەکەی ڕەهایە و هەموو بەڵگەکانی لەبەردەستدا والآیە..

لە پەراوێزی ڕاڤەی ئایەتەکاندا هاتووە: ئەم ئایەتە چەند ڕاستییەك لەخۆ دەگرێ کە توێژینەوە زانستیە نوێیەکان پێیگەیشتوون.. لە ئێستادا سەلمێنراوە خێرایی خولانەوەی گۆی زەوی بەدەوری تەوەرەکەیدا و هێزی چەقە دەرپەڕاندنەکەی، هۆکارێکن بۆ جۆرە هەڵتۆقینێك لە هەردوو جەمسەری باکورو باشوورەوە کە بەرئەنجامی ئەمەش بەرتەسك بوونەوەی تیرەی گۆی زەوییە، ئەوەش ئەندازیارییەکی نوێیە کە خێرایی جوڵەی گەردەکانی ئەو گازانەی بەرگە هەوای زەوی پێکدێنن، ئەگەر لە هێزی کێشکردنی زەوی زیاتر بوو، گەردەکان بەرەو دەرەوەی گۆی زەوی دەردەپەڕن، ئەمەش دیاردەیەکی بەردەوامەو کەمبوونەوەی زەویش لەملاولایەوە دیسان بەردەوام دەبێت، لێرەشدا بەمانای بەرتەسك بوونەوەی قەڵەمڕەوی بێباوەڕن نایەت، کە ئەمەش ڕاڤەیەکە ئایەتە پیرۆزەکە هەڵیدەگرێ.

لەبەڵگە زانستییەکانی کەمبونەوەی زەوی لەملاولایەوە دەستەواژەی زەوی لەقورئانی پیرۆزدا ئاماژەیە بۆ سەراپای گۆی زەوی، هەروەك بەمانای ئەو وشکانیەش دێت کە کیشوەرەکان و نیشینگەی مرۆڤ پێکدێنێ، بەمانای ئەو خۆڵ و تۆزەش دێت کە بەردە وشکەکان دادەپۆشێ.. کەمبوونەوەی زەویش لەملاولایەوە لەهەریەکێك لەم چەمك و مانایانەدا کۆمەڵێك دەلالەتی زانستی هەیە کە ئەمانە هەندێکیانن:

یەکەم: لەچوارچێوەی ئەم مانایەدا کە زەوی هەموو هەسارەکە بگرێتەوە، سێ ماناو مەدلوولی زانستی ڕۆشن دەبینین کە بەم جۆرەیان کورت دەکەینەوە:

**أ) کەمبوونەوەی زەوی لەملاولایەوە بەمانای چوونەوەیەك و کەمبوونەوەی قەبارەکەی بەبەردەوامی:** تیرەی ناوەندی گۆی زەویی لە ئێستادا بە (١٢٧٤٢) کیلۆمەتر مەزەندە دەکرێ، ناوەندی دەوروبەری زەویش بە (٤٠٠٤٢) کیلۆمەتر، قەبارەکەشی بە زیاتر لە ملیۆن ملیۆن کیلۆمەتر سێجا، لێکۆڵینەوەکان دەیسەلمێنن زەویی لەو کاتەوە کە لە تەمو غوباری دوای تەقینەوە گەردوونییە مەزنەکە ماددەکەی پێکهات، بەقۆناغی جۆراوجۆری پێکهاتندا تێپەڕیوە، بەم جۆرە گۆی زەویی لەبەدیهاتنی بەراییدا تەنێکی زەبەلاح بووە لە خۆڵەمێش کە قەبارەکەی (١٠٠) هێندەی قەبارەی ئێستای بوە، ئەم زەویە لە هەناویدا چەند توخمێکی حەشاردراوە، دواتر ئەم تەنە زەبەلاحە کەوتۆتە بەر بارینی کلکداری ئاسنین و بەردە ئاسنین و بەردینەکان، لە نمونەی ئەوانەی لەمڕۆدا دەکەونە سەرزەوی( کەڕێژەکەیان لە نێوان هەزار بۆ ١٠ هەزار تەن دایە ساڵانە و لە ماددەی نەیزەك و کلکدارەکان پێکدێت).

لەئەنجامی چڕی پێکهاتەکەی، کلکدارە ئاسنینەکانی بەرەو سەنتەری خۆی کێش کردووە و جێگیر بوون، بەمەش گەرمیەکی لەڕادەبەدەر دەرپەڕیوە و هۆکاری تواندنەوەی تەنە خۆڵەمێشیەکە و دابەش بوونی بەسەر ٧ چیندا بەم جۆرە:

١- کرۆکی ناووکی: لەناووکێکی ڕەقی ئاسن بەڕێژەی ٩٠٪، نیکل بەڕێژەی ٩٪ ، جگە لەهەندێك توخمی سووکی وەکو کاربۆن و فسفۆڕ و کبریت و سلیکۆن و ئۆکسجین کە بەهەموویان ١٪ پێکدێنن، ئەمەش هەمان پێکهاتەی کلکدارە ئاسنینەکانە کەزیادەیەکی بەرچاوی لەڕێژەی ئاسن تێدا دەردەکەوێت، تیرەی ئەم ناووکە ئێستا بە (٢٤٠٢) کیلۆمەتر و چڕیەکەشی بە (١٠) بۆ (١٣,٥) گرام/سم٣ مەزەندە دەکرێ.

٢- پێشینەی شلی دەوری ناووکی زەویی: پێشینەیەکی شلە دەوری ناووکە ڕەقەکەی تەنیوە، هەمان پێکهاتەی کیمیایی هەیە بەڵام لەحاڵەتی تواندنەوەدایە، ئەستوورایيەکەی بە (٢٢٧٥) کیلۆمەتر دەخەمڵێنرێ، ئەوەی لەناووکە ڕەقەکەی دادەبڕێ چینێکی نیمچە تواوەیە ئەستوورایيەکەی (٤٥٠) کیلۆمەترە و بەبەشی خواروی پشتێنە تواوەکە دادەنرێ، بەناووك و پشتێنە شلەکە نزیکەی ٣١٪ ی قەبارەی زەوییان لێ پێکدێت.

٣- پشتێنەی خواروی ملپێچەی زەویی(ملپێچی خواروو): پشتێنەیەکی ڕەقە دەوری ناووکی تواوەی زەویی داوە، ئەستوورییەکەی نزیکەی (٢٢١٥) کیلۆمەتر دەبێت ( لە نێوان قولایی ٦٧٠ بۆ ٢٨٨٠ کیلۆمەتر)، ئەوەی لە ملپێچی سەروو خۆی کە بە ملپێچی ناوەڕاست ناودەبرێت جیادەکاتەوە، ڕێژەی ئەو درزو لێکدابڕانەیە کە لەشەپۆلە لەرینەوەکانی بوومە لەرزەوە پەیدا دەبێت.

٤- پشتێنەی ناوەڕاستی ملپێچی زەویی(ملپێچی ناوەڕاست): بوارێکی ڕەقە ئەستوورییەکەی ٢٧٠ کیلۆمەترە، چەند بوارێکی لێکدابڕانی شەپۆلە لەرینەوەکان جیای دەکەنەوە کە یەکێکیان لە قولایی ٦٧٠ کیلۆمەتردایە و لە ملپێچی خوارەوەی دادەبڕێ، ئەوەی دیکەشیان لە قولایی ٤٠٠ کیلۆمەتردایە و لە ملپێچی سەرووی جیادەکاتەوە.

٥- پشتێنەی سەرەوەی ملپێچی زەوی (ملپێچی سەرەوە): پشتێنەیەکی شلی نیمچە تواوەیە، چڕیی و




لینجییەکەی بەرزە، بە پشتێنەی لاوازی زەویی دەناسرێ، لەنێوان قولایی ٦٥ بۆ ١٢٠ کیلۆمەتر بۆ ٤٠٠ کیلۆمەتردایە، ئەستوورایییەکەی لە نێوان ٣٣٥ بۆ ٣٨٠ کیلۆمەتردایە .. بڕوای زانایان وایە ملپێچی زەویی لەسەرەتای بەدیهێنانیدا هەمووی تواوە بووە لە پاشان بەقۆناغبەندی و لەئەنجامی لەدەستدانی بەشێکی گەورەی گەرمیی زەویی دۆخی ڕەقی بەسەردا هاتووە.

٦- پشتێنەی دامێنی چینی بەردەڵانی زەویی: ئەستوورایییەکەی لە نێوان ٤٠ بۆ ٦٠ کیلۆمەترو لە قولایی ٦٠ بۆ ١٢٠ کیلۆمەترەوە، لە خوارەوەی بەشی سەرەوەی پشتێنەی لاوازی زەوی و لەسەریشەوە هێڵی دابڕی شەپۆلە لەرینەوەکان کە بە(سۆهۆ) دەناسرێ سنوریەتی.

٧- بەشی سەرووی چینی بەردەڵانی زەویی(تویکڵی زەویی): ئەستورایییەکەی لە ژێر بنی دەریاو ئۆقیانووسەکانەوە ٥ بۆ ٨ کیلۆمەترو لەژێر کیشوەرەکانیش ٦٠ بۆ ٨٠ کیلۆمەترە، لەبنەڕەتدا لە توخمە سوکەکانی وەکو سلیکۆن و سۆدیۆم و پۆتاسیۆم و کالیسیۆم و ئەلەمنیۆم و ئۆکسجین پێکدێت، لەگەڵ کەمێك ئاسن بەڕێژەی ٥,٦٪ ، ئەمە جگە لەچەند توخمێکی دی کە پێکهاتەی بەشی زۆری تویکڵی کیشوەرەکانە کە زۆرینەی گرانیت و بەردەگرانیتەکانە، هەرچی پێکهاتەی تویکڵی بنی دەریاو ئۆقیانووسەکانە، لە پێکهاتەی بەردە بازلتییەکان نزیکە.

ئەم لێکچوونە لە پێکهاتەی هەناویی زەوییدا سەرهەڵدانی تەوژمەکانی لۆدی لێکەوتۆتەوە، کە زۆرجار لە پشتێنەری لاوازی زەویەوە دەردەچێ، هەندێك جاریش لە ملپێچی ناوەڕاستی زەویەوە، بەمەش چینی بەردەڵانی دەوری زەویی تێکدەشکێ بۆچەند پلێتێك کە لە جوڵەی بەردەوامدان بەدەوری پشتێنەی لاوازیی زەویدا، بەمەش تەقینەوە گڕکانیەکان پەیدادەبن، زەمین لەرزە و جوڵەی کێوەکان دروست دەبن، هەروەك بەهێلکەیی بوونی زەویشی لێ بەدیهاتووە، بەمانای دەرپەڕینی هەردوو بەرگە ئاوی و گازیەکەی لەهەناویەوە و پێکهاتنی کیشوەرەکان.

ئەم مێژووە دەیسەلمێنێ قەبارەی زەویی لەسەرەتادا لایەنی کەم ١٠٠ هێندەی قەبارەی ئێستای بووە، کە بەزیاتر لە ملیۆن ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشە مەزەندە کراوە، بەواتایەکی دی هەسارەی زەویی لەیەکەم ساتی بەدیهاتنیەوە و لە هەموولایەکیەوە دەچێتەوە یەك، هاتنەوەیەکی گۆی زەویی سوننەتێکی گەردوونی پێویستە بۆ پاراستنی هاوسەنگی نیسبی نێوان زەویی و خۆر، ئەو هاوسەنگی و پەیوەندییە دووریی زەویی لە خۆرەوە کۆنترۆڵ دەکات.. هەر ئەو دوورییەش کۆنترۆڵی ڕێژەی ئەو ووزەیە دەکات کە لە خۆرەوە دەمانگاتێ، ماوەی ناوەندی نێوان زەویی و خۆر ١٥٠ ملیۆن کیلۆمەترە، ڕێژەی ئەو وزەیەی لە خۆرەوە بەرهەیەکێك لەهەسارەکانی کۆمەڵەی خۆرەکان بەشێوەیەکی

پێچەوانە لەگەڵ دووریەکەی گونجاوە، هەروەك خێرایی سوڕانەوەی هەسارەکەش لە خولگەی خۆیدا بەدەوری خۆردا لەبارە، بەڵام درێژی ساڵی هەر هەسارەیەك گونجانێکی ڕاستەوانەی هەیە لەگەڵ دووریەکەی لە خۆرەوە، لێرەوە حیکمەتی چوونەوەیەکی زەویمان لەملاولایەوە بۆ دەردەکەوێت، بێگومان ئەو وزە و گەرمییەی لە خۆرەوە پێمان دەگات ئەگەر کەمێك لەڕێژەی ئێستای زیاتر بوایە دەسووتاین و هەموو بوونەوەرانی سەرزەمینیش دەسووتان و، ئاو دەبووە هەڵم و هاوسەنگی هەوا تێکدەچوو، خۆ ئەگەر کەمێك کەمتریش بوایە سەراپای گۆی زەویی دەیبەست و ژیان لەناو دەچوو..

ئەوەی زانست سەلماندوویەتی، خۆر لەهەر چرکەیەکدا نزیکەی ٤ ملیۆن تەن لە قەبارەی خۆی لەدەست دەدات لە ئەنجامی گۆڕانی هایدرۆجین بۆ هیلیۆم لە کرداری یەکبوونی ناووکیدا، ئەم قەبارەیە نیوەی دەبێت بە ووزە...

بۆ ئەوەی ئەو مەودایەش کە دابڕی زەوی و خۆرە بەجێگیریی بمێنێتەوە، پێویستە زەویش هاوتا لەگەڵ خۆر ڕێژەیەکی دیاریکراو لەقەبارەی خۆی لەدەست بدات، ئەم لەدەستدانەی تەنی زەویش لەشێوەی گازو بوخارو گەردیلەوە و لە دەرچەی گڕکارا و کەلەبەرەکانی زەویەوە دەردەپەڕێت، زۆربەیان تەنی ڕەقن وبەشێکیان دەگەڕێنەوە سەرزەوی و بەشێکی دیکەشیان لە هێزی کێشکردنی زەویی دەرباز دەبن و بەبۆشاییدا پەرت و بڵاو دەبنەوە، ئەم ونبوونە بەردەوامەی تەنی زەویش، مانای چوونەوەیەکیەتی و کەمبوونەوەیەتی لەلایەکانیەوە، ئەمەش هاوسەنگیەکە بۆ مەودای نێوان زەوی و خۆر، گەر ئەم هاوسەنگیەش نەبوایە، زەوی لە هێزی کێشکردنی خۆر دەترازاو لەگەردووندا ون دەبوو، ژیانیش لەسەر زەوی نەدەما، بەپێچەوانەشەوە خۆر بەرەو ناوجەرگەی خۆی کێشی دەکردو لە پلەیەکی گەرمای ١٥ ملیۆن سەدیدا زەویی و تێکڕای ماددە و بوونەوەرانی سەری دەتوانەوە.

یەکێك لە حیکمەتە ڕۆشنەکانی خوای گەورەش لەڕێژەی ئەو کلکدارانەدایە کە ڕۆژانە دادەبارنە سەرزەوی، ئەمانە ڕۆڵی گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ گۆی زەوی دەبینن، چونکە زەوی بەبەردەوامی لەوماددانەوە کە لەهێزی کێشکردنەکەی دەرباز دەبن لە قەبارەی کەمدەبێتەوە.

**ب ) کەمبوونەوەی زەوی لەلایەکانیەوە بەمانای کەمێك هەڵاوسانی لەجەمسەرەکان و کەمێك چوونەوەیەك و قوپانی لەئاستی هێڵی کەمەرەییدا :**

لەسەردەمی خەلیفە مەئمون لەهەریەك لە توهامە و عێراق ماوەی بەرانبەر هەر پلەیەك لەپلەکانی هێڵی درێژی پێورا، ئەو بەرئەنجامە دەرکەوت کە زەوی گۆیی تەواو نییە، لەمەشدا زانا موسوڵمانەکان لانی کەم بە هەشت سەدە پێش خۆرئاواییەکان کەوتوون چونکە خۆرئاواییەکان لەسەدەی ١٧ی زایینییەوە ئینجا دەستیان کرد بە پێوانی دوورییەکانی زەویی، نیوتن سەلماندی کە زەوی گۆیی تەواو نییە، هۆکاری ئەمەشی پەیوەست کرد بەوەوە کە ماددەی زەویی تەنیا لەژێر کاریگەری هێزی کێشکردندانیە بەرەو چەقی گۆی زەوی، بەڵکو لەهەمان کاتدا کاریگەری هێزی پاڵنەرو فڕێدەری چەقی زەویش لەسەرە کە ئەنجامی سوڕانەوەیەتی بەدەروی خولگەکەیدا.

لەئەنجامی ئەمەوە قوپانێکی هێواش لە گۆی زەویدا بەدیهاتووە بەڵام حاڵەتەکە لەسەر هێڵی کەمەرەیی بەردەوامە چونکە هێزی دەرپەڕێنەری ناوەندی لەو پەڕیدایە و هێزی کێشکردنیش لەمپەڕیدایە، لەبەرانبەر ئەم قوپانە کەمەرەییەشدا هەڵتۆقینێکی نایەکسانی لە نێوان هەردوو جەمسەری گۆی زەویی هەیە، کەلەوێ هێزی کێشکردنی یەکجار زۆرە، جەمسەری بەستەڵەکی باکووریش لە جەمسەری بەستەڵەکی باشوور زیاتر هەڵتۆقیوە.. تیرەی زەویی لەناوچەی کەمەرەیدا بە نزیکەی ١٢٧٥٦,٣ کیلۆمەتر مەزەندە دەکرێت، نیوەتیرە جەمسەریەکەشی بە ١٢٧١٣,٦ کیلۆمەتر، بەمەش جیاوازی نێوان هەردوو

جەمسەرەکە ٤٢,٧ کیلۆمەترە.. ئەم هەڵاوسانەش نزیکەی ٠,٣٣٪ ی نیوەتیرەی زەویی پێکدەهێنێ، ئەمەش مانای وایە پرۆسەکە زۆر هێواشە و نزیکەی یەك سانتیمەترە لە هەزار ساڵدا، بەڵام هەر لەسەرەتای بەدیهاتنی زەوییەوە بەردەوامە و کەمبوونەوەی زەویە لەملاولایەوە .

**ج ) کەمبونەوەی زەوی لەملاولایەوە بەمانای پاڵە پەستۆی چینی بنی دەریا و زەریاکان لەسەر چینەکانی ژێرەوەی کیشوەرەکان و توانەوەی ئەو چینانە بەهۆی جوڵەی پلێتە بەردەڵانەکانی چینی سەرەوەی زەوی:**

چینی بەردەڵانی سەرەوەی زەویی بەهۆی تۆڕێکی زەبەلاح کە لەبەر و درزی قوڵ کە بەسەراپای زەویدا بڵاوبۆتەوە، شیتەڵ بووە، درێژی تۆڕە کەلەبەرەکە دەیان هەزار کیلۆمەترو قوڵیەکەشی لە نێوان ٦٥ بۆ ١٢٠ کیلۆمەتردایە.. ئەم تۆڕە شەقبوونە چینی بەردەڵانی زەویی بۆ ١٢ پلێتی سەرەکیی وچەند پلێتێکی بچووکتر دابەشکردووە بەسووڕانەوەی زەویی بەدەوری خولگەکەیدا، پلێتەکان لەسەر پشتێنەی نیمچە تواوەی لاوازی زەویی دەخرێت ولەیەکتر دوور دەکەونەوە یاخود بەریەك دەکەون.. ئەوەی یاریدەی ئەم جوڵەیە دەدات پاڵەپەستۆی بەردی تواوەی لەسەر کەلەبەرو کەلێنەکان بەتایبەتی ئەوانەی میحوەری ناوەڕاست زەویان پێکدێنن، بەمەش بنی دەریاکان فراوانتر دەبن و بەردەکانیشیان نوێ دەبنەوە، چونکە بەردە تواوەکان کە بەملیۆنان تەن لەکەلەبەرو درزی بنی ئۆقیانوسەکان دەردەپەڕن، هۆکارێکن بۆ جوڵەی هەردوو بەری لێکترازاوی بنی دەریا بەڕێژەی چەند سانتیمەترێك لەساڵێکا، ئەم جوڵەیە بۆشایی و کەلەبەرەکان بە مەودای گرکانیە دەرپەڕیوەکان پڕدەکاتەوە، کە دوای ساردبوونەوەیان لە شێوەی هێڵی تەریبدا دەمێننەوە بەهەمان ئاراستەی جوڵەی فراوانی، لەم فراوانبوونەشەوە بەردەڵانی بنی ئۆقیانووس ڕاست و چەپ دەکات، بۆشاییەکانی ئەم فراوانبوونەش بە بارستەی کیشوەرەکانی دەوروبەری ئۆقیانووسەکە پڕدەبنەوە، ئەو بەردانەش یاخود ئەو تاوێژانەش کە دادەکەون، لە پشتێنەی لاوازی زەویدا دەتوێنەوە.

بنی ئۆقیانووس هەروەها لەگەڵ بارستەی کیشوەرە ووشکانیەکانی دەوروبەری بەیەکدا دەکێشێ، ئەم کرداری بەریەککەوتنە ڕەنگە لەنێوان بارستە بەردەڵانەکانی بنی یەك ئۆقیانووسدا دووبارە بێتەوە، ئیدی دوورگە گرکانیەکان پێکدێنن وبنی ئۆقیانووس کەمدەکات، هەروەك کرداری دوورکەوتنەوە و دابڕان لە چینە بەردینەکانی یەك کیشوەریشدا ڕوودەدات و دەبێت بەدوو بارستە کە دەریایەکی درێژ لێکیان دادەبڕێ لە نمونەی دەریای سوور کە بەبەردەوامی فراوان دەبێت و لە ئایندەیەکی دووردا دەبێتە زەریا، لەهەمووحاڵەتێکدا تاوێرە بەردەکانی چینی سەرەوەی زەوی لەسەر هێڵەکانی بەریەك کەوتن نامێنێت و لەسەر هێڵەکانی دوورکەوتنەوەش نوێ دەبنەوە، کەیەکێك لە جۆرەکانی کەمبوونی زەویی لەلایەکانیەوە .

پلێتەکانی چینی بەردەڵانی سەرەوەی زەویی لە زۆر حاڵەتدا شێوە چوارگۆشەیان وەرگرتووە، لایەکیان هێڵی لێکدابڕان و دوورکەوتنەوەیە، لای بەرامبەریشی هێڵەکانی بەریەك کەوتنە، لەهەردوولایەکەی دیکەشییەوە سنوری خزان هەیە، لێیەوە پلێتەکانی چینی بەردەڵانی سەرەوەی زەویی دەخزێنێت.

جوڵەی پلێتەکانی بەرگی بەردەڵانی زەویی، بەبەردەوامی هۆکاری کەمبوونەوەی بەردی بنی ئۆقیانووسەکانە، کە لەشوێنیان بەردی نوێ پەیدا دەبێت، لەسەر ئەم بنەمایە بنی دەریاکان بەبەردی نیشتووی نوێ پڕ دەبێتەوە کە هەندێکیان تەمەنیان هەر ئەوساتەیە، هەرچی بەردەڵانە دێرینەکانیشە کەڕەنگە تەمەنیان دووسەد ملیۆن ساڵ بێت، بەرەو هێڵی بەریەك کەوتنی بنی دەریا لەگەڵ کوتلەی کیشوەرەکانی دەوروبەری دەڕۆن، بەردە هەرە کۆنەکانیش دادەبەزنە ژێر بارستەی کیشوەرەکان و لە

پشتێنەی لاوازیی زەویدا دەتوێنەوە، ئەمەش دیمەنێکی ناوازەی کەمبوونەوەی زەوییە لەملاولایەوە .

وا دەردەکەوێ ئەم کردارە جۆراو جۆرانەی زەوی لەسەرەتای بەدیهاتنیدا زۆر توندو تیژ بووە، هۆکاری ئەمەش پلەی گەرمی بەرزی ناخی زەویی بووە، سەرچاوەی بەرزیی پلەی گەرماش هەر ئەو گەرمییە بووە کە زەویی لەوتەنەی لێی جیابۆتەوە تێیدا ماوەتەوە، ئەمە جگە لە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە توخمە تیشکدەرەکانی کە هەر لەساتی ساردبوونەوەی ماددەی زەوییەوە بەهۆی شیبوونەوەیانەوە بەردەوام لەکەمبوونەوەدان...

* کەمبوونەوەی زەوی لەملاولایەوە بەمانای هەڵکشانی ئاوی دەریاو ئۆقیانووسەکان بۆسەر وشکانی و بەرتەسك کردنەوەی ڕووبەرە وشکانیەکان:

بەشێوەیەکی زانستی چەسپاوە کە زەوی لەسەردەمانی زۆر دێرین و لەسەرەتای بەدیهاتنیەوە سەراپا ئۆقیانووس بووە، دواتر بەجووڵەی پلێتەکانی چینی بەردەڵانی سەرەتای زەویی، کۆمەڵێك دوورگەی گڕکانی لەناوجەرگەی ئەم ئۆقیانووسە فراوانەدا پەیدابوون.

بەبەریەککەوتنی دوورگەکانیش تاکە کیشوەری وشکانیی پێکهاتووە کە دواتر پەرت بووە بۆ ئەو چەند کیشوەرەی ئێستا وشکانیان لێپێکدێت ، ئاڵو گۆڕو گۆڕانکاری نێوان وشکانیی و ئاویش سوونەتێکی سەرزەوییەکە بە خولی ئاڵوگۆڕی زەریا و کیشوەرەکان دەناسرێ.

لەم خولی ئاڵو گۆڕەدا بەشێك لەوشکانیی دەبێتە دەریا – کە هەریەکە لەدەریای سوور و کەنداوی کالیفۆرنیا – لە نمونەی هاوچەرخەکانی ئەم ئاڵوگۆڕەن و نموونەیەکن لە وێنەکانی کەمبوونەوەی زەویی لەلایەکانییەوە جگە لەمەش زانست سەلماندوویەتی بەشی زۆری ئاوی سازگاری زەوی لە چینە بەستەڵەکە کەڵەکە بووەکانی هەردوو جەمسەری باکوورو باشووردایە، یاخود لەسەر لوتکەی کێوەکانە، کە ئەستوورایيەکەی لە جەمسەری بەستەڵەکی باشوور دەگاتە چوار کیلۆمەتر و لە جەمسەری باکوریش ٣٨٠٠ مەتر.. توانەوەی ئەم بارستاییە زەبەلاحەی ئاو دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی ئاوی دەریاو زەریاکان بۆ پتر لە ١٠٠ مەتر، لە ئێستاشدا ئاماژەکانی ئەم توانەوە مەزنە دەرکەوتوون، ئەگەر بەتەواوی ڕوویدات بەشی زۆری وشکانی زەویی بەتایبەت لەناوچە نزمەکانی دەوروبەری زەریا و دەریاکان ژێرئاو دەکەون و، ئەمەش نموونەیەکی بەرتەسك بوونەوەی زەویە لەقەراغەکانییەوە.

بەراوردکردنی پیسبوونی ژینگەی زەوی بەبەردەوامی، کە هۆکاری بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمای زەویە، توانەوەی ئەم چینە ئەستوورانەی بەستەڵەك ئەگەرێکی نزیکە، ئەم حاڵەتەش پتر لە جارێك لە مێژووی دوورو درێژی گۆی زەویدا تۆمارکراوە کە تێیدا بەستەڵەك لەیەکێك لە جەمسەرەکانی زەوییەوە بەرەو هێڵی کەمەرەیی کشاوە، قۆناغی زەمەنی واش هەبووە بەشێك لەبەستەڵەکی کیشوەرەکان تواونەتەوە و بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریاو زەریاکانیان بەشوێندا هاتووە، لەهەردوو حاڵەتەکەشدا لێواری کیشوەرەکان وشکانێتی خۆیان لەدەست دەدەن و لێیان کەمدەبنەوە.

لەبەرئەوەش کە خولانەوەی زەوی بەدەوری تەوەرەکەیدا و بەهۆی جیاوازی پلەکانی گەرماو پاڵەپەستۆی هەوایی و جیاوازیی ڕێژەی سوێری ئاوەکان لەناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی‌تر، هەروەها جوڵەو شەپۆلی توندو تیژی دەریا و زەریاکان و شەپۆلە ڕووکەشیی و قوڵەکان، دیاردەی داخورانی کەنار دەریاکان و کلۆربوونی تاشە بەردەکان دێننە ئارا، کەوێنەیەکی دیکەی داخوران و کەمبوونەوەی زەویە لە قەراغ و لایەکانییەوە.

**دووەم: لەچوار چێوەی ئەو دەلالەت و مانایەدا کە زەوی بریتیی بێت لە تۆزو خۆڵی سەرتاشەبەردەکانی وشکانیی: کەمبوونەوەی زەوی لەملاولایەوە بەمانای فراوانبوونی رووبەری بیابانەکانی:**

بەواتای کشانی ناوچەبیابانیەکان بۆسەوزایی و کەمبوونەوەو بەرتەسک بوونەوەی زەویە کشتوکاڵیە بەپیتەکان، لەژێر ڕۆشنایی ئەو کاولبوونە ژینگەییەی ئادەمیزاد بەسەر زەویدا هێناوە، بیابانە کاکی بەکاکییەکان ڕۆژ بەڕۆژ فراوانتر دەبن و سەوزایی و ناوچە کشتوکاڵییەکان کەمدەکەنەوە، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی سەوزاییەکان بەجۆرێکی بێ سنوور وەك پاوانێك بۆ گیاندارانی ماڵیی، بڕینەوەی درەختەکان بۆ مەبەستی پیشەسازیی و فراوانبوونی ئاوەدانی و ناوچەکانی نیشتەجێکردن و کەمبوونەوەی ئاوو شەپۆلی وشکەساڵی و پەنابردنی بێبەزەییانە بۆ ئاوی ژێر زەوی و ، زیادبوونی خوێ لە پێکهاتەی خۆڵی زەویدا، فراوانبوونی ڕووبەڕی بیابانەکانیش دیارە زۆر خێراترە لەو هەوڵانەی بۆ چاککردنەوەی سەوزاییەکان دەدرێت، لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە پیسبوونی ژینگەو، کێشەی ئابووری بازاڕە خۆجێی و بیانییەکان، کە بەرئەنجامی ئەمەش ناجێگیری بەهای سووتەمەنیی و ئامێرو کەلوپەلە کشتیاریەکان و گرانبوونی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانە، بەم پێیە جیهان لەبەردەم قەیرانێکی جددیی بەرتەسک بوونەوەی ڕووبەرە بەپیتەکان و زیادبوونی پانتاییەکانە.. ئەمەش دیسان نمونەیەکە لە کاوولبوونی زەوی و کەمبوونەوەی لەلێوارەکانییەوە، واتا لێواری کیشوەرەکانی.

ئەم شەش مانایە بۆ

ئایەتەکە، بەیەکەوە بن یان بەتەنیا، ڕەهەندێکی زانستی ناوازەیە مەدلوولی بەرتەسك بوونەوەی زەویی دەدات لەلایەکانییەوە، هیچ ناکۆکیەکیش لەگەڵ دەلالەتی مەعنەویی ئایەتەکەدا نییە، بەمانای وێرانبوونی سەرزەوییەك کە خراپەکاران دەسەڵات و نفوزیان تێدا هەیە، بەڵکو ڕۆشنترو کامڵتری دەکات، لەسەر نەریتی قورئانی پیرۆزە کە ئاماژەیەکی گەردوونییە ناوەڕۆکێکی مەعنەوی دیاریکراو دێت، بەڵام بە ئیستاتیکایەتییەکی زانستی پڕ لە ئیعجاز کە لە گشتگیری و کامڵیدا بەپلەیەك دەگات کە زانست و مەعریفەی مرۆیی پێی نەگەیشتووە.

بێگەردی بۆ ئەو زاتەی ١٤٠٠ ساڵ بەرلەئێستا ئاماژەیەکی زانستی تا ئەو ڕادەیە ووردی لەسەر بەرتەسك بوونەوەی زەوی لەملاولایەوە دابەزاندووە، ئەو زانستەی تەنیا چەند سەدەیەکە ئادەمیزاد بەهەندێك لەپەنهانییەکانی گەیشتووە، گومان نییە لە ئایندەشدا زانایان شتی زیاتر لەم حەقیقەتە زانستییە جوانەی ئایەتەوە وەردەگرن، بەم پێیەش قورئانی پیرۆز تا ئەبەد بەباڵا دەستی بواری زانست و مەعریفە دەمێنێتەوە و دەبێتەوە بەڵگە لەسەر ئەوەی وتەی پەروەردگاری جیهان و گەردوونە .

سەرچاوە: سایتی (www.nooran.org).






خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤاری (هەیڤ) خۆشحالین لەژمارەیەکی نویّی گۆڤارەکەتاندا لە خزمەت ئێوەی بەڕێزدابین و لەخوای گەورە داواکارین کە بە هەموو لایەکمان بتوانین خزمەت بە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بکەین .

پێشەکی زۆر سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەین بۆ بەشداری کردنتان لە گۆڤارەکەتاندا بەبابەتی بەپێز وە قەڵەمە بە بڕشتەکانتان بەرز دەنرخێنین و هەمووکات لاپەڕەکانی گۆڤارەکەتان بۆ بەشداری ئێوەی بەڕێز والآیە و سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە بۆ یەکەم جار بەبابەتەکانیان گۆڤارەکەمان بەسەردەکەنەوەو هیوا دارین کەبەردەوام هاوکاریمان بکەن .

هەموو ئەو بەڕێزانەش کە بابەتەکانیان ئەمجارە دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکەمان بلاوی نەکردۆتەوە ، هیوادارین کە بەبابەتی تر بەشداریمان بکەن .....ئەو بەڕێزانەش خاوەنی بابەتی : مایکرۆسۆفت ..... هەروەها خاوەنی بابەتی ( ماسی .........

بۆیە داوای لێبوردن لەو دوو بەڕێزە دەکەین و چاوەڕوانی بەرهەمی باشترین .

بۆ هەموو خوێنەرانی ئازیزو بەڕێزیش هیوا دارین ئەم ژمارە نوێیەی گۆڤارەکەتان جێی ڕەزامەندیتان بێت و داواکارین بەرەخنەو پێشنیارەکانتان گۆڤارەکەمان دەوڵەمەندتر بکەن .

هەیڤ



# ئیعجازی زانستی سەبارەت بەبەکارهێنانی [غیض الأرحام] لە قورئاندا



نووسینی : د. عبدالجواد الصاوي
وەرگێڕانی : د. هیوا شفیق نامق
Hiwashafiq80@yahoo.com

## کورتەی باس:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا باس لە ڕونکردنەوەی مانای (غیض الأرحام) لەلایەن زانایانی زمان و ڕاڤەکانی قورئانی پیرۆزەوە دەکرێت، پاشان باس لە هاوتابوونی ئەم مانایە لەگەڵ زانستی کۆرپەلەزانی نوێدا دەکرێت، و لە کۆتاییدا لێکۆڵینەوەکە دەگاتە ئەوەی کە: {مانای (غیض الأرحام) بریتییە لە لەبارچوونی کۆرپەلە پێش دروست بوونی ئەندامەکانی)، یاخود ئەو جۆرە کۆرپەلەیەیە کە هەر لە سەرەتای پەیدابوونیەوە لەناودەچێت و منداڵدانی دایك نایهێڵێت و وونی دەکات، هەروەك ئەو ئاوەی کە زەوی دەیخواتەوە و وونی دەکات.

ئەم مانایەش هاوئاهەنگە لەگەڵ لەبارچوونی خۆیی سەرەتایی کۆرپەلە (early spontaneous abortion) کاتێك کە منداڵدانی دایکەکە پاشماوەکەی فڕێ دەداتە دەرەوە، یاخود بەتەواوەتی لەناو منداڵدانی دایکەکە لەناودەچێت و وون دەبێت، هەروەها ئەم لێکۆڵینەوەیەش لایەنی ئیعجازی زانستی ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە کە لەئایەتی: ﴿الله يعلم ما تحمل كل أنثى وما تغيض الأرحام وما تزداد وكل شيء عنده بمقدار﴾ (الرعد:٨-٩)دا هاتووە.

**یەکەم:** ڕوونکردنەوەی مانای (غیض):

لە زمانەوانیدا، ووشەی (غیض) بەکاردەهێنرێ بەرامبەر کەمبوونەوە، نەمان، ڕۆیشتن و لەناوچوون، لە فەرهەنگەکانی زماندا دەووترێ: (غاض الماء غيضاً) واتە: ئاوەکە کەمی کرد، یان کەمی کردووە و نەما، یان کەمی کرد و لەناو چوو، یاخود بەناو زەویدا ڕۆچوو و نەما، یان دەووترێ (غيض دمعه) واتە: فرمێسکەکەی کەمی کرد یان قەتیس بووە لەچاویدا ( المعجم الوسيط: ٢/٦٦٨).

لە (المفردات في غريب القرآن) دا هەردوو ڕستەی (و غيض الماء – و ما تغيض الأرحام) واتە: ئەوەی کە منداڵدان دەیشێوێنێت و وەك ئەو ئاوەی لێدەکات کە زەوی دەیخواتەوە، ووشەی (الغيضة) واتە ئەو شوێنەی کە ئاوی تێدا دەوەستێ و دوایش دەچێ بەناو زەویدا. (المفردات في غريب القرآن – ص٣٦٨).

لە دوو شوێن لە قورئاندا ووشەی ( الغيض) هاتووە: یەکەمیان ئەوەی سورەتی (رعد)ە کە پێشتر باسکرا، دووەمیشیان لەئایەتی: ﴿وقيل يا أرض ابلعي ماءك ويا سماء أقلعي وغيض الماء وقضي الأمر واستوت على الجودي وقيل بعداً للقوم الظالمين﴾ (هود:٤٤)، بەپێی یاسای ڕاڤەکردنی قورئان بە قورئان، ووشەی (غیض)ی ئایەتەکەی سورەتی (رعد) ڕاڤەدەکرێ بە ووشەی (الغيض) کە لەسورەتی (هود)دا هاتووە، لە سورەتی (هود)دا ووشەی (غیض) بەمانای: وونبوون، ڕۆیشتن، و نەمان هاتووە. ئیمامی (ابن الجوزي) دەڵێت: کە (الزجاج) دەڵێت (غاض الماء) واتە ئاوەکە بەناو زەویدا وونبوو.

ڕاڤەکردنی زانایانی تەفسیر بۆ ووشەی (غيض الأرحام) لە دوو تەوەرەدایە:

یەکەمیان: ئەو خوێنەی کە لە دامێنی ئافرەتی دووگیاندا دێتە خوارەوە.

دووەمیان: بەواتای لەبارچوون یان لەبارچوونی ناتەواو، یان ئەوەی کە منداڵدان دەیشێوێنێت و وەك ئەو ئاوەی لێدەکات کە زەوی دەیخواتەوە.

**١- ( غيض ) بەمانای لەبارچوون:**

زانایان (ابن عباس و قتادة) دەفەرموون: (**وما تغيض الأرحام**) واتە لەبارچوون، و (**وما تزداد**) واتە ئەوەی کە منداڵدان زیادی دەکات لە سکپڕی دوای کەمبوون تا بەتەواوی لەدایك دەبێت.

و (الضحاك) دەڵێت: **(وما تغـيض الأرحـام)** ئەوەیە کە دایکەکە منداڵەکەی لەبارچێت، **(ومـا تـزداد)** بەماوەی تـەواوی سـك پڕیـدا تێدەپـەڕێ و لـەدایك دەبـێ، ئیمـامی (الحســن) دەفــەرموێ (الغــیض): ئــەو کۆرپـەلەیــە کــە لەباردەچـێ و ناگاتـە کـاتی تـەواوی خـۆی، و (الإزدیـاد) مناڵێکی تەواو و پێگەیشتوو ئەگەیەنێت، هـەروەها دەڵـێ: **(ومـا تغـیض الأرحـام)** ئەو کۆرپەلەیەی کە لەباردەچێ، (ومـاتزداد) ئەوەیــە کــە دایکەکــە لــەماوەی ٩ مانگــدا مناڵەکەی دەبێت.

خاوەنی تەفسیری (المنار) دەڵێت: **(وما تغیض الأرحـام)** ئــەوەی کــە منداڵــدان لــەناوی دەبــات لــە دوای قۆنــاغی هەڵواسراوەییەوە.

(عبدالرحمن بن ناصر السعدي) دەڵێت: **(ومـا تغـیض الأرحـــام)** واتە لێکەمکردنـەوەی منداڵـدان بـۆ ئـەوەی کـە لەناویدایـە، یـان بەلـەباربردن یـاخود بـە شـیکردنەوە و لـەناوبردنی، و (ومـاتزداد الارحـام) واتـە: ئـەو کاتـەی کـە کۆرپەلە گەورە دەبێت و گەشە دەکات لەناویدا.



**٢- (الغیض) بـەمانای هاتنـە خـوارەوەی خوێنـە لـە دامێنـی دایکی دووگیانەوە:**

(أبو حیان) جەخت لەسەر ئەم مانایەی ووشەی (غیض) دەکاتـەوە و دەڵێـت: (کـۆڕای ڕاڤـەکاران دەڵـێن کـە (غـیض الـرحم) واتـە خـوێن هاتنـە خـوارەوە لـەکاتی دووگیانیـدا، مجاهد دەڵێت: **(وما تغیض الأرحام)**: ئەو خوێنەیە کە دایك لەکاتی دووگیانیدا دەیبینێت، و کەم بوونەوە و زیادبوونی منداڵدانی بەستووەتەوە بەم خوێنەوە، واتە منداڵدان کەم دەکات بەهاتنە خوارەوەی ئەم خوێنە لە کۆرپەلەوە، و زیاد دەکات ئەگەر بەسەر (٩ مانگدا) تێپەڕی، (سعید بن جبیر) لە هەندێك لە ووتەکانیدا سروشتی ئەم خوێنەی دیاری کردووە و دەڵێت (الغیض) بریتییە لە بێنوێژ بوونی دایك بەسەر منداڵەکەیەوە.

**کۆڕای زانایان بۆ ووشەی (غیض) بریتییە لە لەبارچوون:**

ئەو خوێنەی کە لە ئافرەتی دوگیانەوە دێتە خوارەوە لەسەرتای دووگیانیدا بریتییە لە یەکێك لەم ٥ حاڵەتەی خوارەوە:

یەکـەم/ ئـەو خوێنـەی کـە بـەهۆی چاندنی کۆرپەلـە بەدیواری منداڵدانەوە دێتە خوارەوە.

دووەم/ ئــەو خوێنــەی کــە پــێش لەبارچــوون دێتــە خوارەوە کە پێی دەوترێ (لەبارچوونی هەڕەشەکەر).

سێیەم/ ئەو خوێنـەی کـە لەگـەڵ لەبارچـوونی خـۆیی کۆرپەلەی سەرەتاییدا ڕوودەدات (الاسقاط التلقائي للجنین المبکـر) کـە ئەمـەش لای ئافرەتـان هەنـدێ جـار لەگـەڵ سووڕی بێ نوێژیدا تێکەڵاو دەبێت.

چوارەم/ ئەو خوێنەی کە لەگەڵ گەندە سکپڕبووندا (الحمل الکاذب) ڕوودەدات.

پێنجەم/ ئەو خوێنەی کە لە حاڵەتی دووانەی ناتەواودا ڕووئەدات بەشێوەیەك کە یەکێکیان لەناو دەچێت و ئەوی دیکەیان دەگاتە لەدایکبوونی ئاسایی.

هـەر بۆیـە ئـەو خوێنـەی کـە دایکەکە دەیبینێت لەگەڵ مانەوەی سکەکەیدا بەخوێنی بێنوێژی ناژمێردرێت، بـەڵکو کاردەکاتـە سـەر تەمـەنی کۆرپەلـە و کێشەکەشـی، بۆیـە دەبیـنین کـە بەشـێوەیەکی گشـتی ئـەو کۆرپەلەیـەی کـە حاڵەتی لەبارچوونی هەڕەشەکەری بەسەردا دێت پێش ٩ مانگ لەدایك دەبێ.

یاخود کێشی تەواو نابێت لەکاتی لەدایك بووندا، بۆیە بەم شێوەیە هـەر بۆچوونێك کە لاوازبوونی کۆرپەلـە یـان زیـادبوونی تەمـەنی لـە ٩ مـانگ زیـاتر دەبەسـتێتەوە بـەو خوێنەی کە لەدامێنی دووگیانەوە دێت، ئەوا بۆچوونێکی ناتەواوە و بەڵگەی زانستی لەسەر نییە.

لەسەر ئەم بناغەیەش دەتوانین بڵێین كە پێناسەكردنی هەندێك لە زانایانی پێشین بۆ ووشەی(الغیض) بەوەی كە ئەو خوێنە بێت كە ئافرەتی دووگیان دەیبینێت ئەوا زیاتر پەیوەندی هەیە بە لەبارچوونەوە، بەڵكو بەشێكە لە حاڵەتی لەبارچوون چونكە زۆربەی كات خوێن لە پێش، یان لە كاتی لەبارچووندا دێتە خوارەوە، بۆیە بەم شێوەیە دەڵێین كە ڕاڤەكردنی مانای (غیض) بەرامبەر لەبارچوون، ڕای كۆی زانایانە.

**ئایا (غیض) لەبارچوون بە ڕەهایی یاخود لەبارچوونی سەرەتایی دەگەیەنێ؟**

ئەو ماوەیەی كە تیایدا لەبارچوونی خۆیی مانای ووشەی (غیض) دەگەیەنێ كە لەقورئاندا هاتووە، دەكەوێتە ماوەی دروست بوونی ئەندامەكانی لەشی كۆرپەلەوە، كە ئەمەش لە پێگەیشتنی هەردوو ئاوی دایك و باوكەوە دەست پێدەكات، بەهەردوو قۆناغی هەڵواسراوە و بە قۆناغی گۆشتپارەدا تێدەپەڕێ تا ئەو كاتەی ڕۆح دەكرێ بەبەری كۆرپەلەكەدا.

بەڵگەش لەسەر ئەوە پرسیاری فریشتەی سپێردراوە بە منداڵانی دایك كە پرسیار دەكات لە خوای متعال لەبارەی داهاتوو و چارەنووسی هەر قۆناغێك لە قۆناغەكانی كۆرپەلە كە ئایا هەریەك لە قۆناغەكان دروست دەبێ یان نا؟.

ئیمامی (بوخاری و موسلیم) لە (ئەنەسی كوڕی مالیك)ەوە دەگێڕنەوە كە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (خوای گەورە فریشتەیەكی سپاردووە بە منداڵدانی دایك، و دەپرسێ لە خوای گەورە كە ئایا ئەم كۆرپەلەیە دەگاتە قۆناغی هەڵواسراو؟ دەگاتە قۆناغی گۆشتپارە؟ كە لەم قۆناغەدا كۆرپەلەكە وەكو پارچە گۆشتێكی جووراو دەردەكەوێ لەناو سكی دایكیدا؟ پاشان ئەگەر خودا وویستی لەسەر ئەم قۆناغانە بێت، دوایی دەپرسێ ئایا نێردەبێ یان مێ؟ خۆشبەخت دەبێ یان بەدبەخت؟ و ئایا ڕزقی چەند دەبێت؟ و ئایا تەمەنی چەند دەبێ؟ بەم شێوەیە ئەم نهێنیانە هەمووی لەناوسكی دایكیدا دیاریدەكرێ.

هەریەك لە پرسیارەكانی فریشتەكە سەبارەت بەو قۆناغانە بریتییە لە پرسیار سەبارەت بەئەنجامی ئەم قۆناغانە كە ئایا كۆرپەلە دەیگاتێ یان نا؟ و ئایا منداڵدانی دایك دەیخواتەوە یان نا؟.

لەوانەیە هەر لەسەرەتاوە فریشتەكە پرسیارێكی گشتگیر بكات، ئایا ئەم دڵۆپە ئاوە ئەندامەكانی لێ دروست دەبێ یان نا؟ ئەگەر دروست بوو ئەوا پرسیاری سیفەتەكانی لێدەكات، ئەگەر ئەندامەكانی دروست نەبوون ئەوا منداڵدانی دایك هەر لە قۆناغی خوێنپارەییدا دەیخواتەوە، ئەمەش بەپێی ئەو فەرموودە بەرزكراوەیە كە ( ابن جریر) دەیگێڕێتەوە لە (ابن مسعود)ەوە كە دەفەرموێ: (هەركاتێ كە دڵۆپە ئاوەكە (كە لە دایك و باوكەوە هاتووە) گەیشتە ناو منداڵدان، خوای گەورە فریشتەیەك دەنێرێت، پاشان ئەویش دەپرسێ ئایا خوایە ئەندامەكانی لێ دروست دەكرێ یان نا؟ ئەگەر دروست نابێت ئەوا منداڵدان دەیخواتەوە و نایهێڵێت، وە ئەگەر فەرمووی بەڵێ، دروست دەبێ، ئەوا دەپرسێ نێر دەبێ یاخود مێ؟ ڕۆژی چەند دەبێ كەی دەمرێ؟ خۆشبەخت دەبێ یان بەدبەخت؟ و ئەوكاتەش بە فریشتەكە دەووترێ كە بچێت وێنەی سیفەتەكانی ئەم كۆرپەلەیە لە (أم الكتاب)وە كە لە (لوح المحفوظ)دایە وەربگرێ و تا دواهەمین سیفەتەكانی بۆ دیاری بكات.

ئەم فەرموودەیەش بەڕوونی ئاماژە دەكات بەماوەی ڕوودانی (الغیض) یاخود لەبارچوونی خۆیی كە دەكەوێتە ماوەی دروست بوونی ئەندامەكانی كۆرپەلەكە، ئەمەش لە ٦ هەفتەی یەكەمدا ڕوودەدات.

**لەبارچوون چییە و چی دەگەیەنێ لە زانستی كۆرپەلەزانی نوێدا؟**

دەتوانین بڵێین كە ئەو لەبارچوونەی ڕاڤەی ووشەی (غیض) دەكات و زانایانی تەفسیر و زمان مەبەستیانە بریتییە لەو كۆرپەلەیەی كە لەسكی دایكیدا لەباردەچێت پێش ئەوەی ئەندامەكانی لەشی دروست بێ، یان ئەو كۆرپەلەیەیە كە لەناو منداڵدانی دایكدا دەمرێ، پاشان شی دەبێتەوە و لەناو دەچێ و پاشماوەی دیارنامێنێت لەناو منداڵداندا، و ئەو پێناسەیەش بەسەریدا جێبەجێ دەبێت كە منداڵدان دەیخواتەوە هەروەكو چۆن زەوی ئاو دەخواتەوە.

لێرەدا دەپرسین: ئایا ئەم مانایە یەكدەگرێتەوە لەگەڵ پێناسەی كۆرپەلەزانی نوێدا؟

دەڵێین: بەڵێ بە دڵنیاییەوە، چونكە كۆرپەلە كاتێ لە هەشت حەفتەی یەكەمدا لەناودەچێ ئەوا یان دەكرێتە

دەرەوەی منداڵدان، و یان شیدەبێتەوە و بەتەواوەتی لەناو منداڵدانی دایکدا دیارنامێنێت، زانایانی کۆرپەلە زانی بە هەردوو ئەم شێوەیە دەڵێن: لەبارچوونی خۆیی سەرەتایی، و ئەمەش بە تەواوی یەکدەگرێتەوە لەگەڵ پێناسەی زانایانی زمانەوانی و تەفسیر بۆ ووشەی (غیض)، بۆیە دەتوانین بڵێین کە (غیض الأرحام) بریتییە لە لەبارچوونی خۆیی کۆرپەلەی سەرەتایی.

**دووەم:** ڕوونکردنەوەی لایەنی زانستی باسەکە:

١) لەبارچوونی خۆیی سەرەتایی چییە (**Spontaneous Abortion**)؟

ئەو جۆرە لەبارچوونەیە کە تیایدا کۆرپەلە لە خۆییەوە لەباردەچێت پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە (٢٠ هەفتە) لەناوسکی دایکیدا، یان کاتێ کە کێشی دەگاتە کەمتر لە ٥٠٠ گم، زۆربەی حاڵەتەکانی لەبارچوونی خۆیی لەماوەی ٨ هەفتەی یەکەمدا ڕوودەدات، لەم کاتەشدا پێی دەوترێ لەبارچوونی خۆیی سەرەتایی. کە حاڵەتێکی بڵاوە و ڕێژەی ڕوودانی زۆرە، و زۆربەی جار ڕوودەدات بێ ئەوەی دایکەکە بزانێ سکی هەیە. زۆرکاتیش ئەو ئافرەتەی کە سووڕی بێنوێژی هەفتەیەك یان دووهەفتە دوا دەکەوێت، یاخود لە سووڕەکەیدا خوێنێکی زۆری نائاسایی هەبێت ئەوا بەحاڵەتی لەبارچوونی خۆیی سەرەتایی دادەنرێت، ڕێژەی ئەم جۆرە لەبارچوونەش زۆر بەرزە بەتایبەت پێش ٤ هەفتەی یەکەمی سك پڕبووندا کە دەگاتە نزیکەی ٤٠٪.

هەندێك لە لێکۆڵینەوەران هەستاون بە کۆمەڵێك تاقیکردنەوە بۆ دیاری کردنی ڕێژەی لەبارچوونی کۆرپەلە لە ماوەی هەرە سەرەتای سکپڕیدا.




شکل (١) رسم توضيحي يبين تطور الجنين وزيادته في الحجم بعد مرحلة التخليق، من الأسبوع التاسع حتى اكتماله في الرحم في الأسبوع الثامن والثلاثين - مرجع ٢٣

لە ساڵی (١٩٨٢)دا ئیدمۆندز و هاوڕێکانی هەستان بەتاقیکردنەوەی سکپڕی بۆ دۆزینەوەی هۆرمۆنی سکپڕی لە (مێز)ی ١٩٨ ئافرەتی تەواو گونجاو بۆ سکپڕبوون، لەم کاتەدا ١١٨ ئافرەتیان بینرا کە سکیان هەیە، بەڵام هەر لەسەرەتای دووگیانیدا ٦٧ ئافرەتیان سکەکەیان لەدەستدا بێ ئەوەی بزانن کە سکپڕبوون، ئەم ڕێژەیەش یەکسانە بە ٦٠٪ی ئافرەتەکان، لە کۆمەڵێك لەو لەبارچووە سەرەتاییانەدا کۆرپەلەکە نەبینراوە، واتە کۆرپەلەکە شیبۆتەوە و لەناومناڵدانا وونبووە، ئەگەر لەناو کیسی کۆریەلەدا کۆرپەلە نەبینرێت ئەوا پێی دەووترێت کیسی کۆرپەلەی بەتاڵ، ئەم حاڵەتەش زۆر بڵاوە لەو دیاردانەدا کە پێی دەوترێ دیاردەی دووانەی ناتەواو کە یەکێك لە کیسەکانی کۆرپەلە بەتاڵ دەبێ و ئەوی دیکەیان کۆرپەلەی تیادایە.

هەندێك جار پاشماوەی سکەکە سەربەخۆ ناکەوێتە خوارەوە لە دامێنی دایکەکەوە، بەڵکو ماوەیەکی زۆر لەناو مناڵداندا دەمێنێتەوە و پێی دەووترێ لەبارچوونی شارراوە (**missed abortion**)، لەم کاتەشدا قەبارەی مناڵدان دەگۆڕێ و بچووکتر دەبێتەوە بەهۆی مژینی شلەی ئەمنیۆنی و ڕوودانی شیبوونەوەی لەشی کۆرپەلەکە، زۆربەی زۆری ئەم جۆرە لەبارچوونە چارەنووسەکەی بریتییە لە لەبارچوونی خۆیی کە تیایدا پاشماوەی سکەکە دەکەوێتە خوارەوە، بەڵام هەندێ جار کۆرپەلە دەپوکێتەوە و دیارنامێنێت لەناو کیسی کۆرپەلەدا.

سەرچاوە پزیشکییەکان دەڵێن هێشتا وەڵامی ئەمە ڕوون نییە کە بۆچی هەندێ کۆرپەلە لەدوای مردنی دەکەوێتە خوارەوە بەڵام هەندێکی دیکەیان ناکەوێتە خوارەوە؟

**٢) بەڵگەی زانستی لەسەر ئەوەی کە مەبەست لەم لەبارچوونە لەبارچوونی سەرەتاییە:**

**بەڵگەی یەکەم:** ووشەی (الغیض) لەئایەتەکەدا پێش ووشەی (الزیادة) هاتووە، (**وما تغيض الأرحام وما تزداد**)، ئایەتە پیرۆزەکە ووشەی (الزیادة) لەدوای ووشەی (الغیض)ەوە باسکردووە، و لەڕووی زانستەوە ئەمەش زانراوە کە لەماوەی هەشت هەفتەی یەکەمی کۆرپەلەدا قەبارەی منداڵدان بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد ناکات، و ئەو گۆڕانکاریانەش کەبەسەریدا دێت تەنها گۆڕانێکی فسیۆلۆجیە لە شانەکانیدا و بەهۆی هۆرمۆنەکانی سکپڕبونەوە ڕوودەدات، بەڵام زیادبوونی ڕاستەقینە

لەقـــەبارەی منداڵدانـــدا لـــە دوای قۆنـــاغی دروســـت بوونی‌ئەندامەکانـــەوە ڕوودەدات لەســـەرەتای هەفتـــەی نۆهەمدا.

کە ئەمەش پەیوەندی هەیە بە گەشەی کۆرپەلەکەوە و بەردەوامیش دەبێ تا کۆتایی دووگیانیی، **سەیری وێنـەی** (١) بکە کە تیایدا وشەی (غیض) کە بەرامبەر ووشەی (ازدیاد) بەکارهێنراوە، کە تەنها ماوەی دروستبوونی ئەندامەکانی دەگەیەنێت کە لە هەشت هەفتەی یەکەمدا ڕوودەدات.




شكل (٢): يبين اطوار الجنين في مرحلة التخليق ابتداء من الاسبوع الثالث حتى نهاية الأسبوع الثامن ويلاحظ أن الجنين قد تم تخليق أعضائه وأجهزته، وتحددت ملامحه الإنسانية، وتهيأ للتسوية التامة - مرجع ٢٣.

**بەڵگـــەی دووەم**: کۆرپەلـــە ناپوکێتـــەوە و لەناوناچـــێت تـــەنها لـــە قۆنـــاغی دروســـت بـــوونی ئەندامـــەکانی‌دا نـــەبێ، شـــێوەیەك دۆزراوەتـــەوە کـــە کۆرپەلـــــەی پووکـــــاوە پاشماوەکەی لەناو منداڵداندا وون نابێـت تـەنها لـەماوەی دروست بوونی ئەندامەکانی‌دا نـەبێت (مرحلـة التخليـق)، سەرچـــاوەیەکی پزیشـــکی دەڵـێ: ئـەوەی کـە جێگـای سـەرنجە ئەوەیـە کـە مردنـی کۆرپەلە و پاشان پوکانەوە و شـیبوونەوە و هەڵمژینـەوەی لەلایەن منداڵدانەوە ڕوونادات تەنها لە ٣ هەفتەی یەکەمدا نـەبێت، و تاکۆتاییەکـەی (واتـە دوومـانگ و نیـو دوای پیتانـدن)، سەرچاوەیەکی پزیشکی دی دەڵـێ: کـاتێ کـە گەشـەی کۆرپەلـە لـەماوەی ٣ مـانگی یەکەمـدا توشـی وەستان دەبێت، ئەوا تووشی شیبوونەوە و هەڵمژین دەبێ لەلایەن منداڵدانەوە (جاینیکۆس ١٩٨٨).

بـەڵام ئەگـەر کۆرپەلـە لە مـاوەی ٣ مـانگی داهـاتوودا بمرێـت، ئـەو کاتـە شـینابێتەوە و وون نابێـت لـەناو منداڵدانـدا، بـەڵکو دەپەسـتێورێت و دەچـێتەوەیەك تـاکو وەکو وەرەقە تـەنك دەبێتـەوە، و پێـی دوترێت (کۆرپەلـەی وەرەقەیی) و بەو پێیەش کە مەبەست لە (غیض) یەکێ لـەم دوومانایـە دەگرێتـەوە: یـان لـەباربردنی کۆرپەلـە بـۆ دەرەوەی منداڵدان، و یان ئەو کۆرپەلەیـەی کە شیدەبێتەوە و وونـدەبێ لـەناو منداڵدانـدا، هەربۆیـە ناکرێ کە مەبەست لە ووشەی (الغیض) بریتی بێت لە لەبارچوونی کۆرپەلە لەهەر قۆناغێکدا، بەڵکو تـەنها ئەو لەبارچوونە دەگرێتەوە کە لە قۆنـاغی درووست بـوونی ئەندامەکانـدا ڕوویئـەدات، لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییانەدا ئەوە جێگیر دەبێت کە لەبارچوونی خـۆیی سـەرەتایی هـەردوو کۆرپەلـەی هاتـە خوارەوە لە منداڵدانەوە دەگرێتـەوە، لەگەڵ ئەوەشیان کە نایەتـە خـوارەوە بـەڵکو شیدەبێـــەوە و نامێنێـت لـەناو منداڵداندا.

**ســـێیەم**: هاومانـابوونی مانـــای (الغـیض) لەگـــەڵ لەبارچوونی خۆیی سەرەتاییدا:

بەڵگە زمانەوانییەکانی مانای ووشەی (غیض) هاوتایە لەگەڵ دیاردەی لەبارچوونی خۆیی سـەرەتایی بەهـەردوو جۆرەکەیەوە بەپێی زاراوەی پزیشکی، کە ئەو کۆرپەلەیە دەگرێتـەوە کـە منداڵـدان فـڕێی دەداتـە دەرەوە لەگـەڵ ئەوەش کە لەناو منداڵداندا شی دەبێتەوە.

کەواتە ئەو واتایەی‌کە ووشـەی (الغیض) دەیبەخشێ لەبارەی شیبوونەوە و نەمانی کۆرپەلە، هاوتایە لەگەڵ ئەو ڕووداوانـــەی کـــە بەســـەر هەنـدێ لـــە کۆرپەلـــەدا دێـت، بەشێوەیەك هیچ پاشماوەیەك لە کۆرپەلە لەناو منداڵداندا نامێنێتەوە، وەك ئەم نموونانەی لای خوارەوە:

أ) حاڵەتی هێلکەی تێکچوو (**Blighted ova**) یاخود کیسی کۆرپەلەی بەتاڵ: لەم حاڵەتەدا کۆرپەلە شیدەبێتەوە و پێکهاتەکانیشـی هەڵـدەوەرێت، و هـیچ پاشماوەیـەکی لـەناو منداڵدانـدا نـامێنێ، ئـەم حاڵەتـەش نزیکـەی نیوەی حاڵـەتـەکانی لەبارچـوونی خـۆیی سـەرەتایی دەنوێنێ، لـە لێکۆڵینەوەیەکیشدا کە (هیرتج و شیلدۆن) پێی هەستاوون لەســەر هــەزار حاڵــەتی لەبارچــوونی خــۆیی لــە ســاڵی (١٩٤٣)دا بینیـان کـە بـە ڕێـژەی ٤٩٪ حاڵـەتـەکان تیایـدا کۆرپەلەکە شیدەبێتەوە، و بەتەواوەتی ووندەبێت، لەپاش دۆزینـــەوەی ئـــامێری ســـۆنەر و بـــەکارهێنانی لەهەڵسەنگاندنی بـاری تەندروسـتی ئـافرەتی دووگیانـدا، دڵنیا بوونەوە لە پووکانەوە و لەناوچوونی کۆرپەلە لەناو منداڵداندا کە بـەم حاڵـەش دەووترێ کیسـی کۆرپەلـەی بەتاڵ. (**سەیری وێنەی: ٣ بکە**).

ب) حاڵەتـــەکانی دووانـــەی ناتـــەواو: هەنـدێ لـــە لێکۆڵینەوە نوێکان زۆری ڕوودانی ئەم حاڵەتەیان دووپات



شكل (٣) صورة بجهاز الموجات فوق الصوتية، لحمل في الأسبوع السادس ، تظهر كيس حمل فارغ ليس به جنين؛ وهي تشخيص لحالة جنين متلاشي - مرجع ١٩.



شكل (٤) مقطع طولي في الرحم بجهاز الموجات فوق الصوتية يبين وجود كيسي حمل لتوأم؛ أحدهما به جنين، والآخر كيس حمل فارغ اختفى منه الجنين الثاني، ثم لا يلبث أن يختفي ويغور هذا الكيس الفارغ أيضا - مرجع ٢٤

کردەوە، کە دەگاتە ٥٠٪ی دووانە سکپڕبوون، یەکێك لە سەرچاوە پزیشکیەکان دەڵێت: یەکێك لە دووانەکە شیدەبێتەوە و ونـدەبێت بەتەواوەتی لەناو منداڵدانـدا ئەمەش لەسەرەتای ماوەی سکپڕیدا، ئەمەش لە ڕێگای بەکارهێنانی سۆنەرەوە دۆزراوەتەوە، بەشێوەیەك کە بینراوە تەنها یەکێك لە دوو کۆرپەلەکە دەردەکەوێت و لە تەنیشتییەوە کیسێکی بچووك هەیە و ماددەیەکی چڕی تێدایە کە بەڵگەیە لەسەر مردنی یەکێك لە کۆرپەلەکان، لە ماوەی (٤-٦) هەفتەدا ئەم کیسەش بەتەواوی دیارنامێنێ.

هەروەها هەندێ جار لە سکپڕبوونی فرە کۆرپەلەدا، دەبینرێ کە چەند کیسێك هەیە بەڵام تەنها یەك کۆرپەلەی زیندووی تیایە ولەکاتی مناڵبوونیشدا تەنها یەك مناڵ لەدایك دەبێت، کیسە کۆرپەلەییەکانی دیکەش لەناو دەچن و منداڵدان هەڵیاندەمژێت، هەریەك لە (ڕۆبنسۆن و جانیس) لە ساڵی (١٩٧٧)دا بەهۆی دەزگای سۆنەرەوە چاودێری ٣٠ ئافرەتی دووگیانیان کرد کە هەریەکیان دووانە لەسکیاندا بوو، ئەمەش لەماوەی ٣ مانگی یەکەمدا کرا، ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوون: (١٤) دایك دووانەیان بوو، (١١) یان تەنها یەك منداڵیان بوو، و ئەوانی دیکەیان بریتی بوون لە کیسی کۆرپەلەی بەتاڵ، و (٤)یشیان هیچیان بۆ لەدایك نەبوو، واتە کۆرپەلەکانیان لەناو چوون و منداڵدانیان هەڵیمژیبوون، (١) دایکیش هیچی بۆ لەدایك نەبوو بەڵام تووشی لەبارچوونی شارراوە بوو لەگەڵ بوونی کیسی کۆرپەلەی بەتاڵ. **وێنەی** (٤).

ج) لەبارچوونی شارراوە: لەهەندێ باری لەبارچوونی شارراوەدا کۆرپەلەکە تێکدەچێت و ئەڕزێ و هیچ پاشماوەیەکی لەناو کیسی کۆرپەلەدا نامێنێ، لەم کاتەشدا کۆرپەلەکە سەبارەت بە منداڵدان وەك ئەو ئاوە وایە کە زەوی دەیخواتەوە. کە ئەمەش یەکێکە لە پێناسە زمانەوانییەکانی ووشەی (غيض). **وێنەی** (٥).

بۆیە لەم حاڵەتانەدا پاشماوەی لەبارچوونەکە نابینرێ، و ناشتوانرێ بە ووردی وەسفی ئەم حاڵەتە بکرێ تەنها بە ووشەی (الغيض) نەبێت کە مانای پوکانەوە و شیبوونەوە و نەمانی تەواوەتی دەگەیەنێت.

٢) هەروەها ووشەی (الغيض) کە بەمانای پوکانەوە و نەمانی دێت: هاوتایە لەگەڵ ئەو حاڵەتەی کە بەسەر بۆشاییەکانی دەوری کۆرپەلە دێت کە پڕن لە شلەمەنی و ئاو، وەکو بۆشایی کۆریۆن و موولولە خوێنە کۆبووەکانی نێوان مەمیلەکان کەوا لە کۆرپەلەدەکات لەناوەندێکی شلدا بژی، و لەکاتی مردنی کۆرپەلەشدا دەردراوی هۆرمۆنی منداڵدان کەم دەبێتەوە لەگەڵ هەموو ئەو مولولە خوێن و شانە و ڕژێنەکانی دەوروبەری کۆرپەلە، بەشێوەیەك دەردانی ڕژێنەکان نامێنێت و موولولە خوێنەکان دەگیرێن و خوێنەکەی ناوەوە و نێوانیان دەیبەستێ.



شكل (٥) صورة بجهاز الموجات فوق الصوتية لحمل في الأسبوع السادس، حيث يبدو كيس حمل كبير، بدون جنين أو أي من ملحقاته في داخله؛ حيث غار واختفى. وهي تشخيص لحالة إجهاض مخفي - مرجع ٢٤.

بەم شێوەیە ووشك دەبێتەوە و شێوە دەریا ئاوییەکانی دیواری ناوەوەی منداڵدانیش کۆتایی پێدێت و نامێنێ، بۆیە بەم شێوەیە مانای (غیض) بۆ منداڵدان مانایەکی ڕاستەقینەی دەبێت. **وێنەی (٦-٧).**




**وێنەی ( ٦ )**

شكل(٦) يبين الجنين في نهاية الأسبوع الثاني وقد أحاطت به برك الدماء عبر الفجوات من الخارج في بطانة الرحم، وتجاويف السوائل من الداخل؛ التجويف كريوني، والأمنيوسي، وكيس المح الثانوي، والتي لا تلبث حينما يهلك الجنين أن تنقص وتغور وتتخثر برك الدماء وتجف من حول الجنين - مرجع ٣٦.

٣) ووشەی (الغیض) مانای قەتیس بوون و کەم بوونەوە دەگرێتەوە: هەروەها ئەم مانایەی ووشەی (غیض)یش هاوتایە لەگەڵ ئەو حاڵەتەی کە بەسەر هەندێ لە کۆرپەلەدا دێت بەشێوەیەك کە دەمرێت، بەڵام ناکەوێتە خوارەوە بەڵکو لەناو دیواری منداڵدانا قەتیس دەمێنێ – هەندێ جاریش ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە و دەڕزێ و شیدەبێتەوە – لەگەڵ ووشکبوونەوەی زۆربەی شلەکانی ناوەوەو دەرەوەی کۆرپەلە، پاشان منداڵدان دەچێتەوەیەك و کێش و قەبارەی کەم دەبێتەوە، هەروەکو چۆن ئەمەش بەسەر هەندێ حاڵەتی لەبارچوونی شارراوەدا دێت.

**بڕوانە: وێنەی (٨).**

بەم شێوەیە زاراوەی (الغیض) جوانترین و ووردترین زاراوەیە لە جیاتی ووشەی لەبارچوون (السقط)، چونکە ووشەی (الغیض) هەردوو دیاردەکە ئەگرێتەوە: کە یەکەمیان ئەو کۆرپەلەیە دەگرێتەوە کە نامێنێ و پاشماوەکەشی وونده‌بێت لەناو منداڵدانا، و دووەمیان ئەو کۆرپەلە دەگرێتەوە کە لەباردەچێ و منداڵدانیش فڕێی دەداتە دەرەوە، و بەدوایدا خوێن دێت.




**وێنەی ( ٨ )**

شكل (٨) صورة بجهاز الموجات فوق الصوتية لحمل في الأسبوع السابع، حيث يبدو كيس حمل به قطع صغيرة عائمة من تجويف السلي، ولا يوجد به جنين. وهي تشخيص لحالة إجهاض مخفي - مرجع ١٩.

## زانایانی ئیسلام ئەم ڕاستییە ڕادەگەیەنن پێش دۆزینەوەی ئامێرە نوێیەکان:

چەند سەدەیەك لەمەوبەر (ابن عطیة‌ی ئەندەلوسی) ئاماژە دەکات بۆ کۆرپەلەی لەناوچوو لەناو منداڵدانا، و لە بەرامبەر مانای (الغیض)دا دەڵێت: بریتیە لە لەناوچوونی شتێك لەناو منداڵدانا و پاشان نەمانی، هەروەها خاوەنی کتێبی (المفردات في غریب القرآن) بەڕوونی وەسفی کردووە و دەڵێت (الغیض) ئەوەیە کە منداڵدان لەناوی دەبات و هەڵیدەمژێ هەروەك ئەو ئاوەی کە زەوی هەڵیدەمژێت. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە شێخی (السعدي) ڕاڤەی ووشەی (الغیض)ی بە هەردوو حاڵەتەکەیەوە کردووە، وەکو ئەوەی نوێترین

سەرچاوەی زانستی لابێت لەبارەی چارەنووسی کۆرپەلەی مردوو لەناو منداڵدانی دایکدا.

دەڵێت: (**وما تغيض الأرحام**) واتە کەمکردنەوەی منداڵدان بۆ ئەوەی کە تیایدایە، ئیتر یان کۆرپەلەکە فڕێ دەدرێتە دەرەوە و لەباردەچێت، یاخود شی دەبێتەوە و دەڕزێ و وون دەبێت لەناو منداڵداندا.

گەلی عەرەبیش سەرەڕای ئەوەی کە لەڕووی زمانەوانییەوە مانای (الغيض) دەزانن، بەڵام هەرگیز دەستەواژەی (غيض الأرحام)یان پێش دابەزینی قورئان بەکارنەهێناوە.

ئێستاش لەم سەردەمەدا زۆر بەدڵنیاییەوە ئەوە ڕوون بووەتەوە – لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی کۆرپەلەزانیدا لەڕووی وەسفی و تاقیکاریدا- کە ووشەی (الغيض) زۆر بە ووردی بەکارهێنراوە بەرامبەر هەموو ئەو ڕووداوانەی کەبەسەر کۆرپەلەی مردوودا دێت لە قۆناغی دروست بوونی ئەندامەکاندا، کە هەندێکیان منداڵدان بە تەواوی فڕێی دەداتە دەرەوە و پاشماوەکەشی لەدەرەوە دەبینرێ، و هەندێکی تریشیان شی دەبێتەوە و وون دەبێت و پاشماوەی نابینرێ، ئەوەشی بەسەردا جێگیر دەبێ کە منداڵدان هەڵی مژیوە وەکو چۆن زەوی ئاو هەڵدەمژێ، ئەم ڕاستییەش پێشتر نەزانراوە تەنها لەم سەدەیەدا نەبێت، پاش پێشکەوتنی دەزگای نوێ و تاقیکردنەوەی وورد، و بەووردیش دیارینەکراوە تەنها پاش بەکارهێنانی ئامێری سۆنەر نەبێت کە لەم دواییانەدا دۆزرایەوە.




شكل (٧): صورة تبين حجم الجنين، ويلاحظ حجم الدماء في التجاويف التي تحيط بكيس الحمل، وحجم السوائل حول الجنين داخل كيس الحمل، بالنسبة إلى حجم الجنين والتي لا تلبث أن تغور وتنضب عندما يهلك الجنين - مرجع ٢٦.

### ئیعجازی زانستی لەسەر مانای (الغيض):

بەکارهێنانی دەستەواژەی (غيض الأرحام) لەبەرامبەر لەبارچوونی خۆیی سەرەتایی بەهەردوو شێوەکەیەوە، واتە ڕزاندن و کەوتنە خوارەوەی کۆرپەلە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی کە بەدوایدا دێت لەبارەی کەم بوونەوەی بۆشاییە شلەییەکان و ئەو موولولە خوێنییانەی کە دەوری کۆرپەلەیان داوە، لەڕاستیدا ئیعجازێکی زانستی کۆرپەلەزانی ئاشکرایە،

بــەم شــێوەیە زانســـت ووردی و گشــتگیری ئــەم زاراوەیەی سەلماند، و پێشکەوتنی قورئانیش بەسەر زانستدا لەبارەی ئەم ئاماژە زانستیانەوە سەلمێنرا، چونکە زانستی سەردەم تەنها لە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەدا توانیویەتی ئەم ڕاستیانە بسەلمێنێ، ئەمەش ووتەی پیرۆزی خوای متعال بەراست دەخاتەوە کە دەفەرموێت: ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ، وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُ بَعْدَ حِينٍ﴾ (ص:٨٧-٨٨).

سەرچاوە: بابەتی (الإعجاز العلمي للقرآن والسنة في دلالة: غيض الأرحام)/ نووسینی: د. عبدالجواد الصاوي/ وەرگێراوە لە ئینتەرنێت لە سایتی (الهيئة العالمية للإعجاز العلمي في القرآن والسنة): (www.nooran.org).




**قۆناغەکانی دروستبوونی کۆرپەلە لە سەرچاوەکانی زانستی کۆرپەلەزانیدا**



# ئاماژەدان بەنائاگاهی لەقورئانی پیرۆزدا



ئامادەکردنی: سەروەر حەسەن عەلی
(مساعد ممارس) لەبەرنامەڕێژی زمانیانەی دەماریNLP

قورئانی پیرۆز بەرنامەیەکی کامڵ و تەواو شیاوە بۆ ژیانی مرۆڤ، سەرجەم وردەکاریەکانی لەبارەی مرۆڤەوە باسکردووە. گەر درێژەی باسکردنیش نەبێت ئاماژە دراوە و درێژەی باسەکان بۆ بیرجولاندن و گەڕان و وردبوونەوەی مرۆڤ بەجێهێڵراوە... یەکێك لە بابەتە سەرەکیەکانی دەروونناسی و بەتایبەت بەرنامەڕێژی زمانیانەی دەماری (NLP) مەسەلەی نائاگاهی یاخود ئەقڵی پەنهانە (العقل الباطن) کە گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت، بەو پاڵنەرەی کە نائاگاهی بزوێنەری مرۆڤە بۆ زۆر لەو کارانەی بوونەتە خوو لای کەسەکان و تێدا خەزن بوونی بێسنووری زانیاری و یادەوەریەکان و گەلێك تایبەتمەندی نائاسایی دیکە کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە... قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی بە نائاگاهی (ئەقڵی پەنهان) داوە، بەلام بەر لەچوونە نێو بابەتەکەوە پێویستە ئاگاداری چەند ڕاستیەك بین:

١. ڕووداوگەلێك کە لەژیانی ڕۆژانەماندا ڕوودەدەن لەسەر ڕەفتارە ئاساییەکانمان کاریگەری بەجێدێڵن، جائیتر پێیان بزانین یاخود نەزانین.

٢. مرۆڤ پێکهاتە و بوونێکی هێند ئاڵۆزی هەیە بەبیردا نایەت، بەدڵنیاییەوە ئەو ئاستی ئاڵۆزیە زۆرەی مرۆڤ هەیەتی یەکێکە لەو دیاردانەی لەپشت پەخشانکردنی ئایەتەکانی خوای مەزنەوەیە لەگەردوونی بەرفراواندا بەسەرجەم هەبووەکانی نێویەوە و لەنێویشیاندا دەروونی مرۆیی... خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ﴾ فصلت/ ٥٣، واتە: (ئێمە لەئایندەدا بەڵگە و نیشانەی سەرسوڕهێنەریان پێشان دەدەین لەئاسۆکانی بونەوەردا و لەخودی خۆیشیاندا، ئەمەش بۆئەوەی تا چاك بۆیان ڕوون بێت و دڵنیابن کە ئەو زاتە حەق و ڕاست و ڕەوایە)... ئەمە دروست وەك ئەوەیە ئایەتەکە بفەرموێت: ئەی بەندەکانم! جوانی و نایابیەکانی بەدیهێنراو و داهێنانکاریەکانمتان لەئاسۆکان و خودی خۆتاندا پێشان دەدەم تاکو بۆتان دەربکەوێت و دڵنیابن کە ئەم قورئانە هەق و ڕاستە.

بەلام ئاخۆ ئەو ئاسۆیانە (آفاق) کامانەن؟ بەدڵنیاییەوە ئەم گەردوونە بەرفراوانەیە بەسەرجەم ئەستێرە و گەلەستێرە و خولگەکانیانەوە، ئەم گەردوونە کە زۆرگرانە بۆ ئەقڵی مرۆیی وێنای فراوانیەکەی بکات لەزەینیدا. لێرەدا ناخوازین بچینە نێو وردەکاری ژمێرکاریە فەلەکیەکانەوە بەلام باچەند ساتێك هەڵوەستە لەسەر ئەم ئاسۆیانە بکەین و تەنها بڕی فراوانیەکەی بزانین: دووریی نێوان هەموو دوو ئەستێرەیەك لەگەردووندا بەپێوەری ساڵی ڕووناکی دەپێورێت، ساڵی ڕووناکیش ئەو دووریەیە کە ڕووناکی لەماوەی ساڵێکدا دەیبڕێت. ئەگەر زانیمان ڕووناکی لەهەر چرکەیەکدا ٣٠٠ هەزار کیلۆمەتر دەبڕێت ئەوا زۆر بەئاسانی دەتوانین ئەو دووریە بزانین کە لەخولەکێکدا دەیبڕێت (ئەوەش بەلێکدانی ژمارەکەی پێشوو لە ٦٠ کە دەبێتە دووریی ١٨ملیۆن کیلۆمەتر. لەکاتژمێرێکیشدا ڕووناکی ١٠ملیار و ٨٠ملیۆن کیلۆمەتر و لەڕۆژێکدا ژمارەکە دەبێتە ٢٥٩٢٠٠٠٠٠٠٠ کیلۆمەتر و لەساڵێکیشدا ژمارەکە دەبێتە ٩٣٣١٢٠٠٠٠٠٠٠٠کیلۆمەتر. وەك زانایانی ئاشکرایان کردووە ئەستێرە هەن لەگەردووندا دووریی نێوانیان ملیۆنان ساڵی ڕووناکیە، ئیدی لەوکاتەدا خوێندنەوەی ژمارەکە تەواو گران

دەبێت، لەبەرئەوەیە ئێمەی مرۆڤ دەتوانین تەسەوری بەشێك لەفراوانی گەردوون بکەین.

لەگەڵ ئەوەشدا نیوەی ئایەتەکانی خوای گەورە لەم گەردوونە بەرفراوانەدایە، نیوەکەی دیکە لەنێو خودی مرۆڤ خۆیدایە. خوای مەزن ئایەتەکانی خۆیمان لەگەردوون و خودی خۆماندا پێشان دەدات تاکو بۆمان ڕوون بکاتەوە کە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز هەق و ڕاستن.

لەوەی ڕابورد دەتوانین بڵێین تێگەیشتن لەئایەتە پیرۆزەکانی قورئان لەڕێی تێگەیشتن لەمرۆڤ و گەردوونەوە دەبێت، گەر هەقیقەتی زیاترمان زانی دەتوانین زیاتر لەقورئانی پیرۆزیش تێبگەین.

٣. دەکرێت زانیاریمان لەبارەی دەروونی مرۆڤەوە لەدوو ڕێگەوە وەربگرین: یەکەم ئاکامی توێژینەوەی زانستی کە ئەقڵ و ئەزموونی تێدا بەکارهاتووە و ڕێگەی دووەمیش دەقە شەرعیەکان... بەڕاستی کەسێك بیەوێت بگاتە ئاکامێکی دڵنیاو تەواو هەرگیز نابێت لەهیچکام لەو دوو سەرچاوەیە بێئاگابێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە مرۆڤ بەدیهێنراوی خودایە و هەر خۆی باشتر بەرژەوەندیەکانی دەزانێت. لەلایەکی دیکەشەوە ئەقڵ بنەمای شیکاری و بینینی سوننەتە دەروونی و گەردوونیەکانە، بۆیە هەرگیز ناکرێت دژوەستانێك لەنێوان دەق و ئاکامی توێژینەوەکاندا هەبێت.

ڕاستە قورئان کتێبی دەروونناسی یان کۆمەڵناسی یاخود زمان و مێژوو نیە، بەڵام کتێبێکە چوارچێوەی گشتی سەرجەم ئەم زانستانەی ئاماژە پێداوە و بەسنورداریش درێژەی بەهەندێکیان داوە، بەتایبەت پەیوەست بە دەروونی مرۆڤەوە. پێغەمبەر (د.خ) نێردراوە تاکو وردەکاری هەندێك لەو مەسەلانە بدات.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ﴾ العنكبوت/ ٢٠، واتە: (ئەی پێغەمبەر (د.خ) پێیان بڵێ: بابگەڕێن بەزەویدا، تەماشابکەن و سەرنج بدەن چۆن ئەو زاتە دروستکراوانی بەدیهێناوە). فەرمانکردن بەگەڕان و وردبوونەوە بەزەویدا تاکو تەماشای چۆنیەتی بەدیهێنان بکرێت، لەئایەتەکەدا بەسێ کرداری داخوازی (قُل- سِيروا- فأنظروا).

لەوتەکەی پەروەردگاردا بەدیهێنراوێکی دیاریکراو نیە بۆ لێوردبوونەوە، بەڵکو وشەکە بەجێهێڵراوە تاکو سەرجەم شێوەکانی بەدیهێنراوەکان بگرێتەوە لەڕووەك و ئاژەڵ و مرۆڤ و گەلەستێرەکان و هەسارەکان و ئاو و بەردەکان، هەروەها تاکو سەرجەم ئەو مەسەلانە بگرێتەوە کە پەیوەندیان بەدەروونی مرۆییەوە هەیە. زمان بەدیهێنراوێکە پێویستە لەدووی چۆنیەتی بەدیهێنان و گەشەکردنی بگەڕێین، ئیدی لای گەلێکی دیاریکراو بێت یاخود لای تاکە تاکەی مرۆڤ، بەهەمان شێوەش سەبارەت بە بەدیهێنراوەکان ڕەفتار و زیرەکی و سۆز و هەڵچوونەکان و بەهرەکان و وەیادهاتنەوە و بیرچوونەوە و کاریگەربوون و کاریگەری دروستکردن و پەشێوی دەروونی و نەخۆشی دەروونی و غیرە و ڕژدی و بەخشندەیی و ژیان و مەرگ.

بەڵێ ئێمە پێویستمان بەوە هەیە بزانین چۆن مردن دەمرێت، کاری مردن تەنها لەدونیادایە. مردن لەقیامەتدا بوونێکی نیە، چونکە لەوێ ئیتر مردن دەمرێت، ئەگەر وانەبێت ئیتر چۆن نەمری بۆ ئیمانداران لەبەهەشت و بۆ کافرانیش ئاگر دەستەبەر دەبێت؟!

گەڕان لەزەویدا بەبێهودە نیە، بەڵکو بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی خوای گەورە و میهرەبانە، تاکو مرۆڤ لەڕامبوونی ئەم گەردوونە و تەحقیق بوونی فەرمانی خوایی لەڕامکردنی گەردوون بۆی حاڵی ببێت ﴿وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَ فِي الْأَرْضِ﴾.

٤. ئێمە هەموانمان بەبێ جیاوازی پاڵنەری ڕاستەقینەی ٦٠٪ی ڕەفتاری ڕۆژانەی خۆمان نازانین. خوای گەورە لەسورەتی (الفرقان) ئایەتی (٦) دا دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَنزَلَهُ الَّذِي يَعْلَمُ السِّرَّ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِنَّهُ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ ، واتە: (تۆ ئەی پێغەمبەر (د.خ) بڵێ: ئەو زاتەی ئەم قورئانەی دابەزاندووە بەهەموو نهێنیەك دەزانێت لەئاسمانەکان و زەویدا، هەر ئەویش هەمیشە و بەردەوام

لێخۆشبوو و میهرەبانە)... لەسورەتی (الأنعام) دا دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ اللّٰهُ فِي السَّمَاوَاتِ وَفِي الأَرْضِ يَعْلَمُ سِرَّكُمْ وَجَهرَكُمْ وَيَعْلَمُ مَا تَكْسِبُونَ﴾ الأنعام/٣، واتە: (ئەوە هەر (الله)یە پەرستراوە لەئاسمانەکان و زەویدا و نهێنی و ئاشکراتان دەزانێت، بەهەموو کار و کردەوەیەکیش کەدەیکەن ئاگادارە)... هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَاهُم بَلَى وَرُسُلُنَا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ﴾ الزخرف/٨٠، واتە: (ئایا ئەوانە وادەزانن کە ئێمە لەنهێنی و چپەیان بێئاگاین و نایبیستین؟! نەخێر وانیە، ئێمە زۆر ئاگادارین و فریشتە چاودێرەکانیشمان کە هەمیشە لەنزیکیانەوەن، ورد و درشتی گوفتار و کرداریان تۆمار دەکەن).

بائێستا لەخۆمان بپرسین چەندجار ئەو وتەیەی پەروەردگارمان خوێندوەتەوە کە دەفەرموێت: ﴿وَإِن تَجْهَرْ بِالْقَوْلِ فَإِنَّهُ يَعْلَمُ السِّرَّ وَأَخْفَى﴾طه/٧، واتە: (خۆ ئەگەر بەئاشکرا قسەبکەیت، ئەوە بێگومان ئەو زاتە بەنهێنی و لەنهێنیش پەنهانتر دەزانێت).

ئەم ئایەتەی کۆتایی بەڕوونی ئاماژە بەزانستی خودا دەدات لەسەر مەسەلەیەك کە بەپلەی یەکەم تایبەتە بەمرۆڤ. خوای مەزن ئاماژە بەسێ دەستەواژە دەکات:

١. وتەی ئاشکرا (الجهر من القول).

٢. نهێنی (السّر).

٣. شاردراوە یان لەنهێنی پەنهانتر (الأخفى).

دەتوانین بڵێین ڕەفتاری مرۆڤ لەیەکێك لەم سێ جۆرە تێپەڕناکات:

١. وتەو قسەکردنم لەسەر شتێك جۆرێکە کە من دەیزانم و خەڵك دەیزانن و خوایش دەیزانێت، ئەوەش "وتەی ئاشکرا"یە. واتە شتی ئاشکرا یاخود ڕوون، وەك لەئایەتەکەدا هاتووە.

٢. نهێنی، خەڵك نەیزانێت بەڵام من دەیزانم و خوایش دەیزانێت. ئەم نهێنیە لەخەڵك و دەوروبەر شاراوەیە بەڵام لەخوای گەورە شاراوەنیە. پەروەردگار نهێنی دەزانێت، نهێنی هەموومان دەزانێت.

٣. جۆری سێیەم کەئایەتەکە ئاماژەی پێدەدات (أخفى) یە.

وتەی ئاشکرا (الجهر) خەڵك دەیزانێت و من دەیزانم و خوای گەورەش.

نهێنی (السّر) ئەوەیە کە من دەیزانم و خەڵك نایزانێت بەڵام خوای گەورە دەیزانێت.

شاردراوە (أخفى)یش خەڵك نایزانێت و منیش نایزانم (هەرچەند من خاوەنیم) بەڵام خوا دەیزانێت.

ئەوەی لەباسەکەدا مەبەستە وشەی (أخفى) یە کەلەئایەتەکەدا هاتووە.

"إمام القرطبي) لە "إبن عباس"ەوە دەڵێت: "نهێنی ئەوەیە کە ئادەمیزاد لەدەروونی خۆیدا دەیشارێتەوە بەڵام شاردراوە (أخفى) ئەوەیە کە لە ئادەمیزاد شاراوەیە لەگەڵ ئەوەش کە خۆی بکەریەتی".

"البغوی" لە "إبن أبي طلحة"ەو لە "إبن عباس"ەوە دەڵێت: "نهێنی ئەوەیە کە ئادەمیزاد لەدەروونی خۆیدا دەیشارێتەوە، بەڵام (أخفى) ئەوەیە کە بەرلەوەی بیزانێت لێی دیارنیە هەرچەندە خۆیشی بکەریەتی".

یەکێك لەزانایانی دەروونناس لەکۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا دۆزینەوەیەکی ئاشکراکرد کە ناوینا "نەست" یان "ئەقڵی پەنهان" یاخود "نائاگاهی" (ئەم دەستەواژانە هەمان مانا دەبەخشن). ئەو کردارانەش کە لێوەی دەردەچن ناودەبرێن بە کردارە "ناخودئاگاییەکان" یان "نەستیەکان".

جێگای باسە٦٠٪ی ڕەفتاری ڕۆژانە و کردار و گوفتارەکانمان سەرچاوەکەیان ئەقڵی پەنهانە، ئەمەش واتە من فاکتەری ڕاستەقینەی نزیکەی ٦٠٪ی ڕەفتارەکانم نازانم، بەڵام ئەگەر لەخۆمم پرسی یاخود کەسێك لێی پرسیم بۆچی ئەم کارەم کرد؟ ئەو دەمە دەتوانم پاساوی ئەقڵیی بۆ بهێنمەوە، واتە دەتوانم پاساو یان فاکتەری ئەقڵی (ژیری) بدەم و قەناعەت بە بەرامبەرم بکەم لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری ڕاستەقینەی ئەو ڕەفتارانە بەشاراوەیی لەناخمدا (واتە لە ئەقڵی پەنهان– الأخفى) دەمێنێتەوە، لەو جێگایەدا کە نایزانم.

## ئەقڵی پەنهان چی لەخۆدەگرێت؟

نائاگاهی ئەو سیستمی دەماریەیە کە ئەم خاڵانە لەخۆدەگرێت:

١. بەهرە و شارەزایی و بەدەستهاتووە فێربووەکان کە فێربوونیان لەهۆشیاری (ئاگاهی) یەوە بووە و لەدوای تەواو وەرگرتنی و بوونی بە خوو (عادەت) بۆ ئەقڵی پەنهان (مەبەست وشەی (أخفى)ی نێو ئایەتەکەیە) گوێزراوەتەوە. لەوانەش ڕەفتارە پەیوەستەکان بە عادەتەکانی خواردن و خواردنەوە و دانیشتن و ڕۆیشتن و نووسین و خوێندنەوە و بیرکردنەوە و...هتد.

٢. بەرنامە پەیوەستەکان بە بەڕێوەبردنی کۆئەندامەکانی جەستە (ئەوەی دەست دەگرێت بەسەر هەناسەدان و لێدانەکانی دڵ و ئارەقە ڕژێنەکان و دەردانی ڕژێنەکان و... هتد).

٣. سەرجەم یادەوەریەکان، خۆش و ناخۆش.

٤. بەها و بیروبڕواکان.

جێگای گرنیگیدانە کە تاکە جێبەجێکاری هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە ئەقڵی ئاگایە، تەنیا ڕێگە و دەروازەی نائاگاهی بۆ جیهانی دەرەوە ئاگاهیە. دەبێت ئێمەی مرۆڤ بەرامبەر بەو شتانەی دەچنە ئاگاهیمانەوە زۆر هەستیار بین کە ڕاست و دروست بن، چونکە هەموو بیرێك کە ئەقڵی ئاگا وەری دەگرێت دەچێتە ئەقڵی پەنهانەوە و تیایدا جێگیر دەبێت... ئەگەر کەسێك لەئێمە خراپەیەکی بینی یان بیست یاخود هەستی پێکرد ئەوا داناییە بیگۆڕێت، ئەگەر بەدەست نەیتوانی بەزمان، ئەگەر نا ئەوا بەدڵ پێی ناخۆش بێت بۆئەوەی ئەقڵی ئاگا بەلایەوە گونجاو نەبێ و قەبوڵی بکات و لەدوایشدا نائاگاهی بەو ئیعتیبارەی کە مەسەلەیەکی قەبوڵ کراوە وەری بگرێت. نائاگاهی هیچ مشتومڕ و گفتوگۆیەك لەسەر ئەو زانیاریانە ناکات کە لەئەقڵی ئاگاوە پێیدەگات، بەڵگەش ئەوەیە کە کردنی هەر خراپەیەك خاڵێکی ڕەش لەنائاگاهیدا دروستدەکات، گەر خراپەکانیش چەندبارەبوونەوە ئەو کاتە خاڵە ڕەشەکان لەنائاگاهی (أخفى)دا دووبارە دەبنەوە تاکو تەواو ڕەش دەبێت و ئیدی حەلاڵ حەلاڵ ناکات و حەرامیش بەحەرام نازانێت، ئەمەش (وەك گوتمان) لەبەرئەوەیە کە ئەقڵی پەنهان جیاکاری ناکات لەنێوان زانیاریە گەیشتوەکان لەئاگاهیەوە.

ڕەنگە خوێنەر بپرسێت: بەڵگەی هەبوونی ئەم ئەقڵی پەنهانە لەژیانی ڕۆژانەدا چییە؟

**بەڵگەی زۆر لەسەر بوونی ئەقڵی پەنهان هەن، لەوانە:**

١. ترسە شازەکان: زۆر کەسی بچوك و گەورەش هەن لە شتێکی دیاریکراو دەترسن کە شایستەی لێ ترسان نیە، وەك ترس لە تاریکی و شوێنی بەرز و داخراو و پشیلە و مشك و هەندێك ئاژەڵی ماڵی و گۆڕستان و لەوجۆرە... ناتوانین لەسەر ئاستی ئەقڵی ئاگا (العقل الواعي) ڕاڤە و پاساوێکیان بۆ بهێنینەوە. گەر کەسێك لەوانە هۆکاری ترسی خۆیی لەتاریکی بۆ شیکردینەوە، ئەو شیکاریەشی دیسان پێویستی بەڕاڤە و شیکردنەوەی زیاتر هەیە. زۆرجار دەڵێت: نازانم، بەڵام کەلەتاریکیدا دەبم زۆر بێتاقەت دەبم.

٢. لەدەم دەرچوونی وتەیەك: مەبەستمان ئەو وشانەن کە بەبێ ویستی خۆمان دەیانڵێین، وەك ئەوەی کەسێك بەئیشێکی بەرامبەرەکەی دەڵێت: دەستخۆش (ئیشێکی) چاکت کرد، مەبەستی ئەوەیە ئیشێك یان کارێکی چاکی کردووە. لەکاتی دەرکەوتنی نمونەی ئەم لەدەم دەرچوونانە بگۆکەی پۆزش دێنێتەوە و دەڵێت کە مەبەستم ئەوە نەبووە قسەیەکی وەها بکەم. ئەی ئاخۆ کێ و چی بۆ گوتنی ئەو جۆرە قسەیە پاڵی بەکەسەکەوە ناوە؟ بێگومان نائاگاهی ویستی ئەو ئارەزووە کپکراوانەی دەرببڕێت کە خەزنی کردووە، بۆ ئەمەش هێوربوونەوەی ئاگایی بۆ دەرچوون بەدەرفەت زانیوە.

٣. لەبیرچوونەوە: ئێمەی مرۆڤ هەموانمان زۆرجار شتەکانمان بیردەچێتەوە، بەڵام ئایا بۆچی لەبیریان دەکەین؟ ئایا هەموو شتێکمان لەبیردەچێتەوە؟ لێرەدا تەنها ئەوەندە دەڵێین کە هۆکارەکانی لەبیرچوونەوە زۆرن لەوانە هیلاکی و ماندووبوون، جگە لەوانەش چونکە هەندێجار شتەکان لەوپەڕی پشوو و ئارامیشدا هەر لەیاددەکەین؟! ئاخۆ ئەمەیان بۆ؟ بێگومان لەیادکردن لەم

هەڵۆیستانە و هاوشێوەکانیاندا لەبیرچوونەوەی ئەوەیە کە ڕقمان لێیەتی یاخود هەست دەکەین دەبنە هۆکاری ئازار پێبەخشینمان.

نائاگاهی ئەوانەمان لەبیردەباتەوە، ئەمەش پێداگریەتی لەسەر بەدوورخستنی ئازار لێمان و هێنان و دەستخستنی پشوو و خۆشی، بەڵام بەشێوازێکی تایبەتی خۆی کە تاڕادەیەك لەلۆژێکی منداڵ دەچێت لەبەرەنگاربوونەوەی ناڕەحەتیەکاندا.

٤. ونکردنی شتەکان: ونکردنی شتەکان مەسەلەیەکە توشی هەموومان دێت، بەڵام تەنها ئەو شتانە لەدەست دەدەین کە ڕەنگە زۆرگران بن، بەهۆی ماندویەتیمانەوە؟ یاخود لەوانەیە هەندێجار لەوپەڕی پلەی پشوو و ئارامیدا لەدەستیان بدەین؟ ئەگەر ئەوە ڕوویدا کێ بەرپرسە، ئەقڵی ئاگا یاخود ئەقڵی پەنهان؟

ئایا بووە ڕۆژێك لەڕۆژان کەسێکمان جێگای لێوەستاندنی ئۆتۆمبێلەکەیی لەبیرچووبێتەوە؟ ئایا ونکردنی جێگای لێوەستاندنەکە بەهۆی ئەوەوە بووە کە ئۆتۆمبێلێکی جوان و نایاب بووە یاخود بێزارکاربووە و زۆرجار لەکار کەوتووە؟ ڕای زۆرینە ئەوەیە کە جێگای ئەو ئۆتۆمبێلە لەبیردەکەین کاتێك ماندووکار دەبێت و دەبێتە سەرچاوەی بێزاری و ناڕەحەتی. لەوکاتەدا نائاگاهی دەخوازێت خۆشحاڵمان بکات، بەڵام جارێکی دیکەش دەڵێین بەشێواز و ڕێگەی تایبەتی خۆی.

٥. کردارە بەڕێکەوتەکان: وەك ئەوەی کەسێك سیویچی ئۆتۆمبێلەکەی بۆ کردنەوەی قوفڵی دەرگایماڵەوە بەکاردێنێت... نائاگاهی کاردەکات، چونکە دەبینین لەوساتەدا مەیلی لەماڵەوە مانەوە دەکەین زیاتر لەچوونە دەرەوەمان.

٦. خەون بینین: زۆرجار خەون بینین دەربڕی ئارەزووە کپکراوەکان یان ئاواتە بەدەست نەهاتووەکانە، یاخود ترسەکان کەزۆرجار نائاگاهی بەهێما خەزنیان دەکات.

نائاگاهی دەتوانێت ئەو ئازارانە هەست پێبکات کە ئەقڵی ئاگا دەرکیان ناکات، ئەوەش چونکە دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ هەستە کەم و لاوازەکانیش بکات. نمونەی ئەو هەستانە کۆدەکاتەوە و هەندێجار بەشێوەی خەون پێکیان دەهێنێت بەپێشبینی کردنی نەخۆشی و هەندێجاری دیکەش ئەوەی نائاگاهی هەستی پێکردووە و باوەڕی پێکردووە، باوەڕی پێدەکات و نەخۆشیەکە دەردەکەوێت...

## فەرمانەکانی نائاگاهی:

ئەقڵی پەنهان (نائاگاهی) پێنج فەرمانی سەرەکی هەیە، ئەوانیش:

١. خەزنکردنی زانیاری و یادەوەریەکان، نائاگاهی ئەزموونەکانی مرۆڤ خەزن دەکات ئەوەی بینیویەتی و بیستویەتی و چەشتویەتی و بۆن و هەستی پێکردووە. بۆیە وێنە و شێوە و ڕەنگەکان و دووریەکان و قەبارەکان و جێگاکان و جوڵەکانی تێدایە و دەنگەکانیش خەزن دەکات بەسروشت و توندی خۆیانەوە، هەروەها هەستەکانیش وەك گەرمی و ساردی و نەرمونیانی و زبری و ڕەقی.

٢. نائاگاهی قەڵای هەست و سۆزەکانە، هەر ئەویش مەیل و ئارەزووەکان ئاڕاستە دەکات.

٣. نائاگاهی کردارە خۆنەویستەکان ڕێکدەخات وەك هەناسەدان و لێدانی دڵ و سوڕی خوێن و پلەی گەرمی جەستە و هەرسکردن و ئارەق دەردان و ئەشك ڕشتن.

٤. نائاگاهی بەندیخانەی عادەتەکانە جا باش بن یان خراپ، هەروەها شوێنگەی شارەزایی و لێهاتوویەکانە کە مرۆڤ بەدەستیاندێنێ، وەك نووسین و شۆفێری ئۆتۆمبێل و دروستکردنی خۆراك و دارتاشی و سەرجەم شارەزایی و لێهاتوویەکان.

٥. نائاگاهی دەست دەگرێت بەسەر وزەی جەستەیی و دەروونیدا.

## چۆن نائاگاهی کاردەکات؟

١. نائاگاهی بەپێی ڕێسای بڕواییەکان کاردەکات، بەو مانایە کە هەموو ئەو بیرانەی لەئەقڵی ئاگاوە بۆی دەنێردرێت قەبوڵی دەکات، بەبێ هیچ وتوویژ و گفتوگۆ لەسەر کردنێك بڕوای پێدەکات و وەریدەگرێت. ئەگەر بڕوا

بەڕاستی و دروستێتی هەر بیرۆکەیەك بکەین، ئەگەرچی ئەفسانەش بێت بەڵام نائاگاهی هەر وەك بڕوایەکی باوەڕپێکراو قەبوڵی دەکات... مێژووی مرۆڤایەتی پڕیەتی لەو نەتەوە و گەلانەی بەردیان پەرستووە و بڕواشیان وەهابووە کە سود و زیانیان پێدەگەیەنێت، ئەو بڕوایە لەنائاگاهیدا و بەهۆی ئاماژەگەلێکەوە کە لەئەقڵی ئاگاوە پێیدەگات دەخولقێت... خەڵکانێکی زۆر بڕوایان وەهابووە ئەوان چاکسازن کەچی ڕەفتاریان بەڵگە خراپەکاریان بووە. ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ قَالُواْ إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ أَلا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ وَلَـكِن لاَّ يَشْعُرُونَ﴾ البقرة/ ١١-١٢، واتە: (ئەوانە کاتێك پێیان دەگوترێت تۆوی گوناهو تاوان و خراپەکاری مەچێنن لەزەویدا، دەڵێن بەڕاستی ئێمە تەنها چاکسازی دەکەین! ئاگاداربن، کە بەڕاستی هەر ئەوانە تۆوی خراپە دەچێنن بەڵام هەستی پێناکەن و(خۆیانی لێ گێل دەکەن)).

٢. کاری نائاگاهی ڕەفتارەکانی ئێمەیە. هەر ڕەفتارێك وەڵامدانەوەی نائاگاهیە بۆ ئەو بیرانەی لەئەقڵی ئاگاوە پێی دەدرێت، ئەمەش مانای وایە ڕێککاری ڕەفتار پێویستی بەڕێککاری و چاکسازی ئەو بیرانە هەیە کە ئاگاهیمان دەیداتە نائاگاهی (ئەقڵی پەنهان). هەربۆیە گۆڕانکاری دەرەکی (ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە) پەیوەستە بەو بیرو بیرکردنەوانەی کە نائاگاهی هەریەکەیان هەڵیدەگرێت، ئەوەش سەلمێنەری ڕاستێتی ئەو وتەیەی پەروەردگارە کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللّـهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾الرعد/١١، واتە: (بێگومان خوا بارودۆخی هیچ گەل و نەتەوەیەك ناگۆڕێت هەتا ئەوان ئەوەی بەخۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن).

لەبەر ئەم هۆیە ناکرێت ڕێ بەئەقڵی ئاگامان بدەین بیر و بیرکردنەوە هەڵەکان قەبوڵ بکات، چونکە هەر ئەوەی کەوەریگرت، ڕاستەوخۆ لەلایەن ئاگاهیەوە وەرگیراو و قەبوڵکراوە و کاردانەوەی ئەوەش دەرکردنی ڕەفتارگەلێکی هەمئاهەنگە بەو بیرانە...

بەڵێ، کاتێك بیرە سەلبیەکان دەست بەسەر ئەقڵی ئاگادا دەگرن ئیدی ئەو ڕەفتارەی نائاگاهی دەریدەکات پێ بەپێی ئەوە دەڕوات، چونکە لەهەگبەی نائاگاهیدا شتێکی تێدانیە بتوانێت جیاوازی بکات لەنێوان حەڵاڵ و حەرام ، هەڵە و ڕاستدا.

بەڕاستی جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو کەسەی سەرپێچیەك دەکات و بڕوای وەهایە کە کارەکەی سەرپێچیە، لەگەڵ ئەوکەسەی دەیکات و بڕوای وەهایە سەرپێچی ناکات. یەکەمیان ڕاستە سەرپێچیکارە بەڵام دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر چاکەکردن و باشبوون زۆر ئاسانتر لەوانەی دیکە کە دڵیان چڵك و ژەنگی گوناه دایگرتووە... وەك لەئایەتەکەدا هاتووە: ﴿كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ المطففين/١٤، واتە: (نەخێر، وانیە (ئەو نەفامانە تێناگەن و داناچڵەکن) بەڵکو دڵیان ژەنگی هێناوە و چڵکی گوناه دایپۆشیوە لەسەرەنجامی ئەو کار و کردەوانەی کە دەیانکرد)...

٤. وەڵامدانەوەی نائاگاهی زۆر خێرایە بۆ ئەو بیرانەی لەئەقڵی ئاگادا هەن، بەتایبەت لەلای منداڵ و هەرزەکاران و ئەو کەسانەی ئەزموونی ژیانان کەمە.

٥. نائاگاهی مامەڵەی ئەقڵانی لەگەڵ ئەو پەیام و بیرۆکانەدا ناکات کە لەئەقڵی ئاگاوە پێیدەگات و ئەقڵیانەش حوکمیان بەسەردا نادات، چونکە ئەقڵی ئاگا حوکمی بەسەردا داوە. بۆیە ئەگەر ئەقڵی ئاگا هەڵەبوونەکەیی ئاشکرا نەکردبێت نائاگاهی ناتوانێت ئاشکرای بکات، بەڵکو وەك خۆی باوەڕی پێدەکات، تەنانەت گەر ناڕاست و ئەفسانەش بێت.

## جیاوازی نێوان ئاگاهی و نائاگاهی؟

هەندێك لەجیاوازیەکان لەم خشتەیەدا دەرخراوە:

| نائاگاهی (ئەقڵی پەنهان) | ئاگاهی (ئەقڵی ئاگا) |
|---|---|
| توانای وەرگرتنی زۆر گەورەیە | ژمارەی بیرۆکەکان=٧±٢ |
| هاوکاتە | یەك بەدواییەك |
| پێکبەستراو | لۆژیکی |
| دەزانێ بۆچی | دەپرسێ بۆچی |
| هەستدەکات | بیردەکاتەوە |
| دەنوێت و خەو دەبینێت | بێداردەبێتەوە و بێداردەکاتەوە |
| دەست بەسەر جوڵە خۆنەویستەکاندا دەگرێت | دەست بەسەر جوڵە خۆویستەکاندا دەگرێت |
| خەزنکاری هەموو زانیاریەکانە | ئاگاداری ئێستایە |
| چارەکان دەزانێت | هەوڵدەدات لەگرفتەکان تێبگات |
| ئەنجام بەدەست دێنێ | ئەنجام دیاری دەکات |
| پێکهاتەییە | شیکاریە |
| دەربڕینی بە جەستە و بەرزونزمی دەنگە | دەربڕینی بە وشەیە |
| بێسنورە | تەرکیزی سنورداره |
| فێربوونی بەئەزموونە | فێربوونی مەعریفیە |

کەواتە ئەگەر دەروونی مرۆیی بەوجۆرە ئاڵۆزە نەبوایە شیاوی ئەوە نەبوو نیوەی ئایەتەکانی پەروەردگار پێك بهێنێت، بەڵام ئەم ئاڵۆزیە مانای وەهانیە تێگەیشتنی ئەستەم و زۆرگرانە... ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم دەروونە سوونەت و ڕێساگەلێك دەستی بەسەردا دەگرێت، هەر کەس بیانزانێت مامەڵەکردنی لەگەڵیدا ئاسان دەکات.

نەزانینی ئەو سوونەتانە هۆکاری پشت ئەو جیاوازی و ناکۆکیەیە کەلەنێوان موسا پێغەمبەر (سەلامی خوا لێبێت) لەگەڵ بەندە چاکەکەدا ڕوودەدات، بەندە چاکەکە هەر لەسەرەتاوە دەزانێت موسا پێغەمبەر (سەلامی خوا لێبێت) ناتوانێت ئارام بگرێت لەسەر شتێك کە ماهیەتەکەی نازانێت. زانستی نوێ ئەو ڕاستیەی سەلماندووە بەزیادبوونی پانتایی نادیار لای مرۆڤ دڵەڕاوکێی زیاددەکات... ئەوەیە کە بەندە چاکەکە دەری دەبڕێت کاتێك بەموسا (سەلامی خوا لێبێت) دەڵێت: ﴿وَكَيْفَ تَصْبِرُ عَلَى مَا لَمْ تُحِطْ بِهِ خُبْرًا﴾ الكهف/ ٦٨، واتە: ( جا چۆن خۆگر دەبیت لەبەرامبەر شتێکەوە کە هەواڵت لێی نیە و ئەمسەر و ئەوسەری نازانیت). هەروەك ئەوەی بیەوێت بەموسا (سەلامی خوا لێبێت) بڵێت: ئەوەی زیاتر بزانێت زیاتر ئارامگر و خۆگر دەبێت، ئەوەی پتر زانیاری لەسەر شتەکان هەبێت پتر ئارام دەگرێت، ئەوەی زێدەتر لە مەسەلەیەك تێبگات زێدەتر خۆگردەبێت، بەپێچەوانەشەوە پانتایی ئارامگرتن لەگەڵ کەمیی زانست و ئەزموونداً تەسك دەبێتەوە.

## پەیامە ئاڕاستەکراوەکان بۆ نائاگاهی:

زانیمان ئەقڵی پەنهان یاخود نائاگاهی بەهۆی ئەقڵی ئاگاوە بەرنامەڕێژ دەبێت، توانستێکی گەورەی وەرگرتن و ئەمبارکردنی زانیاریەکانی هەیە و کاریگەری تەواویشی لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ هەیە. ئەو پەیامانەی لە ئاگاهیەوە

پێیدەگات بەبێ مشتومڕ وەریاندەگرێت و کاریان پێدەکات، بۆیە دەبێت مرۆڤ زۆر ئاگاداری جۆری ئەو پەیامانەبێت کە لەئاگاهیەوە بەرەو نائاگاهی ڕەوانەیان دەکات، سەرجەمیان پەیامی ئیجابی بن. دەبێت لەئاستێکی بەرزدا لەگەڵ خۆی بدوێت و وتەگەلێك بەخۆی (نائاگاهی) بڵێت تێکشکێنەر نەبن بەڵکو بونیاتنەر و هاندەربن بۆ کار و چالاکی و ڕێزلەخۆگرتن و بەرزڕاگرتنی خود. دکتۆر صلاح ڕاشید دەڵێت: "نمونەی ئەقڵی پەنهان وەك ئاریاڵێك وەهایە، ئارەزووەکانی نێویشی وەك ڕسیڤەرێك (وەگری شەپۆلەکان)، تۆ بەنائاگاهی و ئارەزووە ناوەکیەکانت شت و ڕووداوە ئیجابی و سەلبیەکان لەدەورووبەرتەوە بۆ خۆت کێش دەکەیت، دروست وەك ئاریاڵ کە سەدان دەنگ و وێنە لەسەربانی خانووەکەتەوە وەردەگرێت!!".

گرنگە لەبەکارهێنانی دەستەواژەکاندا ورد و هەستیار بین، دووربکەوینەوە لەدەربڕینی نمونەی (من ناتوانم، من هیچ بەدەست ناهێنم، کەس خۆشی ناوێم، کارەکان خراپتر دەبن، کارەساتێك ڕوودەدات...) لەهەموو ئەم دەستەواژانە نەهی کراوە و داوا لەباوەڕدار کراوە هەمیشە گەشبین بێت بەخێر و باشە، وەك ئەوەی پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: ﴿تفاءلوا بالخير تجدوه﴾. گوتراوە ئەگەر بەخۆتت گوت کەسێکی سەرکەوتویت یان فاشیلی، بەهەردوو بارەکەدا هەر ڕاست دەکەیت چونکە دروست وەك ئەوە دەردەچێت کە بەخۆتی دەڵێیت، ئەوەش بەهۆی کاریگەری نائاگاهیەوە لەسەر پێشهاتەکان لەلایەك و کارکردن و گرتنەبەری هۆکاری گونجاو و هاوتا لەگەڵ بیرکردنەوەکەدا بۆ گەیشتن بەخواستەکان لەلایەکی دیکەوە.

لەفەرمودەیەکی قودسیشدا هاتووە: ﴿من لەگەڵ گومانی باشی بەندەکەمدام...﴾، ئەمەش چونکە بوونی گومانی باش بەخوای گەورە وزە جەم دەکات و هانی ئەقڵی ئاگا دەدات دروست بیربکاتەوە و لە نائاگاهیشەوە (أخفى) گەورەترین وزە دەردەچێت کە وەها لە بەندە دەکات توانستێکی زیاتری هەبێت لەگەیشتن بەچارەسەرە دروست و گونجاوەکانەوە.

**سەرچاوە/**

*بابەتی (الأخفى والسلوك) لەنووسینی (د.میسرة طاهر- أستاذ علم النفس في جامعة الملك عبدالعزيز) لەگۆڤاری (الإعجاز العلمي- العدد التاسع، صفر ١٤٢٢ه)

*لەگەڵ سود وەرگرتن لە پێگەی (www.nlpnote.com).

*ڕاڤەی ئایەتەکان لە (تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان- نووسینی: بورهان محمد أمین) وەرگیراوە.

* * * * *



بسم الله الرحمن الرحيم

صاحب الإمتياز:
نشأة غفور سعيد
رئيس التحرير:
مريوان أحمد رشيد
الهيئة الإستشارية:
فاروق رسول يحيى
جلال حمه صالح البوسكاني
شمال عبدالرحمن المفتي
د. كاوه فرج سعدون
جمال محمد أمين
خالد حسن علي

سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ
2000 1421
KCSS (Q&S)
ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەت دا

# هەيڤ

مجلة علمية فصلية يصدرها:
﴿مركز كردستان للإعجاز العلمي في القرآن و السنة﴾
العدد (الحادى عشر) / السنة (الثالثة) / ١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧م
العنوان: العراق / السليمانية - شارع (الجمعية) - قرب مسجد مولوى
عنوان المجلة على الإنترنت: www.haiv.eijazizansti.org
البريد الإلكتروني: haiv@eijazizansti.org
موقع (مركز كردستان للإعجاز العلمي) على شبكة الإنترنت: www.eijazizansti.org

# فهرست المواضيع العربية

* خاطرة : أمة اقرأ ...لاتقرأ ............................... ٦٧
* الأية فى الأعجاز القرأنى ................................... ٦٩
* ندوتنا .......................................................... ٧٣
* مركز جديد للأعجاز العلمى................................. ٧٨
* من الثقافة القرأنية أخترنا لك ............................... ٧٩
* كتاب العدد..................................................... ٨٣

مواضيع المجلة تعبر عن أراء أصحابها ولا تعبر بالضرورة عن رأى المجلة

خاطرة



# أمة إقرأ... لا تقرأ

بقلم صاحب الإمتياز

كان الأجدر بأصحاب الحملة الوطنية الشاملة لمحو الأمية منذ عقود خلت أن يرفعوا شعار: " إقرأ بإسم ربك الذي خلق.." والتجربة العملية الاولى التي طبقها المصطفى(ﷺ) مع أسرى بدر: تعليم عشرة من المسلمين القراءة والكتابة، لقاء فدائهم من الأسر.

وبعد استتباب الأمر في الدولة الإسلامية- في عهد الفاروق عمر (رضي الله عنه) كان رجال التربية والتعليم يقفون على السكك - رؤوس الطرق ومقاطعها- يمتحنون الناس في القراءة والكتابة.. حتى أصبح المجتمع الإسلامي رائدا في القراءة .. رائدا في التأليف.. رائدا في الحضارة والمدنية والتقدم. وأصبحت المكتبات الخاصة والعامة أساسا للعلم والتعليم والتعلم، و ألف كبار العلماء كتبا منهجية مبتكرة في المكتبات وتصنيفها وتنظيم حياة العاملين وأرزاقهم فيها.. وظهر في الحقل الثقافي الإسلامي أمثال الامام الغزالي والجاحظ والمترجمون من جميع الثقافات الى اللغة العربية، حتى أن ( جيمس بيكون) يشيد بتلك المؤلفات والترجمات و يعتبرها أساسا متينا للحضارة الغربية المعاصرة.

وجاء الظلام وأسدل الليل سدوله.. ووقفت عجلة الحضارة الإسلامية - لا بل أوقفت - في القراءة والتعليم .. حتى أصبح الجهل علامة ثابتة للمجتمعات الإسلامية، و اصبح العلم نشازا.. مما حدا بالشاعر الرصافي أن يقول:

يقولون في الإسلام ظلما بأنه
يصد ذوويه عن طريق التقدم
فإن كان ذا حقا فكيف تقدمت
أوائله في عهده المتقدم
و إن كان ذنب المسلم اليوم جهله
فماذا على الإسلام من جهل مسلم

* * *

من دواعي الفخر والإعتزاز أن أول كلمة هبطت من القرآن الكريم على قلب المصطفى(ﷺ) كانت كلمة ( إقرأ) والقراءة - حسب المنهج التربوي الإسلامي- تكون بأسم الله.. والقراءة التي لاتبدأ باسم الله تكون وبالا ودمارا وخرابا على الإنسان و حضارته.. لأن الحضارة لابد من أن تبدأ بـ (اسم الله).. والإنسان يتقدم في مضامير المعرفة والتعليم باسم الله.. "إقرأ باسم ربك الذي خلق. خلق الإنسان من علق. إقرأ وربك الأكرم. الذي علم بالقلم. علم الإنسان مالم يعلم".

هكذا مكانت البداية:

إقرأ .. الإنسان .. العلم .. القلم.. وباسم الله وهكذا الطريق.. "فسئل الذين يقرؤون الكتاب من قبلك". السؤال.. الجواب.. الدراسات السابقة .. المنهج العلمي ومع الكتاب المنير: " فاقرأوا ما تيسر من القرآن " المزمل/٢٠ ، ومع الحياة اليومية: " إقرأ كتابك كفى بنفسك اليوم عليك حسيبا" الاسراء/١٤، و بعد الفوز بالجنة: " فمن أوتي كتابه بيمينه فأولئك يقرؤون

كتابهم" الاسراء ٧١، وبعد إعلان نتائج القبول وعلى رؤوس الأشهاد: " هاؤم إقرأوا كتابية" الحاقة/١٩، وفي حجية القرآن والقراءة يقال لأهل القرآن: " إقرأ وأرتق كما كنت تقرأ في الدنيا".

القراءة .. القراءة...

الكتاب ... الكتاب...

ومع مزيد الأسى و الأسف.. فقد أختفيا من حياة المسلمين، إلا لتزيين الديكورات خلف المكاتب ورفوف المكتبات.. وأبسط إحصائيات الأمية- بمفهومها القديم- و التخلف المعرفي و نتائج التقسيم الثقافي تؤكد أن: " أمة إقرأ لا تقرأ"!!

